نامیلکەی:

# سروشت، وەک یار و نەیار

## (بژاردەیەک وتار و چاوپێکەوتن)



**سلاڤۆی ژیژەک**

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: شاڵاو یاسین

# درزەکە لە کوێدایە؟

## 1

### مارکس، لاکان، سەرمایەداری و ئیکۆلۆژیا

کاتێک دەیەیەک پێش ئێستا، پرسی ئیکۆلۆژیا وەک پرسێکی گرنگی تیۆری و پراکتیکی هاتە بەرباس، ئەو کات زۆرێک لە مارکسیستەکان(هەروەها ڕەخنەگرانی مارکسیزمیش) پێیان وابوو کە سروشت- وردتر دۆخی ئۆنتۆلۆژیای سروشت- تاکە بابەتێکە تێیدا خامترین ماتریاڵیزمی دیالەکتیک ئیمتیاز و بەرژەوەندیی بە سەر مارکیسزمی ڕۆژئاوادا هەیە. واتە ماتریاڵیزمی دیالەکتیک ڕێگەمان پێدەدات مرۆڤایەتی وەک بەشێکی دانەبڕاو لە سروشتدا ببینین، ئەمە لە کاتێکدا مارکسیزمی

---

1

process of metabolism[1]: میتابۆڵیزم کارلێکگەلێکی کیمیاییە لە خانەکانی جەستەی مرۆڤدا کە وەزیفەی لە خانەکاند ابریتیە لە گۆڕانی خۆراک بۆ ووزە. جەستەمان پێویستی بەم ووزەیە هەیە بۆ ئەنجامدانی هەرشتێک، هەر لە جوڵە و بیرکردنەوە و گەورەبوون پێویستی بەم وزەیە هەیە. پرۆتینە تایبەتەکان لە جەستەدا کۆنترۆڵی کارلێکە کیمیاییەکانی میتابۆڵیزم دەکەن. دوو پۆل لە میتابۆڵیزیم هەن، یەکەم کاتابۆڵیزم بریتیە لە تێکچوونی مادە ئۆرگانیەکان، ئانابۆڵیزمیش ووزە بەکاردەهێنێت بۆ دروستکردنی پێکهاتەی خانەکان وەک پرۆتین و ترشە ناوەکیەکان. و.ک.

Kohei Saito’s Karl Marx’s Ecosocialism[1]: نوسەرێکی گەنجی یابانیە، ئەم کتێبەی کە لە ژێر ناونیشانی ئیکۆ-سۆسیالیزمی مارکس نوسیەوە، بە کورتی، پێی وایە هەرچەند مارکس لە ڕاستیدا قەیرانی ژینگەیی لە سەرمایەداریدا بینیوە و درکی پێکردووە بەڵام تۆمەتباریشی دەکات بەوەی کەموکوڕی ئیکۆلۆژی هەبووە، تەنانەت دەڵێت مومکینە بتوانرێت تەواوی پانتایی ڕەخنەی مارکس لە ئابوری سیاسی ببینین/تێبگەین، گەر ڕەهەندی ئیکۆلۆژیەکەی پشتگوێ بخرێت...و.ک.

ڕۆژئاوا دیالەکتیکی سۆسیۆ-مێژوویی وەک کۆتا ئاسۆی سەرچاوەی فیکر و مەعریفە دەزانێت، ئەم مارکسیزمە وەک لۆکاچ دەڵێت سروشت کورت دەکاتەوە بۆ باگراوەندی پرۆسە مێژووییەکان، یان سروشت وەک کاتیگۆریەکی مێژوویی کورت و پووخت دەکاتەوە. کتێبی (ئیکۆ-سۆسیالیزمی کارل مارکس)ی کۆهی سەیتۆ[1] بریتیە لە نوێترین تەقەلای گونجاو بۆ گێڕانەوەی هاوسەنگی سروشت، بەجۆریکی دی گێڕانەوەی بیرکردنەوە لە پێکەوەنوساندن و دەرگیرکردنی مرۆڤایەتی لە گەڵ سروشتدا، هاوسەنگی و بیرکردنەوەیەک بەبێ ئەوەی پاشەکشە بە ئۆنتۆلۆژیای گشتی دیالەکتیک-ماتریالیست بکات.

بەو پێیەی سەرچاو(مەرجەع)ی سەرەکی فەلسەفەی مارکسیزمیی خۆرئاوا بریتیە لە هیگڵ، سەیر نیە کە سەیتۆ بە شێوەیەکی توند و شەڕەنگێزانە میراتی هیگڵی ڕەتبکاتەوە. لە ڕاستیدا خاڵی دەستپێکی ئەو سروشت نیە وەک خۆی، بەڵکو ڕۆڵی مرۆڤە وەک پرۆسەی میتابۆلیزمی نێوان مرۆڤایەتی لە لایەک(وەک بەشێک لە سروشت) هەروەها دەوروبەرە سروشتیەکانی لە لایەکی دیەوە، بێگومان ئەم پرۆسەیەش بەشێکە لە میتابۆلیزمی گشتگیر لە ناو خودی سروشت و (ئاڵوگۆڕی مادە)دا.

کار لە بنەڕەتیترین ئاستیدا، بریتیە لە پرۆسەیەکی ماددیی ئاڵوگۆڕ کە ئینسانیەت لە سیاقێکی زۆر فراونتری پرۆسەی سروشتیدا دادەنێت و، بەم پێیەش ناتوانرێت لە هیچ فۆرمێکی خود-نێوەندگیریی هیگڵی کورتبکرێتەوە.. دەرەکییبوونی سروشت ناتوانرێت کورت یان سادە بکرێتەوە. ئەم خاڵە بە ڕواڵەت ئەبستراکتە دەرئەنجامی گرنگ و چانووسسازی هەیە بۆ چۆنیەتی مامەڵکرنمان لە گەڵ دۆخە سەختە ئیکۆلۆژیەکەمان. سەیتۆ ڕیشەی قەیرانی ئیکۆلۆژی لە درزەکانی نێوان

پرۆسەی میتابۆڵیزمی ماددیی ژیانمان و لۆژیکی سەربەخۆیی بەرهەمهێنانەوەی سەرمایە دەبینێت، کە مەترسی لە سەر ئەم میتابۆڵیزمە دروستدەکات. لە درێژەی کتێبەکەدا، سایتۆ دان بەوەدا دەنێت کە پێشتر درزەکان هەر هەبوون:

"ئامەژەش بەوە دەکات کە، سەرەڕای دەرکەوتنی لە مێژینەی بەردەوامی **بەرهەمهێنان** لە کۆمەڵگاکانی پێش سەرمایەداریدا، هەمیشە گرژیەکی دیاریکراو لە نێوان سروشت و مرۆڤدا هەبووە. سەرمایەداری بە تەنیا کێشەی بە بیابوون دروست ناکات لە نەبوونەوە[2]، بەڵکو هاودژی و ناکۆکی بان-مێژوویی دەگۆڕێت و قوڵتر دەکاتەوە ئەویش بە ڕێکخستنەوەی ڕیشەیی میتابۆڵیزمی گشتگیری **سروشت**، لە ڕوانگەی بەهادانانی سەرمایە".

لە گەڵ ئەوەشدا پلان و ڕێکخستنی گشتی وەک پلانێکی پێشکەوتوویی هێڵئاسا لە ناو نامۆبووندا دەمێنێتەوە. هەر بۆیەش مارکس لە سالانی کۆتایی تەمەنیدا زیاتر گرنگی بە "مەیلێکی سۆسیالیستی نائاگا"یی دەدا، بە جۆرێک لە پاشماوەی فۆرمە پێش-کاپیتاڵیستەکانیی ژیانی کۆمەلایەتیدا، پێشبینی ئەوەی دەکرد کە ئەم پاشماوانە دەتوانن ڕاستوخۆ بۆ کۆمەڵگەیەکی پاش-کاپیتاڵیستی تێپەڕن. بۆ نمونە، لە نامە بەناوبانگەکەیدا کە بۆ ڤێرا زاسولیچ دەینێرێت، مارکس یاری بەم ئایدیایە دەکات و پێی وایە، کۆمۆنەی گوندەکانی ڕوسیا ڕەنگە بتوانن وەک شوێنی بەرخۆدان لە دژی سەرمایە بجەنگن، بەبێ ئەوەی بە ناو سەرمایەداریدا تێپەڕن سۆسیالیزم دامەزرێنن. لە شێوازی ژیانی پێش سەرمایەداری پەیوەندیە دۆستانە و گەرموگوڕەکانی مرۆڤ لە گەڵ زەویدا زیاتر دەپارێزران. بە درێژایی ئەم هێلانە، ناونیشانی نەسکی یەکەمی کتێبەکەی سایتۆ- کە بریتیە لە، نامۆبوونی سروشت

[2] ex nihilo

وەک هۆکاری سەرهەڵدانی سەردەمی مۆدێرن- بە ڕوونی شوێنی "درز"ی لە ناو مۆدێرنیتەی سەرمایەداریدا دیاری دەکات:" پاش هەڵوەشاندنەوەی مێژوویی یەکێتی ڕەسەنی نێوان مرۆڤ و زەوی، بەرهەمهێنان تەنها دەتوانێت پەیوەندی بە هەلومەرجی بەرهەمهێنانەوە وەک موڵکایەتیەکی نامۆ هەبێت". وە پێشبینی دەکرێت پرۆژەی کۆمۆنیستی مارکس ئەو درزە چارەسەر بکات:

*"گەر مرۆڤ لە بێگانەبوونی لە کۆمەڵگەی سەرمایەداریدا وەک هەڵووەشاندنەوەی یەکێتی ڕەسەنی مرۆڤەکان لە گەڵ زەوی تێبگات، ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە پرۆژەی کۆمۆنیستی مارکس بەردەوام ئامانجی نۆژەنکردنەوەی هۆشیاری یەکێتی نێوان مرۆڤ و سروشت بووە".*

زەمینەی کۆتایی ئەم درزە ئەوەیە کە، لە سەرمایەداریدا، پرۆسەی کار خزمەت بە پێداویستیەکانمان ناکات، بەڵکو ئامانجی فراوانکردنی خودی بەرهەمهێنانەوەی سەرمایەیە، سا بەبێ گوێدانە ئەو زیانانەی کە بە ژینگەکەمان دەگەیەنێت. بەرهەمەکان هەر ئەوەندە هەژمار دەکرێت کە بەهایان بۆ دانراوە، بەڵام دەرئەنجامەکانی بۆ سەر ژینگە و دەوروبەر بە ڕاستی هەرگیز هەژمار ناکرێت. بەم شێوەیە میتابۆلیزمی ڕاستەقینەی پرۆسەی ژیانمان ملکەچ و ژێردەستەی "**ژیان**"ی دەستکردی بەرهەمهێنانەوەی سەرمایەیە. لە ڕاستیشدا درزێک لە نێوان ئەم دوو ژیانەدا هەیە و، ئامانجی کۆتایی شۆڕشی کۆمۆنیستی لە بنەڕەتدا بریتیە نیە لە هەڵوەشاندنەوەی چەوساندنەوە بەڵکو بریتیە لە هەڵوەشاندنەویە خودی ئەم درزە. ئەو درزەی کە دەکەوێتە نێوان ئەو دوانەوە.

ئەو درزەی لێرەدا باسدەکرێت[3]، لە سەرمایەداریدا زۆر ڕادیکاڵتر دەبیت، ئەمە بەو مانایە نا کە پرۆسەی میتابۆلیکیی نێوان مرۆڤ و سروشت ملکەچ و ژێردەستەی بەهای خودی سەرمایە ببێت. لە ڕاستیدا ئەوەی وایکرد ئەو درزە بتەقێتەوە، بریتی بوو لە پەیوەندی دۆستانەی نێوان سەرمایەداری و زانستی مۆدێرن:

هەرچەندە تەکنەلۆژیای سەرمایەداری گۆڕانکاریەکی زۆر ڕیشەیی لە بواری عەقلانیەتدا ڕسکاند، بەڵام بەبێ زانست ناتوانین وێنای ئەو گۆڕانکاریە بکەین، هەر بۆیەش پێشتر هەندێک لە ئیکۆلۆژیستەکان پێشنیاری ئەوەیان کردبوو هەندێک لەو زاراوە و دەستەواژانە بگۆڕین کە قسە لەسەر چاخێکی نوێ دەکەن و پێیان وایە ئێمە لە چاخی ئەنترۆپۆسێنەوە چوینەتە نێو چاخی کاپیتالۆسێنەوە[4]. ئەو ئامێر و دەزگایانەی کە لەسەر بنەمای

زانست دامەزراون، توانا بە مرۆڤ دەبەخش نەک بە تەنیا ***ڕیاڵ "حەقیقەت"*** بناسن، حەقیقەتێک کە لە دەرەوەی چوارچێوەی تێگەشتن و ئەزموونی واقعی خۆیانە (وەک شەپۆلەکانی کوانتەم)، هەروەها توانای دروستکردنی شتگەلی نوێی"ناسروشتی" واتا نامرۆییمان پێدەبەخشن کە ناتوانن وەک شتە سەیرەکانی سروشت(ئامێرەکان، سایبۆرگ و زیندەوەرە جینات گۆڕاوەکان..هتد) بۆ ئەزموونەکەمان دەرکەون. هێزی کەلتووری مرۆڤ بە تەنیا بریتیە نیە لە بونیادنانی گەردونێکی ڕەمزی ئۆتۆنۆم لەو دیوی ئەوەی وەک سروشت ئەزموونی دەکەین، بەڵکو بۆ بەرهەمهێنانی شتگەلێکی سروشتی نوێی "ناسروشتیە" کە زانین و

---

[3] Rift

[4] from Anthropocene to Capitalocene

مەعریفەی مرۆڤ ماتریاڵیزە دەکات. ئێمە بە تەنیا سروشت نا ڕەمزێنین بەڵکو ئێمە وەک بڵێی لە ناوەوە سروشت خۆی لە سروشت دادەماڵین[5].

ئایا دەکرێت وەسفەکەی مارکس لە مەڕ سەرمایەداری بەکاربهێنین کە دەڵێت "ئەوەی ڕەق و بەستوو بێت بە هەوادا دەچێت، ئەوەی پیرۆز و موقەدەس بێت پیس و دزێو دەبێت". هەروەها بۆ خودی سروشتیش بەکاریبێنین؟ ئەمڕۆ، لە گەڵ دوایین و تازەترین پێشکەوتنە بایۆجێنەتیکەکاندا، ئێمە دەچینە سەردەم وقۆناغێکی نوێوە، قۆناغێک کە تێیدا بە تەنها سروشت خۆیەتی کە دەتوێتەوە و بە هەوادا دەچێت و، دەرئەنجامی سەرەکی پێشڤەچوونە زانستیەکانیش لە بایۆجێنەتیکدا بریتیە لە کۆتایی هاتنی سروشت. هەرکە یاساکانی دروستکردنی بزانین، زیندەوەرە سروشتیەکان دەگۆڕێن بە شتگەلێک(ئوبێکتەکان) کە گونجاون بۆ مۆنۆپۆلکردن و تەفرەدانی. بەم پێیە، سروشت، چ مرۆڤ و چ نامرۆڤیش، بێجەوهەر و مەحروم دەکرێت لە چڕوپڕی و ئاڵۆزیەکەی خۆی. هەروەک هایدگەر ناوی لێناوە "زەوی" ئەمەش ناچارمان دەکات پێچێکی نوێ بە ناونیشانەکەی فرۆید ببەخشین "Unbehagen in der Kultur-نیگەرانی و نائارامی لە کەلتوردا. لە گەڵ تازەترین پیشهاتەکاندا، نیگەرانی لە کەلتورەوە دەگۆڕێت بۆ نیگەرانی لە خودی سروشت، بۆیە سروشت چیتر"سروشت"ی نیە، پاشخانی "چڕ"ی جێی متمانەی ژیانمانە، بۆیە لە ئێستادا سروشت وەک میکانیزمێکی ناسک دەردەکەوێت، لە هەر خاڵێکدا بێت دەتوانێت بە ئاراستەیەکی کارەساتباردا بتەقێتەوە.

---

[5] denaturalize

نوێترین نمونەی ئەم جۆرە "سروشتی ناسروشتە" لەلایەن ڕێکخراوی بەناوبانگی (DARPA)واتە (بریکاری پرۆژە پێشکەوتوەکانی توێژینەوەی بەرگری)وە پێشکەش کرا. "توێژەرانی ئەمریکا یەکەم ئامێری زیندویان داهێنا و هەستان بە کۆکردنەوەی خانەکانی بۆقە چنگدارەکان لە ئەفریقا دانانی لە نێو ڕۆبۆتی بچوکدا پاشان بۆیان دەرکەوت کە دەتوانن بە شێوەیەکی سەربەخۆ بسوڕێنەوە. ئەمە بە تەواوی دەرخەری ئەوەیە کە بەتەواوی شێوە ژیانی نوێن و پێشتر نەبینراوە. یان پێشتر هەرگیز لە سەر زەوی بونیان نەبووە، ،مایکڵ لیڤین، بەڕێوەبەری سەنتەری دۆزینەوەکان لە زانکۆی تافتس لە میدفۆرد لە ویلایەتی ماساشوستس دەڵێت، ئەوانە ئۆرگانیزمی زیندوون و قابیل بە پرۆگرامیزەکردنن. زاناکان دەڵێن، تایبەتمەندیە ناوازەکانیان بەو مانایەیە کە ڕەنگە وەشانی داهاتوویی ڕۆبۆتەکان بۆ پاککردنەوەی پیسبونی زەریاکان لە وردە پلاستیک جێگیر بکرێن، یان بۆ دیاریکردنی شوێنی هەرسکردنی مادە ژەهراویەکان وگەیاندنی دەرمان لە جەستەدا یان لابردنی بەڵخی سەر دیواری خوێنبەرەکان بەکاربهێنرێن. جۆشوا بۆنگارد، توێژەری باڵا کە لە تیمێکی دەکات زانکۆی ڤێرمۆنت ئیش دەکات دەڵێ، مەحاڵە بزانین پرۆگرامەکان بۆ هەر تەکنەلۆژیایەکی نوێ چین، بۆیە بەڕاستی هەر دەتوانین پێشبینی بکەین.

سام کریگمان، خوێندکاری دۆکتۆرا لە تیمەکەی زانکۆی ڤێرمۆنت دەڵێت، ئەو کارەی کە ئێمە تێیدا سەرقاڵین کۆمەڵێک پرسی ئەخلاقی و ئیتیکی وروژاندووە، بە تایبەتی بە سەرنجدان بەوەی جۆرەکانی داهاتوو دەتوانن سیستەمی دەماریان هەبێت، هەروەها دەتوانرێت هەڵبژێردرێت  و دەم لە پرسە مەعریفیەکانیش بدەن، بەجۆرێک لە جۆرەکان وایان لێبکرێت بەشدارێکی چالاکتر بن لە جیهاندا. بەڵام

ئامانجی کارەکە زیاترە لە دروستکردنی ڕۆبۆتی نەرم، وەک لیڤین دەڵێت ئامانج تێگەشتنە لە نەرمەکاڵا(سۆفتوار)ی ژیان. گەر بیر لە کەموکوڕی لەدایکبوون، شێرپەنجە، نەخۆشیە پەیوەندیدارەکان بە تەمەنەوە بکەیتەوە، هەموو ئەم شتانە دەتوانرێت چارەسەر بکرێن گەر بزانین چۆن چۆنی پێکهاتەی بایۆلۆژی دروستبکەین، ئەوە ئەوکات بە ئاسانیش دەتوانین کۆنترۆڵی کۆتاییمان هەبێت بەسەر فۆرم و گەشەکردنەکاندا.

لە ڕاستیدا ئەمە حیکایەتێکی دێرینی داهێنانیکە، داهێنانێک کە بۆ مەبەستی بەکارهێنانە خێرخوازیەکان بڵاو دەکرێتەوە بۆ نمونە(بۆ پاکردنەوەی مایکرۆپلاستیکە پیسکەرەکان لە زەریاکاندا..هتد)، هەروەها لە گەڵ ئەو ڕاستییەی کە بەشێکە لە پرۆژەیەکی بەرگری(سەربازی) بەبێ ئەوەی ناوی بوترێت. بەڵام خاڵە چارەنوسسازەکە ئەوەیە کە دەڵێین "شێوە ژیانێکی تەواو نوێ" ئەوە لە ڕێگەی تێکەڵکردنی زیندەوەری سروشتی لە گەڵ ڕۆبۆتێکدا دروستکراوە، شتێک کە لە هیچ شوێنێکی سروشتدا بوونی نیە و نەبووە. هەر لە گەڵ دەربڕینی "نەرمەکاڵای ژیان یان سۆفتوێری ژیان" هەموو شتێکمان بۆ دەگێڕێتەوە: لە ڕاستیدا خودی ژیان چڕیە نەبڕاوەکەی ئەو کات لە دەست دەدات کە لە لایەن "نەرمەکاڵایەکەوە یان سۆفتوێرێکەوە" ڕێکدەخرێت (سۆفتوێرێک کە زاراوەیەکی تایبەت بە پرۆگرامینی کۆمپیوتەرە).. بۆیە دەرئەنجامی تێکەڵکردنی زیندەوەری سروشتی لە گەڵ زیندەوەری دەستکرددا، ئەوە ئەوکات زیندەوەرە دەستکردەکە زاڵ دەبێت و، میدیۆمی ڕوبەڕوبوونەوەیان دادەمەزرێت. کەمێک ئاسان دەبێت گەر لێرەدا بەشداربین لە ستایشکردنی سایبۆرگەکان[6] وەک مۆدێلی بوونێکی نوێی پاش

[6] cyborgs : لە زانستی خەیاڵیدا، سایبۆرگ بریتیە لە بوونەوەرێک کە بەشێکی مرۆڤە و بەشەکەی دیشی ئامێرە، یان ئامێرێکە لە مرۆڤ دەچێت.

مرۆڤ، بوونێک کە سنورە "میتافیزیکیە" کۆنەکانی نێوان ژیانی ئاژەڵان لە لایەک و ژیانی مرۆڤ و ژیانی دەستکرد لە لایەکی دیکەوە کاڵ دەکاتەوە-ڕەنگە کەمێک قورس بێت بیر لە دەرئەنجام و پێشهاتە بنەڕەتیەکانی بکەیتەوە بەوەی چی ڕوودەدا، بە مانایەکی تر چی لەناو دەچێت و چی سەرهەڵدەدات؟

زانستی بایۆجێنەتیک، بە بچوککردنەوەی دەروونی مرۆڤ بۆ ئوبێکتێکی دەستکاریکراو بە تەکنەلۆژیا، بە شێوەیەکی کاریگەر نوێنەرایەتی ئەو شتە دەکات کە هایدگەر وەک "**مەترس**"ی زاتی تەکنەلۆژیای مۆدێرن درکیکردووە. ئەوەی لێرەدا گرنگە وابەستەبوونی نێوان مرۆڤ و سروشتە، بە بچوککردنەوە و کەمکردنەوەی مرۆڤ بۆ ئوبێکتی سروشتی دیکە، ئوبیکتێک کە بە ئاسانی دەتوانرێت دەستکاری تایبەتمەندیەکانی بکرێت، واتە ئەوەی لێرەدا و لەم کردەیە لە دەستی دەدەین(تەنها) مرۆڤ یان مرۆڤایەتی نیە بەڵکو خودی سروشتە. بەم مانایە فۆکۆیاما لە سەر هەقە و ڕاستی ووت: مرۆڤایەتی خۆی پشت بە هەندێک مەفهومی وەک "سروشتی مرۆڤ" دەبەستێت، وەک ئەوەی ئێمە سروشتی مرۆڤە بە میرات گرتبێتمان و هەر بە تەنیاش بە ئێمە بەخشرابێت، ئەو ڕەهەندە نەبڕاوەی کە لەناو خۆماندا/لە خۆماندایە کە لە دایک دەبین/ فڕێدەدرێین. بەم پێیە پارادۆکسەکە ئەوەیە کە مرۆڤ سروشتێکی نامرۆیی نەبڕاوەی پیاتێنەپەڕیوی هەیە. بەڵام لە گەڵ ئاسۆی دەستتێوەردانی بایۆجێنەتیکدا کە بە هۆی دەستڕاگەیشتن بە جینۆمەوە دەبێت، جۆرەکان(چەشنەکان) بە ئازادی دەگۆڕێت یان خۆی پێناسە دەکاتەوە، هەماهەنگی خود دەکات. ئەم ئاسۆیە بە شێوەیەکی کاریگەر مرۆڤایەتی لە سنورەکانی "جۆرێک"ی سنوردار ڕزگار دەکات، واتا لە کۆیلایەتیەوە بۆ **جینی خۆپەرەست**.

بێگومان کاریگەریدانان لە سەر یەکتر، تەنانەت هاوبەشیکردن لە گەڵ یەکدی لە نێوان زانست و سەرمایەداریدا بێ درز و بێ کێشە نیە، بە بینینی هەریەکێک لەم دوو زاراوەیە گرژیەکی ئیمانێنت و جەوهەری دەخاتە ڕوو. زانست خۆی پێشکەش بە سەرمایەداری دەکات، بە مانایەک تا ئەو ڕادەیەی لە خۆیدا کوێرە لە ڕەهەندییێکی سەرەکی بوونی خۆی، هەر وەک لەلایەن لاکانەوە لە یەک دوو فۆرمەڵەی هاوبەشدا ئاماژەی پێکراوە.

زانست ڕەهەندی سەرەکی سوبێکت دەستبەسەردا دەگرێت، زانست هیچ یادەوەریەکی نیە، زانست لە ئاستی مەعریفەدا کاردەکات و حەقیقەت پشتگوێ دەخات. با بەم تایبەتمەندیەی کۆتایی دەستپێبکەین:

" ڕاستیەکە ئەوەیە گەر مرۆڤ لە نزیکەوە لە خودی زانست بکۆڵێتەوە، ئەوە بۆیان دەردەکەوێت کە هیچ یادەوەریەک(بیرەوەریەک)ی نیە. هەر کە پێکهات و ڕسکا، ئەو پرۆسە پێچەڵپێچە دەسڕێتەوە کە دەیهێنێتە بوون، بە واتایەکی دی، ڕەهەندێکی ڕاستی(حەقیقەت) لە بیر دەکات کە دەرونشیکاری بە جدی وەریدەگرێت. بەڵام دەبێت لێرەدا ووردتر بم، بە شێوەیەکی بەرفراوان دەزانرێت کە فیزیای تیۆری و بیرکاری (دوابەدوای هەر قەیرانێکی چارەسەر کراو زاراوەی "تیۆری گشتگیر" بە هیچ شێوەیەک ناتوانرێت مانای "گۆڕانێکی گشتگیر"ی بۆ وەربگیرێت) زۆرجار ئەوەی گشتاندنی بۆ ئەکەن لە پێگەی خۆیدا و لە شێوەی پێکهاتەی پێشوودا دەهێڵنەوە. لێرەدا ئەوە مەبەستی سەرەکی من نیە. خەمی سەرەکی من ئەو زیانە [درامابیە]یە، یان ئەو زیانە بابەتیەیە کە لەم قەیرانانەدا بە سەر خوێنەواراندا هەیەتی. تراژیدیای درامی قوربانی خۆی هەیە و، هیچ شتێک ڕێگەمان پێنادات بڵێین، دەتوانرێت چارەنوسیان لە ئەفسانەی ئۆدیپدا بنوسرێت.

با بڵێین بابەتەکە تا ڕادەیەکی زۆر لێکۆڵینەوەی لە سەر نەکراوە. ج.ڕ.مایەر وەک سەردەستەیەک{ من لێرەدا ناچم لیستێک لە تراژیدیا پلە یەکەکان پێشکەش بکەم} کە هەندێک جار لە کاتی بەڕێوەبردنی کارەکەیدا دەگاتە ئاستی شێتی، ناوی هەندیک لە کەسایەتی هاوچەرخمان کە من کەیسەکانیان بە نمونەی کارەساتی ئەو شتانە دەزانم کە لە دەرنونشیکاریدا ڕوودەدەن، دەبوو زیاد بکرێت بۆ لیستەکە".

ئەوەی لاکان لێرەدا ئامانجیەتی زۆر لە تراژیدیە دەروونیەکانی داهێنەرە گەورەکانی زانست تێدەپەڕێت.(ئەو باس لە کانتۆر یان سەردەستە دەکات کە چەمکی بێکۆتایی تا دوا ڕادە ڕادیکاڵیزە کرد ودەرئەنجامی ئەمەش گێژاوێکی ناوەکی لێکەوتەوە کە پاڵی پێوەنا تا سنوری شێتی و تەنانەت وای لێکرد کە کۆپرۆفاژیا[7] ئەنجام بدات). لە ڕوانگەی زانستیەوە، ئەم جۆرە تراژیدیانە، پەیەوەندی بە وردەکاری ژیانی تایبەتیەوە نیە، وە بە هیچ شێوەیەک کاریگەری لە سەر دۆخی زۆزینەوەی زانستیشەوە نیە. گەر بمانەوێت لە تیۆرێکی زانستی تێبگەین، پێویستە ئەم جۆرە وردەکاریانە پشتگوێ بخرێت، بۆیە ئەم نەزانیە دەرئەنجامی لاوازی تیۆری زانستی نیە بەڵکو بەهێزی تیۆری زانستی دەگەیەنێت. تیۆری زانستی "ئوبێکتیڤ و بابەتیە"، هەروەها پێگەی گۆکردنی خۆی هەڵدەپەسێرێت. گرنگ نیە کێ ڕایدەگەینێت، ئەوەی کە زۆر گرنگە ناوەڕۆکەکەیەتی. بەم مانایە گوتاری زانستی دەستبەرداری بابەت یان ئوبێکتەکەی خۆی دەبێت. هەرچەندە لاکان بە جۆرێک لە جۆرەکان هەوڵیدا بیر لە بابەتی زانستی مۆدێرن بکاتەوە، وردەکاریە دەرونشیکاریەکانی لەو جۆرە زانستە دەهێنایە دەرەوە نەک بۆ ئەوەی ڕەوایەتی تیۆرە زانستیەکانی ڕێژەیی بکاتەوە بەڵکو بۆ

---

[7] coprophagia. : واتا خواردنی پیسایی، لە مرۆڤدا پەیوەندی بە خەمۆکی و شیزۆفرینیا و وەسوەسەوە هەیە.

ئەوەی وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە کە: چ گۆرانکارییەک لە سوبژێکتیڤیتەی زانستکارێکدا ڕوودەدات تاکو بتوانرێت تیۆرێکی لەو شێوەیە دابرێژێت؟ ڕەنگە تیۆرێک لە ڕوویی ئۆبژێکتڤیتەوە یان لە ڕووی بابەتیەوە ڕەوا بێت، بەڵام سەرەڕای ئەوەش دەتوانرێت دەربڕین و گوتەی ئەو پشت بە گۆڕانکاری سوبژێکتڤیتەی تراوماتیک ببەستێت، بۆیە هیچ هارمۆنیەت و هاوئاهەنگیەکی پێشوەختە. لە نێوان سوبێکت و ئوبێکتدا نیە.

ئەوەی لاکان ئامانج و مەبەستیەتی لەوە تێدەپەڕێت کە پێی دەوترێت"بەرپرسیارێتی ئەخلاق"[8]ی زاناکان لە خراپ بەکارهێنانی دەستکەوتە زانستییەکانی خۆیان. لاکان چەند جارێک باسی ج.ڕ. ئۆپنهایمەر دەکات، کە پرۆفیسۆری فیزیا بوو لە زانکۆی کالیفۆڕنیا، هەروەها سەرۆکی تاقیگەی لۆس ئەلامۆس بوو لە سەروبەندی جەنگدا، زۆرجار وەک شانازیەک بە "باوکی بۆمبی ئەتۆم"ی ناوەزەد دەکرێت، ئەم زانایە کاتێک یەکەم بۆمبی ئەتۆمی لە ١٦ جولای ١٩٤٥ بە سەرکەوتوی تەقێنرایەوە، هەندێک لە وشەکانی **بەگاڤاد گیتای**[9]هیندۆسی بە مێشکدا هات کە دەڵێ " ئێستا بووم بە خێوی مەرگ، بووم بە وێرانکەری جیهانەکان" ئۆپنهایمەر بە هۆی دوودڵی ئەخلاقییەوە، گومانەکانی خۆی بە ئاشکرا دەربڕی، بەو هۆیەوە لە ئەنجامدا توشی هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەتی ئەمنی کرا و بە شێوەیەکی کاریگەریش مومارەسەی سیاسی ڕاستەوخۆی لێزەوتکرا..

---

[8] ethical responsibility

[9] Bhagavad Gita: بەگاڤاد گیتا زۆرجار بە گیتا ناودەبرێت، کتێبێکی پیرۆزی هیندۆسیە کە لە ٧٠٠ بەیت پێکهاتووە ئەم بەیتانەش بەشێکن لە داستانی مەهابارات، مێژووەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ نیوەی دووەمی هەزارەی یەکەمی پێش زانین، هەروەها نمونەی سەنتێز و کۆکەرەوەی هیندۆسیە و، بە یەکێک لە کتێبە پیرۆزەکان دادەنرێت بۆ ئاینی هیندۆسی.

هەرچەند هەڵوێستیکی لەو شێوەیە جێگەی دەست خۆشیە، بەڵام هەڵوێستێکی ڕەخنەیی لەو شێوەیە کافی نیە، دەکرێت بڵێین ئەم جۆرە هەڵوێستە تەنها لە ئاستی "لیژنە ئەخلاقییەکان"دا دەمێنێتەوە، کە ئەمڕۆ لە زۆربووندان و هەوڵدەدەن بە جۆرێک پێشکەوتنی زانستی لە نێو نۆرمە باڵا دەستەکاندا سنوردار بکەن، بۆ نمونە: ( دەبێت تا چەند لە دەستکاریکردنی بایۆجێنەتیکدا بڕۆینە پێش..هتد). هۆکاری ئەوەی کە بۆچی ئەمە کافی نیە چونکە تەنیا کۆنترۆڵی لاوەکی بەسەر ئامێرێکدا دەسەپێنێت، کە ئەگەر ڕێگەی پێبدرێت ڕێڕەوەی ئیمانێنت و حەتمی خۆی ببڕێت، ئەوە دەکرێت دەرئەنجامی کارەساتباری لێبکەوێتەوە.

ئەو تەڵەیەی لێرەدا دەبێت لێی دوور بکەوینەوە، دوو هێندەیە. لە لایکەوە ئەوە بەتەنها بەس نیە کە بە هۆی گەندەڵییەوە شوێنی مەترسی و تۆقێنەر لە خراپ بەکارهێنانە تایبەتەکانی زانستدا بدۆزینەوە( وەک ئەو زانایانەی نکۆڵی لە گۆڕانی کەشوهەوا دەکەن) یان شتێکی هاوشێوە. سەبارەت بە خودی مۆدێلی کارکری زانست مەترسیەکە لە ئاستێکی زۆر گشتگیردا نیشتەجێیە. لە لایەکی دیکەشەوە، پێویستە گشتاندنی زۆر بەپەلەی مەتریش ڕەتبکەیەنەوە وەک ئەوەی کە ئادۆرنۆ و هۆرکهایمەر بە "عەقڵی ئامراز"ی ناویان بردووە، ئەو بیرۆکەیەی کە زانستی مۆدێرن لە بونیادی زۆر بنەڕەتی خۆیدا بە شێوازێکی تایبەت ئاراستەکراوە، شێوازێک بۆ زاڵبوون و دەستکاریکردن و ئیستغلالکردنی سروشت، هاوکات بیرۆکەی زانستی مۆدێرن لە کۆتاییدا بریتیە لە ڕادیکاڵیزەکردنی بنەڕەتی مەیلێکی ئەنترۆپۆلۆژی"مرۆڤناس"ی. بە گوێرەی کتێبی دیالەکتیکی ڕۆشەنگەری ئەدۆرنۆ و هۆرکهایمەر، پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆ هەیە لە نێوان بەکارهێنانی سیحر لە پێش مێژوودا و ئەو هێزەی کە تەکنەلۆژیای مۆدێرن بە سەر پرۆسەکانی سروشتدا

هەیەتی. لە ڕاستیدا مەترسیەکە بە تایبەتی لە هاوسەرگیری نێوان زانست و پارەدایە.

بۆ ئەوەی جەوهەری بنەڕەتی ئەو شتە بە دەست بهینین کە لاکان لەم بڕگەیەی سەرەوەدا ئامانجیەتی، دەبێت جیاوازی نێوان زانین و ڕاستی (مەعریفە و حەقیقەت) بناسێنین، کە تێیدا ڕاستی زۆرترین قورسایی هەڵگرتووە.

بۆ ئاماژەدان بەم قورساییە، با جارێکی دیکە باس لە لە پارادۆکسی ئیرەیی لای لاکان بکەین. لاکان نووسیویەتی، ئەوەی کە مێردێکی ئیرەییبەر لە بارەی ژنەکەی خۆیەوە ئیدعای دەکات(کە لە گەڵ پیاوێکی دیکەدا خەوتووە) گەر هەمووی ڕاست بێت، ئەوە ئیرەییەکەی مێردەکە هێشتا ئیرەییەکی پاتۆلۆژی و نەخۆشانەیە. توخمە پاتۆلۆژییەکان پێداویستی مێردن بۆ ئیرەییبردن، هەروەها تاکە ڕێگەشن بۆ پاراستنی کەرامەتی خۆی تەنانەت بۆ پاراستنی شوناسی خۆی. بە درێژایی هەمان ئەو هێڵانە، دەتوانرێت بڵێین کە، تەنانەت ئەگەر زۆربەی بانگەشەکانی ڕژێمی نازی دەربارەی جولەکەکان ڕاست بن(گوایە ئەڵمانییەکان ئیستەغلال دەکەن، کچانی ئەڵمانی تەفرە دەدەن..هتد) کە بێگومان ئەم کارانە ناکەن، ئەنتی سمیتیزم یان دژە جولەکەگەراییەکەیان دەبوو بە دیاردەیەکی پاتۆلۆژی چونکە هۆکارە ڕاستەقینەکەی سەرکوت دەکرد، بۆچی نازیەکان پێویستیان بە دژە جولەکەیبوون بوو، بۆ ئەوەی پێگەی ئایدۆلۆژی خۆیان بپارێزن. لە ڕوانگەی نازیەتدا کۆمەڵگای ئەڵمانی کۆیەکی ئۆرگانیکیە لە هەرەوەزی و هارمۆنیەت، بۆیە دەستێوەردانێکی دەرەکی پێویستە بۆ لێکۆڵینەوە و لێپرسینەوە لە دووبەرەکی و ئەنتاگۆنیزمەکان(ناکۆکییەکان).

هەمان شت بۆ چۆنیەتی مامەڵەکردنی پۆپۆلیستە دژە کۆچبەرەکان لە گەڵ "کێشە"ی پەنابەراندا دەگونجێت، پۆپۆلیستەکان لە کەشوهەوای ترسدا لەم کێشانە نزیک دەبنەوە و دەیقۆزنەوە،هەروەها لە ململانێی نزیکدا دژ بە ئیسلامیزەکردنی ئەوروپا خۆیان لە زنجیرەیەک پووچ و بێمانابیدا نوقم و نغرۆ دەکەن. بۆ ئەوان ئەو پەنابەرانەی لە دەستی تیرۆر هەڵدێن یەکسانن بەو تیرۆریستە کە لێی هەڵدێن، ئەوان بێئاگان لەو ڕاستیە ئاشکرایەی کە لە کاتێکدا لە نێو پەنابەراندا تیرۆریست و دەستدرێژیکاران و تاوانباران هەن، بەڵام پەنابەران زۆرینەیەکی بێهیوان، زۆرینەیەک کە بەدوای ژیانێکی باشتردا دەگەڕێن. هۆکاری ئەو کێشە زۆرانەی کە لە سەرمایەداری جیهانی ئەمڕۆدا ناوەکی بوونەتەوە، لە ڕاستیدا پەیوەندی بە ناکۆکیەکی دەرەکییەوە هەیە. ئێمە لێرەدا بەردەوام ڕووبەڕووی "هەواڵی ساختە" دەبینەوە کە ناتوانرێت بۆ هەڵەیەکی سادە و ڕوون کورت بکرێتەوە، ئەگەر بەشێک لانیکەم بە دروستی هەندێک لە ڕاستیەکان پێشکەش بکەن، ئەوا هەر بەشیکی زۆری "ساختە"ی مەترسیدارن. ڕەگەز پەرەستی دژە کۆچبەران و سێکسیزم، دوانەیەکی زۆر مەترسیدارن نەک لە بەرئەوەی ئەوان درۆ دەکەن، بەڵکو کاتێک درۆکانیان لە فۆرمی ڕاستیەکی ڕاستەقینە و (بەشەک)ی دەخەنەڕوو.

هەر ئەم ڕەهەندەی حەقیقەتە کە زانست ناتوانێت لێی تیبگات، بە هەمان شێوە ئیرەیی من "ناڕاستە" تەنانەت ئەگەر گومانەکانم بە مەعریفە و زانینی بابەتی پشتڕاستکرابێتەوە، بە هەمان شێوەش ترسی ئێمە لە پەنابەران ترسێکی درۆزنانەیە، هەروەها لە رووی پێگەی سوبێکتیڤیتەی گوتنەوە کە ئاماژەی پێدەکات بێ بنەمایە. زانستی مۆدێرن تا ئەو ڕادەیە "ناڕاست" و کوێرە لە تێکەڵبوونی بە شێوازی سوڕانەوەی سەرمایە، بە پەیوەندیەکەی بە تەکنلۆژیا و بەکارهێنانی

سەرمایەداریەوە، واتا بەو شێوەیەی کە لە تێرمە دێرینەکانی  مارکسیزمدا هەیە ، چالاکیەکەی بە "نێوەندگیری کۆمەڵایەت"ی ناودەبرا. زۆر گرنگە ئەوەت بیر بێت کە ئەم"نێوەندگیرە کۆمەڵایەتیە" ڕاستیەکی ئەزموونی نیە کە دەبێت میتۆدی زانستی حسێبی بۆ بکات، بەڵکو جۆرێکە لە پێشینەی باڵا و زاڵ کە میتۆدی زانستی لە ناوەوە بۆ دەرەوە پێکهاتەبەندی دەکات.

ئەوە بە تەنیا ئەوە نیە کە زانایان "گرنگی نادەن" بە ئەگەری خراپ بەکارهێنانی کارەکانیان، گەر وا بوایە پێویستی نەدەکرد ئەو هەموو زانای هۆشیاری کۆمەڵایەتیانە هەبن. لە بەرامبەر ئەوەدا ئەم بێباکی و بێخەمییە لە پێکهاتە و دیزاینەکەی نوسراوە، ڕەنگکردنی هەر ئەو "ئارەزووە"یە کە چالاکی زانستی دەباتە پێشەوە، ئەمەش ئەوەیە کە لاکان هەوڵدەدات بە دەستی بهێنێت کاتێک دەڵێت زانست یادەوەری نیە، چۆن وایە؟

لە هەلومەرجی سەرمایەداری گەشەسەندوودا، دابەشبوونێکی توند لە نێوان ئەوانەی کار دەکەن(کرێکاران) و ئەوانەی پلان و هەماهەنگی دادەنێن زاڵە. ئەوەی دوەمیان سەر بە لایەنی سەرمایەن، ئامانجیان ئەوەیە کە بەهای سەرمایە تا بەرزترین ئاست هەڵکشێنن، هەروەها کاتێک زانست بۆ زیادکردنی پرۆسەی بەرهەمهێنان بەکاردەهێنرێت، ئەوە ئەرکەکەی بە ئاسانکردنی پرۆسەی بەهادان بە سەرمایە سنوردار دەکرێت. بەم پێیە زانست ڕەگ و ڕیشەی بە توندی لە سەرمایەدا داکوتاوە. ئەوە کۆتا فیگەری مەعریفەیە کە لە کرێکاران دەسەنرێتەوە و لە لایەن سەرمایە و جیبەجێکارانییەوە دەستی بەسەدا دەگیرێت. ئەو زانایانەی کە کار دەکەن موچەشیان پێدەدرێت، بەڵام کارەکانیان لە هەمان ئاستی کاری کرێکاراندا نیە، ئەوان وەک بڵێی کار بۆ لایەنی بەرامبەر دەکەن بە جۆرێک لە

جۆرەکان وەک شکێنەری مانگرتنەکانی پرۆسەی بەرهەمهێنان کار دەکەن. بێگومان ئەمە بەو مانایە نیە کە زانستی سروشتی مۆدێرن دڵڕەقانە سەر بە لایەنی سەرمایە بێت، لەمڕۆدا زانست لە هەر جارێک زیاتر پێویستە وەک خەبات و بەرنگاری دژ بە سەرمایەداری سودی لێوەبگیرێت. بە سادەیی زانست بە تەنیا ناتوانێت ئەم ئەرکە جێبەجێ بکات، چونکە دەزانین زانست خۆی هیچ بیرەوەری نیە و، بەم پێیەش ڕەهەندی حیقیقەت پشتگوێ دەخات.

پێویستە جیاوازیەک لە نێوان دوو ئاستدا بکەین بەوەی چی شتێک زانست دەکات بە کێشە. یەکەم، لە ئاستی گشتیدا، ڕاستیەک هەیە کە دەڵێت زانست :هیچ یادەوەریەکی نیە" ئەمەش بەشێکە لە خاڵە بەهێزەکانی و ئەوەی دەیکات بەو شتە یان(زانستە)ی کە هەیە. دووەم، تێهەڵکێشی تایبەتیی زانست و سەرمایەیە، لەم چوارچێوەیەدا "نەبوونی یادەوەر"ی ئاماژەیە بۆ کوێربوونێکی تایبەت بەرامبەر بە نیوەندگیری کۆمەلایەتی خۆی. بەڵام لێرەدا گریتا تۆنبێرگ لە سەر هەقە کە دەڵێت، دەبێت سیاسەتمەداران گوێ لە زانست بگرن بەم شێوەیە دەستەواژەکەی ڤاگنەر "برینەکە تەنیا بەو ڕمە دەتوانرێت چاک بکرێتەوە کە دروستی کردووە" گرنگیەکی نوێ وەردەگرێت.

هەڕەشەکانی ئەمڕۆ بە پلەی یەکەم دەرەکی یان سروشتی نین بەڵکو بەرهەمی دەستی چالاکیەکانی مرۆڤن کە ئەمەش بەشێکی لە لایەن زانستەوە دزەی کردووە(دەرئەنجامە ئیکۆلۆژیەکانی پیشەسازیەکەمان، دەرئەنجامە دەروونیەکانی بایۆجێنەتیکی کۆنترۆڵ نەکراو..هتد). بەم پێیە زانستەکان هەم تاکە ڕێگان بۆ تێگەشتن و پێناسکەردنی هەڕەشەکان و هەم یەکێکیشە لە سەرچاوەی مەترسیەکان. تەنانەت ئەگەر ئێمە تاوانی گەرمبوونی جیهان بخیەن ئەستۆی

شارستانیەتی زانستی-تەکنەلۆژی، هێشتا هەر پێویستمان بە هەمان زانست هەیە نەک بە تەنیا بۆ پێناسەکردنی پانتایی مەترسیەکە بەڵکو تەنانەت بۆ هەستکردن بە خودی مەترسیەکەش. ئەوەی پێویستمانە بە تەنیا زانست نیە کە زەمینەی خۆی لە حیکمەتی پێش مۆدێرندا بدۆزێتەوە، بەو پێیەی حیکمەتی نەریتی شتێکە کە ڕێگیرمان لێدەکات لە هەستکردن بە مەترسی ڕاستەقینەی کاراستە ئیکۆلۆژییەکان. دەرئەنجام "حیکمەت"[10] پێمان دەڵێت کە بەبێ ئیستدلالێکی هۆشیارانە[11] متمانە بە دایکە سروشت بکەین کە زەمینەی جێگیری بوونمانە، بەڵام زانست و تەکنەلۆژیای مۆدێرن ئەم زەمینە جێگیرە تێکدەدەن. کەواتە ئێمە پێویستمان بە زانستێکە کە لە هەردوو جەمسەرەکە جیابێتەوە: لە بازنەی سەربەخۆی سەرمایە و هەروەها لە حیکمەتی نەریتی، زانستێک کە دواجار بتوانێت لە سەر پێی خۆی بوەستێت. ئەمەش واتای گەڕانەوە نیە بۆ هەستێکی ڕەسەنی یەکێتیمان لە گەڵ سروشت، بەڵکو تاکە ڕێگە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئاڵەنگاری ئیکۆلۆژی یان چارەسەرکردنی پرسە ئیکۆلۆژییەکان بریتیە لە قەبوڵکردنی تەواوەتی نا-سروشتیکردنی[12] ڕیشەیی سروشت.

[10] wisdom

[11] intuitively

[12] denaturalization

# سروشت دوژمن یان دۆست

## دیبەیتی نێوان سلاڤۆی ژیژەک و یۆڤاڵ نوح سەبارەت بە سروشت

**تێبینی: ئەم دیبەیتەی نێوان ژیژەک و یۆڤاڵ نزیکەی ٤٥ خولەکە، ئێمە تەنها ٢٥ خولەکی سەرەتامان وەرگێڕاوە...**

دوای ماوەیەکی درێژ لە هزری ڕۆشەنگەری و سەردەمی رۆشنگەری کە پێی وابوو سروشت بە عەقڵ کۆنترۆڵکرا و بە تەکنەلۆجیای مۆدێرن ماڵیکرا، جارێکی تر شوێنی سروشت لە کۆمەڵگادا بووەوە بە تەوەرێکی سەرەکی گفتوگۆکان، بەڵام هەردوو پەتای کۆڤید و قەیرانی کەشوهەوا بە توندی ئەوەی بیرخستینەوە کە نە بەتەواوی لە سروشت تێگەشتوین، نە خاوەندارێتی و کۆنترۆڵی یەکلاکەرەوەمان بەسەریدا هەیە.

دوای ئەوەی جارێکی دیکە ڕووبەڕووی سروشت بووینەوە، خەڵک دەستیان کرد بە ڕاڤەکردنی سروشت وەک ئەوەی لە بنەڕەتدا باش بێت - بە پێچەوانەی مرۆڤە گەندەڵەکانی ئەخلاقەوە - یان وەک تۆڵەسەندنەوە - کە سزامان دەدا.

بەهۆی خۆبەزلزانینمان لە زیادەڕۆیی لە بەکارهێنانی خودی ژینگە، هەموو ئەمانە شتی بێمانان لە ڕاستیدا.

ژیژەک و یۆڤاڵ پێیان وایە کە، سروشت لە خۆیدا نە باشە و نە خراپ، بەڵکو سروشت خۆی لە دەرەوەی کاتیگۆری باش و خراپ یان لە دەرەوەی ئەخلاقەوەیە. ژیژەک لەوە زیاتریش دەڕوات پێیّ وایە "ئەگەر سروشت دایکی ئێمە بێت، ئەوە دایکێکی قەحبەیە" هەروەها دەڵێت سەبارەت بە تۆڵەسەندنەوە، گەردوون بێباکە بەرامبەر بە ئێمە. هەرچەند ژیژەک خۆی بە هیگڵی ناودێر دەکات بەڵام لێرەدا دەڵێت من ئایدیالیست نیم، سروشتناسم. پێشکەوتنە زانستی و تەکنەلۆژییەکانمان لە ماوەی چەند سەدەی ڕابردوودا وای لێکردین باوەڕمان بەوە هەبێت کە مرۆڤ بە جۆرێک لە جۆرەکان لە سروشت و حاکمەکانی گەردوون باڵاترە.

تەنانەت ئەمڕۆش بە گوێی ئێمە سەیر و نامۆیە کاتێک بە ڕیاکتۆری ئەتۆمی یان ڤاکسینی کۆڤید، یان شەڕی ئۆکرانیا بە سروشتی ناو ببەین. بەڵام بە جۆرێک لە جۆرەکان، بوونی هەموو ئەوانە هیچ یاسایەکی سروشتی پێشێل ناکەن و لە هەمان مادەی فیزیکی دروستکراون وەک هەموو شتێکی تر. ئەو ئایدیای کە دەڵێت هەموو ئەو شتانەی هەن و دەیانبینین دەتوانرێت وەک بەشێک لە سروشت فام بکەین، بەڵام لە دێر زەمانەوە ئەم بیرۆکەیە بوونی هەبووە لە هەمان کاتیشدا دەتوانێت بەشێکی زۆری فەلسەفەی هاوچەرخ زیندوبکاتەوە و بیخاتەوە بەرباس.

ژیژەک باوەڕی وایە، ئەوەی ئێمە پێی دەڵێین سروشت هەمیشە لە ڕووی کەلتوورییەوە ناوەندگیرێک بووە، بەو مانایەی ئەوەی ئەمڕۆ ئێمە بە سروشت ناوی دەبەین ئەوەی لە سەدەی بە سروشت ناوی دەبرا یەک شت نین، هەروەها

شێوازی ناوبردنی سروشت بە قووڵی شێوازێکی تەواو ئایدۆلۆژیە. هەروەها کاتێک دێتە سەر باسی هاوڕەگەزبازی، هەراری پێی وایە ئەوانەی کە هاوڕەگەزبازی بە "ناسروشتی" ناو دەبەن، لێدوانێکی سیاسیە، قسەیەکی تەواو چەواشەکارانەیە، بۆیە سروشت بەخۆی یاسای ئەخلاقی نابەخشێت، پێمان ناڵێت چی ڕاستە و چی هەڵەیە، ئەمە سروشتی سروشتە و بەو شێوەیە. ئەو پێی وایە ئێمە لە لێواری دروستکردنی ئەو شتە داین کە بە "بەشێوە ژیانی نائۆرگانیک" ناوی دەبات، ئەمەش ئاماژەیە بە زیرەکی دەستکردی پێشکەوتوو. ئایا دەتوانین ئەوانە بە شتگەلی سروشتی بناسێنین؟ وەک بەشێک لە ڕێڕەوێکی هاوشێوە، ئێمە وا خەریکە گۆڕانکاری ڕیشەیی لە پێکهاتەی بایۆلۆژیمان دروست دەکەین گۆڕای قووڵ لە سروشتماندا دەڕسکێنین، ئەگەر بتەوێت. سەرەڕای خەیاڵە یۆتۆپیەکانی هەندێک لە ترانس-مرۆڤانەکان و ئەو زانایانەی کە سەرنجیان لەسەر بەکارهێنانی ئەم ئامرازانەن بۆ چارەسەرکردنی پرسە تایبەتمەندەکان لە بوارەکانیاندا، بەڵام هەراری تۆنێکی تاریکتر دەدوێت. ئەو دەڵێت ئەمە هەر ئەوەیە کە دیکتاتۆرە بێ بەزییەکان خەونیان پێیەوە بینیوە. جاران کە دکتاتۆرەکان لە دەسەڵات دەکەوتن، لانیکەم ئەوەی لە خۆیان بەجێیان هیشتبوو بریتی بوون لە مرۆڤ، بەڵام لە داهاتوودا چیتر ئەوە نابێت. ژیژەک پێی وایە کە ستالین دەیەویست ڕێک ئەو شتە بکات! سوپایەک لە کرێکارانی ئەندازیاری بۆماوەیی دروست بکات کە بتوان لە سنوری هەر مرۆڤێک زیاتر کار بکەن و بە هەندێک ڕزق و ڕۆزی ڕووت ژیان بەڕێبکەن. بێگومان شێوازی هەوڵەکەی ستالین بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە حیکایەتێکی لەخۆگرتبوو کە تەنیا ژیژەک دەیتوانی بە گێڕانەوەی هەڵبێت و خۆی ڕزگار بکات. کەواتە وا ئێمە خەریکە دەچینە نێو سەردەمێکی سەیر سەردەمێک

که بە پاش-مرۆڤ ناسراوە، ئەی سروشت چی بەسەر دێت؟ ژیژەک ئاگادارمان دەکاتەوە کە ژیان لە ٢.٠ دەگۆڕێت بۆ ١.٠ بۆیە سروشت چیتر سروشتەکەی جاران نیە، لە بنەڕەوەتەوە هەموو شتێک گۆڕانی بەسەردا دێت. هەروەها هەراری بە هەمان ئاراستە قسە دەکات و پێشنیارێکی هاوشێوە دەخاتە ڕوو، بۆیە پێی وایە بەرزکردنەوەی مرۆڤ لە بنەڕەتدا دەبێتە هۆی دابەزینی بەهای مرۆیی هەر وەک ئەوەی ئەمڕۆ هەیە. ئەگەر ئێمە لەڕووی جیناتەوە، مرۆڤەکان سەرلەنوێ ئەندازەی بۆ بکێشینەوە بۆ ئەوەی زیرەکتر و ئازاتر و کارامەتر بن، ئەوە دواجار ئەم ئەندازکێشیە دەبێتە هۆی نەمانی هەموو تایبەتمەندیە سروشتیەکانی دیکەمان، ئەو تایبەتمەندیە سروشتیانەی کە لەلایەن ئەندازیارەکانی مرۆڤەوە کەمتر بایەخی هەیە و خواستراو نیە. بۆیە هەڵبژاردن بۆ هەندێک تایبەتمەندی بە مانای نەمانی هەندێ تایبەتەمەندی تر دەبێت. ئەو دیدگایەی کە ژیژەک و هەراری خەیاڵی دەکەن زۆر لەوە زیاتر، بە شێوەیەی ڕادیکاڵ زیرەکی دەستکرد جێگەی مرۆ دەگرێتەوە و لە کارەکانیان دوریان دەخەنەوە و پێکهاتە کۆمەڵایەتیەکانیش چاک دەکەن. بەڵام ئایا بەڕاستی ئەم پێشهاتە بەو مانایەیە کە خەریکە دەچینە نێو جیهانێکی پاش-سروشتەوە؟ یان ئایا ئەم تەنها دیدێکی مرۆڤسەنتەریە بۆ شتەکان؟ ئایا هەر بەڕاستی پۆست سروشتە، یان بە سادەیی پۆست مرۆڤە؟ یان دەکرێت ئەو دوو ئایندەیە بە تەواوی یەک شت بن؟

**تایلۆر:**

ئەمڕۆ ئێمە لێرەین بۆ ئەوەی لە سەر سروشت گفتوگۆ بکەین، بەوەی ئایا سروشت دوژمن یان دۆستە. زۆرێک پێیان وایە کە سروشت لە خۆیدا باش و

بەکەڵکە، لە کاتێکدا مرۆڤ و دەستێوەردانەکانی لە سروشتدا وەک ئاڕێشەیەکی گشتی و خراپ دەبینرێت، تەنانەت لە بنەبڕکردنی سیستەمی خۆراکیمان بۆ ڕەتکردنەوەی ڤاکسینەکان. زۆرێک کاریگەرن بەو بیرۆکەیەی کە سروشت باشتر دەزانێت و درک دەکات لە مرۆڤ، بۆ نمونە پەتای مەلاریا پەتایەکی سروشتیە بەڵام ڤاکسینی مەلاریا سروشتی نیە. شکستی بەرهەمی دانەوێڵە و زریان و سونامیەکان هەموویان پێکەوە کووشندە و سروشتین. کار و کردەوەکانی مرۆڤ بە شێوەکەی بنەڕەتی گرنگن بۆ ڕزگاکردن و درێژکردنەوەی ژیان لە بەڵا و کارەساتەکان. بۆیە وابەستەیی ئێمە بە سروشتەوە  بە جۆرێک دەبێتە هۆی لاوازی باوەڕبەخۆبوونمان. ئایا دەبێت زیاتر باوەڕ و متمانە بە مرۆڤ بکرێت و کەمتر متمانە بە سروشت بکرێت؟. یان ئایا ئێمە ئەو کات لە سەر هەقین کە گومان لە دەستتێوەردانەکانی مرۆڤ بکەین و، ڕێز و تەقدیرێکی نوێمان هەبێت بۆ سروشت وەک گەڕانەوەیەکی ئەرێنی و پۆزتیڤ بۆ بیروباوەڕێکی دێرین و جەوهەری. ئایا ئێمە قەبوڵی ئەوە بکەین کە ئێمە بەشێکین لە جیهانی سروشت و، واز لە جیاکردنەوەیەکی ساختە و درۆزنانە بێنین لە نێوان ڕاستەقینە و دەستکردن یاخود سروشتی نا سروشتی. بۆیە بەم بۆنەیەوە لە گەڵ دوو کەسی بە نابانگ و دیار گفتوگۆ دەکەین، یوڤاڵ هەراری کە مێژونوس و ڕۆشنبیرێکی گشتی و بە ناوبانگە، ئەو نوسەری کتێبی(ساپیەنس، کورتە مێژووی مرۆڤ و هۆمۆدیەس)ە. کتێبەکانی لە ئاستی نێودەوڵەتیدا نزیکەی بیست ملیۆن کۆپی لێفرشراوە. ئەویتریشیان سلاڤۆی ژیژەکە. ژیژەک یەکێکە لە دەرونشیکار و هیگڵناس بەناوبانگەکان، هەروەها  فەیلەسوفی پێشەنگی سەردەمی ئێمەیە، ئەو کەسێتیەکی تایبەتمەند و بە رواڵەت توند و مشتومڕوایی هەیە، لە ئێستاشدا سەرقاڵی خزمەتکردنە وەک

بەڕێوبەری نێودەوڵەتیی پەیمانگای بریکباک بۆ زانستە مرۆییەکان. ماڵپەڕی فۆرین پۆڵەسی ناوی ژیژەکی وەک یەکێک لە سەد بیرمەندە جیهانیەکان داناوە کە قسەیان لە سەر سەردەمێکی پوچ وبێماندا کردووە و هەیە. لێرەوە ئیدی ئەمەوێت کۆمەڵێکی پرسیاری ڕاستەوخۆ و ڕاشکاو ڕووبەڕووی هەردوو میوانمان بکەم یەکەم پرسیاریشم ئەوەیە ئایا دەکرێت زیاتر متمانە و باوەڕمان بە مرۆڤ هەبێت وەک لە سروشت؟

**یۆڤاڵ:**

دوو شت هەن سەبارەت بە سروشت، یەکەم شت ئەوەیە کە سروشت هەرگیز گرنگی بە مرۆڤ نادات، مەبەستم ئەوەیە گەر سبەی بەیانی ئەستێرۆکەیەک بەر هەسارەی زەوی بکەوێت و هەموو ژیان لە سەر زەوی خاپوور بکات، ئەو دەم سروشت هیچ بایەخ و گرنگی پێنادات و بەردەوام دەبێت لە سوڕی ژیانی خۆی. تەنانەت وەک هەمیشە هەسارە و ئەستێرەکان بەردەوام دەبن لە تەقینەوە و فیزیاش وەک جاری جاران بەردەوام دەبیت لە ڕۆڵگێڕانی خۆی. لە رووەیەکی دیکەشەوە وەک دەزانیت هەرگیز نەمتوانیەوە بە وردی قسە لە سەر ئەم دابەشکاریە بە ڕواڵەت دەوانەییەی نێوان مرۆڤەکان و سروشتدا بکەم، لە بەرئەوەی هەرگیز ناتوانرێت یاساکانی سروشت پێشێل بکەیت جا لە لایەن مرۆڤەوە بووبێت یان هەرکەسێکی دیکە، هەرگیز ناتوانرێت قانوونەکانی سروشت ببەزێنرێت بە تەواوەتی. هەر شتێک کە مومکین بێت بە پێناسەیەک جا سروشت یاخود ئەندازیاری بۆماوەیی بێت، یانەکو پێکوتە و ئینتەرنێت بێت هەموو ئەمانە جیاوازن و ناتوانرێت وەک یەک خوێندنەوەی بۆ بکرێت بۆیە بە جۆرێکی دی یاساکانی

سروشت وەک یاساکانی دەوڵەت نیە. یاسای دەوڵەت دەڵێت نابێت لە کاتژمێرێکدا نەوەت کیلۆمەتر بهاژویت، ئەمە قانونی دەوڵەتە. لە گەڵ ئەوەشدا تۆ ناتوانیت هەرگیز لە کاتژمێرێکدا ١٢٠ کیلۆمەتەر ئۆتۆمبێل بهاژویت گەر واش بێت پۆلیس دەتوەستێنێت و غرامەیەکی باشت دەکات، بەڵام سروشت بەم شێوەیە ئیش ناکات، ناتوانێت تکیتی غرامەمان بۆ بکات، ناتوانێت یاسایەکی وەک یاسای مرۆییمان بۆ بخاتە دەستوری خۆیەوە. بۆیە پێم وایە دەبێت بە گومان بین هەم لە مرۆڤ و هەم لە سروشت. پرسیارە گەورەکە ئەوەیە نیە کە پرسیار لە هەر شتێک بە مانای ئەوە بێت کە هەموو شتیکی سروشتی، سروشتیی بێت، بەڵکو ئەوەیە کە ئازار و نەهامەتی، جەنگی کوشندە سروشتین هەموو ئەمانە خراپن، بۆ نمونە گۆڕانی کەش و هەوا خراپە نەک لە بەرئەوەی بە جۆریک دژ بە سروشتە بەڵکو لە بەرئەوەی بە ئەگەرێکی زۆرەوە دەبێتەوە هۆی زەرەرو زیانێکی مەزن و هەستیار بۆ مرۆڤ.

**تایلۆر:**

سلاڤۆی ژیژەک پێت وا نیە کە پێویستە ئێمە زیاتر باوەڕ بە مرۆڤ یان سروشت بکەین؟ ئایا پێت وانیە کە دەبێت کەمتر متمانە بە سروشت بکەین ئایا پێت وایە ئەمە هەڵەیە؟

**ژیژەک:**

نەخێر. لە ڕاستیدا لێرەدا کێشەکی گەورە هەیە، چونکە دەبێت بپرسین و بزانین کە چەقۆکان لە کوێوە دێن، لە ڕاستیدا من بە شێوەیەکی بنەڕەتی لە گەڵ یۆڤاڵدا هاوڕام، چونکە زۆرجار تۆمەتبار دەکرێت بەوەی زۆر گشتی و پۆپولارە. بەڵام لە

گەڵ ئەوەشدا هەمیشە بابەتەکان بە شێوەیەکی ڕوون و جدی دەیڵێت. هەروەها ئەوەی زۆر سەرنجم ڕادەکێشێت بریتیە لە کەرتبوونی شەکەتبوون کە بە فەرەنسی پێی دەڵێن میکانیزمی گەنجانە، گەر بە شێوەیەکی عەقڵانی ئەوە قەبوڵ بکەین. من شتەکان بەم شێوەیە دەبینم، بەڵام بە جۆرێک لە جۆرەکان بە تەواوی موقنعنیم. پێم وایە ئەوە کێشەی ئیکۆلۆژیایە. دەزانم زانست چی دەڵێت، گەر بڕۆیتە دەرەوەی ئێرە زۆر بە خێرایی خۆر دەبیین کە دەدرەوشێتەوە..هتد لە راستیدا بەڵێ لە سەرەتادا لە گەڵ یۆڤاڵدا هاوڕا بووم. هەموو شتێک سروشتە بە دڵنیاییەوە، بەڵام هیوادارم هەموتان هاوڕا بن لە گەڵم، هەندێک شت هەن من وەک ئایدۆلۆژیایەکی ڕۆژانەیی مارکسیستی کۆن ناوی دەبەم، ئێمە سەرباری هەموو ئەوانە هەمیشە پەیوەندیمان بە سروشتەوە هەبووە و هەیە بە ڕیتمێکی کەم تا زۆر دیاریکراوی مونەزەم. ئەمە ئەوەیە کە من بە شێوەیەکی ڕادیکاڵ ئەو ئایدیایە ڕەتدەکەمەوە، ئەو ئایدیایەی کە دەڵێت هەندێک نمەتی سروشتی هەیە و ئێمەی مرۆڤ بە غرورێکی ئیسغلالکارانەیەکی زۆرەوە خەریکی تێکدانی ئەم نمەتەین. زیاتر لەمەش، پێم خۆشە ئەوەت بە بیر بهێنمەوە کە ئاماژەت پێکرد، تەنها بیر لەوە بکەنەوە کە تا ئەمڕۆش سەرچاوە سەرەکیەکانی وزەمان هێشتا بریتین لە نەوت و خەڵوز. بەم هۆیەوە ئایا وێنای ئەوەت کردووە کە چ کارەساتیکی گەورە لە زەوی ڕویداوە بۆ ئەوەی ئێمە ئەو سەرچاوەیەمان هەبێت. ئێمە بەرهەمی زینجیرەیەک دەرئەنجامی سروشتین، ئێمە لە سەر کارەساتیکی سروشتی کە رویداوە پێشتر دەژین. کۆتا شت کە بیلێم گەر ڕێگەم بەن، لەم دواییانەدا تەنانەت لە میدیا گەورەکانیشدا خوێندمەوە بە گوێرەی تازەترین هەواڵ، دیدێک هەیە بۆ گەرمبوونی جیهان، دیدێک کە زۆر گەشبینە لە بەرئەوەی گوایە بە جۆرێک نمەت

و نەخشێکی ڕێک و پێکی تازە دروست دەبێت، تەنها کەمێک خراپتر لە جاران، بۆ نمونە کەمێک پلەکانی گەرما بەرز دەبنەوە و یەک دوو شاری گەورە ژێر ئاو دەکەون بەڵام لە سەروی هەموو ئەوانەوە نمەت و نەخشێکی نویٚ دێتە کایەوە. پێشبینیەکان لە ئێستادا چیمان پیٚ دەڵێن؟ زۆرجار ئەمە لە سروشتدا ڕوودەدات، چی دەبێت گەر نمەت و نەخشێکی نویٚ دروست نەبێت. وەک دەڵێن ئەمە هەمیشە لە سروشتدا بۆ مودەیەکی درێژ ڕودەدات. لە ڕاستیدا پێم وایە ئێمە لە داهاتوودا لە گەردونێکی تەواو شڵەژاوو کایۆتیکدا دەژین. با ئەوەشمان لە بیر نەچێت، بە جۆرێک لە جۆرەکان من کەسێکی ناچرالیست و سروشتگەرام، کەسیکی ئایدیالیست نیم کە دەڵیت سروشت هەموو شتێکە و هەموو کارەساتەکان لە نێو ڕەحمی سروشتەوە دێنە دەریٚ. بۆیە ببورە بۆ ئەم قسە بازاڕیە کە دەیڵێم، گەر ئێمە دایکە-سروشتمان هەبێت، ئەم دایکە قەحبەیەکی پیسە. با ڕاستی بڵێین، هەموو شتێک سەر بە کەلتورە، نەک بە مانا ئایدیالیستیەکەی، تەنها سەیری مێژووی تێگەی سروشت بکە کە چۆن جار دوای جار گۆڕانی بە سەردا هاتووە. سروشت لە سەدەکانی ناوەڕاستدا شتیک بوو بە تەواوی جیاوازە لە سروشت لە سەردەمی زانستی مۆدێرندا. من ناڵێم سروشت بە تەنها بونیادێکی کەلتوریە، ئەوەی دەیڵێم و، وەک سروشت هەستی پێدەکەین هەمیشە بەشێکە لە پرۆسەیەکی کەلتوری.

**تایلۆر:**

بەڵام تۆ پێت دەگووت قەحبە(سروشت)، لە ڕویەکەی دیشەوە شتێکی دی دەڵێیت؟

**ژیژەک:**

من زۆر قسەم کرد، ئەمەویت گویم لە یۆڤالیش بیت. بەلام کە دەلیم زۆر قسەم کرد مەلێ ئەرە تۆ بۆ ئەدەبت نیە بۆیە گویی مەدەرێ، ئەمە پیی دەوتریت ئۆفەری ڕیتۆریک و بەلاغی. پیویست ناکات پیم بلیی( نانا ببورە بەردەوام بە)!! بە جۆریک لە جۆرەکان ئیمە خەریکین شتەکان خراپ و تیکوپیک دەدەین، خەریکین بەشیکی زۆری سروشت ویران دەکەین، ڕەنگە ئەمە ڕوداویکی بچوک و ئاسایی بیت کە ئیمە لە میژووی مرۆڤدا بیستبیتمان، بۆیە تەنانەت بۆ خودی زەویش ژیان بە چەندین فۆرمی جیاواز تیدا بەردەوام دەبیت. کیشەکە ئەوەیە ئەم بیمانابیە تەواوەتیەی کارەساتەکان قەبوڵ بکەیت، من یەک شت بە یۆڤاڵ دەلیم سەبارەت بە میژووی مرۆڤ گەر بیستبیتی با پشت ڕاستی بکاتەوە بۆم، چاوم بە کەسیکی ئاسایی کەوت لە ئیسرائیلدا، بەلام نەک زۆر ئاسایی چونکە هەزاران کەسی تر لەو شیوەیە هەن کە سەرقاڵی خویندنەوەی هۆلۆکۆستن ئەمانە بانگەشەی ئەوە دەکەن کە ئەوەی بە سەر جولەکەکان هات سزایەکی ئیلاهی و خودای بوو بۆیان چونکە جولەکەکان زۆر سیکولار و علمانی بوبون. بە مانایەک لییان تێ ئەگەم بەلام کۆک نیم لە گەلیان، وەک دەزانیت تەنانەت باشترە کە وینای چارەنوسە ترسناکەکەت وەک سزایەک بکەیت لە بەرئەوەی بە لایەنی کەمەوە شتەکان لە خۆیاندا مانایان هەیە بەلام شتە قورسەکە ئەوەیە کە دانی پیدا بنیی کە هیچ مانایەکیان نیە. ئیستا من زمانم دەبەستم..

**یۆڤاڵ:**

پێم وایە ئێمە لێرەدا نەهاتوین بجەنگین و دەستەویەخەبین لە گەڵ یەک، بۆیە لە گەڵ ژیژەکدا کۆکم بە تەواوی. وەک دەزانن جەنگ سروشتیە، کوشتن سروشتیە، دەستدرێژی سروشتیە، هەموو ئەمانە لە خۆیاندا خراپەن، بۆیە ناتوانیت مۆراڵ و ئەخلاق لە یاساکانی سروشتدا دەربێنیت یان دەستت کەویت، زۆرجار سروشت ئەوەی کە دەیکات ئەستێرەیەکە لە مشتومڕە ئەخلاقی و سیاسیەکان، ئەمە تەنها حکایەتێکی میتۆدۆلۆژی و ئەفسانەییە کە خەڵک باوەڕی پێی هەیە، کاتێک خەڵک دەڵێن پێویستە فلانە شت بکەین، پێویستە فیسار کردار بنوێنین، چونکە فلانە شت سروشتیە، هەموو ئەوانە بە زۆری و هەمیشە ئارگومێنتی کەلتوری و میتۆدۆلۆژین، ئەمانە لە راستیدا ئارگومێنتێک نین دەربارەی سروشت. من وەک کەسێکی هاوڕەگەزخواز چەندین جار گوێبیستی ئەو بانگەشە و قسەڵۆکە بووم کە هۆمۆسێکشواڵ بریتیە لە حاڵەتێکی ناسروشتی، وەک لە سەرەتاشەوە باسم کرد هەر شتێک کە مومکین بێت و سروشتی بێت ئەوە لە گەڵ یاساکانی سروشتدا دەگونجێت. گەر هۆمۆسێکشواڵ لە گەڵ هێڵی یاساکانی سروشت نەبوایە ئەوە ئەو کات بوونی نەدەبوو هەروەها ئەمە مانای ئەوە نیە گەر هەر شتێک سروشتی بێت ئیتر ئوتوماتیکیەن باش و بە کەڵک بێت. بۆیە ئەوی پێویستمان بێت واز هێنانە لەم جۆرە ئارگومێنتی باش و خراپە یان سروشتی و نا سروشتیە. ئەبێت بپەڕینەوە بۆ جۆرە ئارگومێنتێکی دیکە. سەبارەت بە خۆم پرسە سەرەکیەکە ئەوەیە کە ئایا شتەکان دەبنە هۆی کەوتنەوەی زەرەروزیان یاخود دەبنە هۆی کەوتنەوەی گرفت و ئازار بۆ بوونە مرۆییەکان، دەبێت ئەمە ببێتە جێگەی سەرنج و فۆکەسی هەموو مشتومڕە ئەخلاقیەکان، ئەو مشتومڕە ئیتیک و ئەخلاقیانە نا کە گوێڕایەڵ و

پابەندی هەندێک یاسان، وەک یاسای سروشت و یاسای خودا و یاسای دەوڵەت، ئیتیک و ئەخلاق لە کۆتاییدا پەیوەندی بە معانات و ئازارەوە هەیە.

**تایلۆر:**

ئۆکەی با بگەڕێنەوە بۆ لای ژیژەک، تۆ ئاماژەت بەوە کرد و تێگەشتین، ئایا ئەو ناچاریەی مرۆڤ لە کوێ دێت بەوەی بیربکاتەوە لەوەی سروشت لە خۆیدا باشە یان خاوەن یاسای تایبەت بە خۆیەتی، وەک دەزانیت سروشت بە پێی هەموو پێناسەکان باش نیە، کاتێک شتێک دەبینت کە نا سروشتیە چۆن بیری لێ دەکەیتەوە؟ یان کاتێک مووەکان لە سەر شان و مل و قۆڵەکانت بەرز دەبنەوە پیت وایە هیچی لە بارەوە نازانیت.

**ژیژەک:**

لە راستیدا تۆ ئیفتیزازم دەکەیت بەوەی ئاراستەیک بگرم، لە ڕاستیدا من لەوە دەترسم بچمە بەرەی ئاراستەیەکەوە. لێرەدا حەز دەکەم پرسیارێکی پێچەوانە بکەم بەو مانایەی کە ئایا (باشە) هەر بە ڕاستی لە خۆیدا (باش)ەیە. با نمونەیەکی گرنگتر وەربگرین، لەبەرئەوەی کە من پسپۆرم تێیدا، پسپۆر بەو مانایەی کە من لەو بوارە سێ کتێبی دیارم خوێندۆتەوە، ئایا دەتوانی وێنای جیاهانێک بکەیت، جیهانێک هەرچەندە کێشەسازە بە ئاین کە بەشێکی زۆری تەرخان کراوە بۆ نەهێشتنی ئازار بەراورد بە بودیزم. وەک دەڵێن بودا ئەگنۆستیکێکی بێدین بووە، ئەو دەڵێت بەلای منەوە گرنگ نیە کە خودا چۆن ئازارەکان کەمدەکاتەوە لە مرۆڤدا. بەڵام وەک دەزانیت پاش مردنی بودا، لە هەندێک ویلایەتی هینددا

بودیزم ڕاستوخۆ بووبە ئاینی دەوڵەتی، هەروەها ناچار بوون سازشیشی بۆ بکەن، دەبوو سێ ستراتیژی ترسانک قەبوڵ بکەن، یەکەمیان کە تایبەت بوو ئەوروپای کلاسیکەوە، بەوەی نابێت هیچ کوشتنێک ئەنجام بدرێت جگە لەوەی دەبێت بە کوشتنی بێگەرد و پاک ڕێگری لە کوشتنی زیاتر بگرین، ئەمە هەر ئەوە بوو کە لە بنەڕتدا نازیەکان دەیانگوت، کتێبی پیرۆزی هێنریش هیملەر بە ناوی(بهەگەڤت-گیتا) جونکە لە کتێبەکەیدا ئەوەت فێر دەکات، ئاشنای ئەکت و نمایشەکانت مەبە، هیملەر بە ڕوونی دەڵێت، ئەمە هەر بەو جۆرەیە کە دەبێت ئەفسەرێکی نازی پارزێزگاری لە ئینسانیەتی خۆی بکات تەنانەت کاتێک منداڵی جولەکەکان دەکوژێت.

دووەم ڕەگەز کە بودیزم وەریگرت ئەو ئایدیایە بوو کە دەڵێت هیچ حەقیقەتێکی ئۆنتۆلۆژی توند بوونی نیە، جیهان یەکپارچە بریتیە لە کایۆتیک و پەشێویی دیاردەکان، هەروەها هیچ حەقیقەتێکی جەوهەری بوونی نیە، بۆیە ئەمەیان بەکارهێنا بۆ پاساودان بە جەنگ. من بکەر و سوبێکتێک نیم من تەنها(ئاتمانێکم-ڕۆحێکم) کە سەرقاڵی چاودێریکرنی ئەو شتەیە چی لە دونیا دەگوزەرێت. گەر تەمەنتان کافی بێت و هەندێک ڕوداوتان بیربێتەوە زۆر باشە، ڕەنگە هەندێکتان دایس سوزکیتان بیر بێت کە هیپی و بودیزمێکی ناسراو بوو لە شەستەکان، ئەو بە تەواوی پشتگیری میلتاریزمی وڵاتی چینی دەکرد، لەم نمونەیەدا ڕونی دەکەمەوە، ئەو دەڵێت گەر بڕۆمە نێو نێرڤانەی بودیزمەوە، چیتر وەک کەسێکی ئۆتۆنۆم خۆم نابینم، تەنها چاودێری ئەو دانس و سەمای دیاردەیە دەکەم کە نازانم چۆن جەستەت بە جۆرێک دەکەوێتە سەر چەقۆکەم. دەبێت لێرەدا لێم تێبگەیت بەوەی چۆن بودیزم بەشێکی زۆری تەرخانە بۆ کەمکردنەوە و نەهێشتنی ئازار و

معاناتەکان، بۆیە هەر بە ڕاستی گەر بتەوێت شەر لە گەڵ ئازارەکان بکەیت ئەوە ئاگاداری ئەوانە بە کە بانگەشەی خێر و چاکەخوازی دەکەن.

زانایەکی فیزیا شتێکی جوان دەنوسێت (ستیڤن واینبێرگ) دەڵێت: کتێبێکم دەربارەی جودایزم و مەسیحیەت نوسی، لە ڕاستیدا ڕەهەندی ڕزگارکەرانەیان تێدا دەبینم بەڵام لە بنەڕەتدا من مولحیدم..هتد ئەو دەڵێت بەبێ دین خەڵکی باش باش دەبێت و خەڵکی خراپ، خراپ دەبێت، تۆ پێویستت بە شتێکە وەک دین بۆ ئەوەی خەڵکی باش، کردەوەی نابەجێ و شتی خراپ ئەنجام بدەن، گەر مێژوویش شتێک پشتڕاست بکاتەوە هەر ئەمەیە..

**تایلۆر:**

ئایا دەکرێت وەک سەرچاوەیەک مامەڵە لە گەڵ زەویدا بکەین بۆ دەستخستنی ئەو کالاّ و توخمانەی کە هەن و، سود بە مرۆڤ دەگەیەنن، ئایا دەکرێت سود لە سەرچاوە سروشتیەکانی زەوی هەر لە دارستانە باراناویەکانەوە تاکو کانەکانی لیسیۆم وەربگرین بەبێ گوێدانە کاریگەریەکان؟ ئایا ڕات لە سەر زەوی و کاریگەریەکانی چیە ئایا بە نسبەت مرۆڤەوە تەنها عەقڵێکە و تەواو؟

**یوڤاڵ:**

زۆر باشە هەوڵ ئەدەم وڵامی پرسیارەکەت بدەمەوە. هەروەها کۆمێنتێک لە سەر ئەوە بدەم کە گوێبیستی بووم. بەڵێ دەکرێت بەکاریبهێنین بەڵام بەکارهێنانەکانمان بۆ سەرچاوە سروشتیەکانی زەوی دەبێت سنوردار و بە وریاییەوە بێت، مەبەستم بوون بە بەشێکە لە سروشت، هەرچەند ئەمە تا بڵێی

ئاڵۆزە و بە تەواوی لێی تێناگەین. گرنگترین شت ئێمە کە بزانین ئەوەیە کە بە جوانی لە سروشت تێناگەین، هەروەها بە جوانیش لە خودی خۆمان تێناگەین. ئەمە دەمانباتەوە بۆ ئەو پرسیارەی کە، ئەگەر بتوانی هەر ئایدیایەک وەربگرین و بە رادەیەکی کافی پاڵی پێوە بنێی ئەوە بە کوشتنی ملیۆنان خەڵکی کۆتایی دێت. دەتوانی ئایدیای ڕێگریکردن لە ئازار وەربگریت و پاساو و ڕەوایەتی بە جەنگ بدەیت، دەتوانیت مەسیحەیت بە ئایدیاڵی خۆشەویستیەوە وەربگریت یاخود بە ناوی خۆشەویستی گەردونیەوە و لە ژێر ناوی ئەوین و خۆشەویستیدا وەربگریت ئەو کات ئێمە پشکنینی بیروباوەڕ و جەنگی خاچپەرستانمان هەیە کە خەڵکیان بە زیندوی دەسوتاند و هەڵگەڕاوەکانیان دەکوشت، ڕوودانی هەموو ئەمانە بە هۆی خۆشەویستیەوە بوون بۆ ئایدیاڵەکانی خۆیان. بە هۆی ئاڵۆزییە لە ڕادەبەرەکەی سروشتەوە، مۆراڵ و ئەخلاق بریتیە لە مۆدێرەیشن و ناوەندگیری، بەشێکی زۆر لە خەڵک خاوەنی ئەو ئایدیا هەڵەیەن وەک دەبینی لە زۆربەی ئاین و ئایدۆلۆژیەکاندا بە بیرۆکەیەکی باش دەستپێدەکەیت دواتر خەڵک وا دەزانن زۆر توندڕەویت، بۆ نمونە پاڵ بە بیرۆکەیەک دەنێم تاکو زیاتر ئەخلاقی بم، بەڵام ئەمە بە پێچەوانەوە ڕاستە. زۆربەی کات مۆراڵ و ئەخلاقی ڕاستەقینە بە تایبەت لە ناوچە مامناوەندی و میانڕەوەکاندا دەتوانرێت لە خۆیدا باش بێت. کاتێک کەسێک پێت دەڵێت ئێمە پێویستمان بەوەیە یەک ملیۆن خەڵک بکوژی بۆ ئەوەی پێنج ملیۆن کەس ڕزگار بکەین، لە ڕاستیدا ئەمە هەمیشە پڕوپاگەندەیە و هەڵەیە.

دەزانم فەیلەسوفەکان زۆرجار لە گەڵ ئەم ئارێشە ئەخلاقیانەدا دەگەن بە جۆرێک لە سیناریۆی توندڕەوی، فەیلەسوفەکان دەبوو زۆر بیربکەنەوە بۆ ئەوەی بگەن بەم سیناریۆ خەیاڵیانە چونکە هەرگیز لە واقعدا ڕونادات. لانی کەم لە ئاستێکی

گەورەی مێژوودا نیە، هەمیشە تۆ بژاردە و ئۆپشنی زیاترت لە بەردەمدایە کاتێک کەسێک ئەم بژاردەیەت بۆ دەخاتە بەردەست، یەک ملیۆن خەڵک بکوژە بۆ ئەوەی پێنج ملیۆن کەس ڕزگار بێت، پێویستە هەمیشە بگەڕێیتە دواوەوە سەرلەنوێ پرسیارەکەش لە جوارچێوە بنێیتەوە، چونکە دەیانەوێت پاڵت پێوە بنێن بۆ نێو تەڵەیەکی ئەخلاقی، لە مێژوودا هەمیشە ئۆپشن و بژارەی جیاواز هەیە، وەک دەتوانی سەیری ئێستای ئۆکرانیا بکەیت، بۆیە کەسێک هەیە دێت و پرسیارەکە لە چوارچێوە دەنێت وەک بژاردەیەکی دوانەیی. سەیرکە یان دەبێت ناتۆ ئەوەی من داوای ئەکەم بۆم ئەنجام بدات یان ئۆکرانیا دەگرم و ئازار و نەهامەتیەکی ترسناک بە سەر ملیۆنان خەڵک دەسەپێنم، ئەوە بژاردەی تۆیە و تەنها دوو بژاردەن، ئەو شتەی زۆر گرنگە درکی بکەین ئەوەیە ئەم چوارچێوە و لە قاڵبدانە قەبوڵ نەکەین و ڕەتیبکەیەنەوە، بۆیە هەمیشە بژاردەی زیاتر هەیە بۆ ئەوەی پەنای بۆ بەرین، تەنانەت گەر ناتۆ داواکاریەکانت ڕەتکاتەوە بەمانای ئەوە نیە کە ئەو تاکە بژاردەیەی کە دەمێنێتەوە بریتی بێت گەیاندنی ئازار و نەهامەتیەکی زۆر بە سەر ملیۆنان خەڵکی.

دەبێت بە هەمان نەهج و تێڕوانین سەبارەت بە بەکارهێنانی سەرچاوەکانی زەویش بڕوانین، ئێمە پێویستمان بە تێڕوانینێکی فراوانە، پێویستە لەوە تێبگەین ئەو کار و کردەوانەی ئەنجامی دەدەین هۆکارێک بێت بۆ هاوکاری خەڵک، بەڵام هەمان کار و کردەوە کە دەیکەین ڕەنگە زیان بە کەسانی دیکە بگەیەنێت، زیان بە بەشێکی زۆری ئاژەڵان بگەینێت. ئەو کات سەیردەکەین گەر ڕێگایەکی ناوەندی بدۆزینەوە و بژاردەکانی دیکەش هەبێت پەنای بۆ دەبەین نەک ڕێگایەکی توندڕەوانە....

# کۆتایی سروشت

کارەساتە ئیکۆلۆژیە گەورەکانی ساڵی ٢٠١٠ لە گەڵ مۆدێلی گەردونناسی دێریندا دەگونجێت، گەردوونناسی دێرین وای نیشان دەدا کە ژیان لە چوار توخمی سەرەکی پێکهاتبێ: هەوا، هەوری شێوە خۆڵەمێشی گڕکانی ئایسلاند، کە دەتوانێت هاتوچۆی هێڵی ئاسمانیی ئەوروپا لە جوڵە بخات و پەکبخات. خاک، قوڕ و لیتە و بومەلەرزە لە وڵاتی چین. ئاگر، کە شارێکی بە قەدەر مۆسکۆ لە ژیان و جوڵە دەخات. ئاو، سونامی لە ئەندەنوسیا، لافاو کە بووەتە هۆی ئاوارە بوونی ملیۆنان کەس لە پاکستان و شوێنەکانی دی. بەڵام پەنابردنێکی لەو شێوەیە بۆ حیکمەتی نەریتی کۆن هیچ تێڕوانینێکی ڕاستەقینە لە ڕازەکانی دۆخی دایکە-سروشتی کێویمان پێشکەش ناکات. هەرچۆنێک بێت، ئەم پەنابردنەمان تەنها وەک ئامرازێکی دڵنەوایی ئەنجام دەدەین. لە ڕاستیدا ئەم ڕێگەیە بە جۆرێک بوارمان پێدەدات خۆمان لەو پرسیارە بە دوور بگرین کە هەموومان دەمانەوێت بیکەین: ئایا ڕوداوی زیاتر بەو قەبارەیە لە کارنامەی سروشتدا بۆ ساڵی ٢٠١١ دەردەکەون؟ (دیارە ژیژەک ئەم وتارەی لە ٢٠١٠دا نوسیوە..و.).

لە سەردەمی بێهیوایی و پاش-ئایینداا، هەروەها لە سەردەمی تەکنەلۆژیای پێشکەوتوودا، چیتر ناتوانرێت کارەساتەکان وەک بەشێک لە خولێکی سروشتی ببینرێت یان دەربڕینی وەک غەزەبی خودایی مانایان پێببەخشرێت. کارەساتە ئیکۆلۆژییەکان-کە ئیتر دەتوانرێت لە نزیکەوە و بە بەردەوامی تەماشا بکرێت و

ببینرێت-بەهۆی پەیوەستی جیهانەکەمانەوە بە تەزوی کارەبای بەردەوامەوە— دەبنە دەستیوەردانێکی بێمانا و تووڕەییەکی کوێر و وێرانکەر. وەک ئەوە وایە ئێمە شاهیدی کۆتایی سروشت بین. لە دونیای ئەمڕۆدا ئێمە چاومان لە پسپۆر و شارەزایانی زانستە بۆ ئەوەی هەموو ئەو دیاردە ئاڵۆزانە درک بکەین و بزانین. بەڵام کێشەکە لەوادایە کە ئەوان هیچ شتێک ئەنجام نادەن. زانست خۆی لە بنەڕەتەوە گۆڕیەوە بۆ زانیاری ڕووت و تایبەت، هەروەها کۆمەڵێک ڕاڤە و ڕوونکردنەوەی ناتەبای پێشکەشکردووە وەک پێیان دەوترێت "بۆچوونی پسپۆران". بەڵام ئەگەر ئێمە سەرزنشت و لۆمەی شارستانیەتی زانستی-تەکنەلۆژی بکەین و بە هۆکاری زۆرێک لە سەختی و ئارێشەکانمان تاوانبار بکەین، ئەوە ئەو کات ناتوانین بەبێ هەمان ئەو زانستە هیچ شتێک ئەنجام بدەین بۆ چارەسەرکردنی زیانەکان-دواجار ئەوە تەنها زاناکانن دەتوانن کونی ئۆزۆن ببینین. یان وەک دێڕێکی کتێبەکەی ڤاگنەر کە دەڵێت " برینەکە تەنها بەو ڕمە چاک دەبێتەوە کە دروستی کردووە". بۆیە هیچ ڕێگەیەک نیە بۆ گەڕانەوە بۆ حیکمەتی گشتگیری پیش-زانست، واتا بۆ ئەو جیهانەی کە زەوی لە ئاو، هەوا، ئاگر و خاک پێکهاتبوو.

لە ڕاستیدا زانست بە جۆرێک ئەتوانێت یارمەتیدەرمان بێت، بەڵام پێم وایە ناتوانێت بە تەنیا هەموو کارەکە ئەنجام بدات. لە بری ئەوەی چاو لە زانست بکەین بۆ ئەوەی دونیاکەمان کۆتایی پێنەهێنێت، دەبێت سەیری خۆمان بکەین و فێربین بیربکەینەوە و دونیایەکی نوێ چێ بکەین. لانی کەم بۆ ئەوانەی لە ڕۆژئاواد دەژین، ئەستەمە قەبوڵی ئەوە بکەین و ببین بە چاودێرێکی پاسیڤ، یان وەک چاودێرێک دانیشین و سەیری هەڵدێران و ئاشکرابوونی چارەنوسمان بکەین. بچنە نێو چێژی چەوت و شەهیدبوونی پێشوەختەوە، ئێمە دایە سروشتمان تووڕە

کردووە، ئەوەی بە دەستی دەهێنین شایەنی خۆمانە. ئامادەبوون بۆ قەبوڵکردنی بەرپرسیارێتی سەبارەت بە هەڕەشەکانی سەر ژینگەکەمان بە شێوەیەکی زۆر فریودەرانە دەبینرێت. گەر ئێمە تاوانبار بین، ئەوە هەموو شتێک بەندە بە ئێمەوە. بەو مانایەی دەتوانین زۆر بە سادەیی هەر بە گۆڕینی شێوازی ژیانمان خۆمان ڕزگار بکەین. ئێمە زۆر بە پەرۆش و نیگەرانییەوە کاغەزە کۆنەکان ڕیسایکڵ دەکەیەنەوە، خۆراکی ئۆرگانیک دەکڕین- یان هەرشتێکی دی-تەنها بۆ ئەوەی بتوانین دڵنیا بین کە شتێگەلێک دەکەین، تێیدا پشک و بەشداریمان تێیدا هەیە.

بەڵام گەردوونی مرۆڤ دۆست، کە بە شێوەیەکی جادوویی بۆ ئاسودەگی مرۆڤ داڕێژراوە، ئەوەی پێی دەوترێت هاوسەنگی سروشت، کە مرۆڤ بە هەموو فیز و لوتبەرزی خۆیەوە بە شێوەیەکی زۆر دڕندانە وێرای دەکات و لە ناوی دەبات، ئەفسانەیە، هاوسەگی سروشت جگە لە ئەفسانەیەک شتێکی دی نیە. خودی کارەساتەکان بەشێکن لە مێژووی سروشتی زەوی. ئەو ڕاستییەی کە خۆڵەمێشی تەقینەوەی گڕکانێکی زەبەلاح لە ئایسلەنەدا زۆربەی فڕۆکەکانی ئەوروپای خستە سەر زەوی و ناچاری نیشتنەوەی پێکردن، بیرخستنەوەیەکی زۆر پێویستە، بیرخستنەوەیەک بەوەی ئێمەی مرۆڤەکان بەو دەسەڵاتە زۆرەی کە بە سەر سروشتدا هەمانە، هیچ نین جگە لە جۆرێکی زیندوی گیانەوەر لە سەر زەوی، جۆرێک کە تەنها یەکێکین لەو زیندەوەرانەی کە پشت بە ئیکۆسیستەمی ناسکی هەسارەکە دەبەستێت. کەواتە دەکرێت بپرسین داهاتوو چی لە هەگبەیدا بۆ ئێمە هەڵگرتووە؟ شتێک لێرەدا ڕوونە: پێویستە خوو بگرین بە شێوە ژیانێکی کۆچەری و نۆمادیک. زانست تەنها دەتوانێت هەندێک شتی سنوردار بکات بۆ ئەوەی

ئاگادارمان بکاتەوە لە گۆڕانکاری وردە وردە یان لە ناکاو کە لە ژینگەکەماندا ڕوودەدات. لەوانەشە ئەم گۆڕانکاریانە گۆڕانکاری کەلتوری و کۆمەلآیەتی نەبیستراو بێت کە پێشتر ڕوویان نەداوە. گریمان تەقینەوەی گڕکانێکی نوێ دەبێتە هۆی وێرانکردنی شووێنیکی نیشتەجێبوون، ئەم تەقینەوەیە وا دەکات شوێنەکە بە هیچ شێوەیەک بە کەڵک نەیات بۆ نیشتەجێبوون و ژیانکردن تێیدا، ئەو کات لە کوێدا دانیشتوانی ئەو شوێنە ماڵ و نیشتمانێک دەدۆزنەوە؟ جووڵەی بەرفراوانی دانیشتوان لە ڕابردوودا ڕووداوگەلێکی بێ پلان بوون کە لە ئەنجامدا ئازار و لەناوچوونی تەواوی شارستانیەتەکانی بەدوای خۆیدا دەهێنا. بەڵام ئەمڕۆ، کاتێک چەکی کۆمەڵکوژ نەک تەنها بۆ دەوڵەتەکان بەڵکو تەنانەت بۆ گروپە لۆکاڵیەکانیش بەردەستە، مرۆڤایەتی ناتوانێت بە ئاسانی ئاڵوگۆڕێکی خۆبەخۆ لە ئاستی دانیشتواندا بکات.

لە ڕاستیدا دەبێت فۆرمی نوێی هەماهەنگی جیهانی دابهێنرێت، هەماهەنگیەک کە پشت بە بازاڕ یان دانوستاندی دیپلۆماسی نەبەستێت. ئایا ئەمە خەونێکی مەحاڵە؟ مەحاڵ و نامەحاڵ(مومکین و نامومکین) هەردوکیان لە یەک کاتدا دەڕژێنە ناو زیادەڕەوییەوە. لە بواری ئازادی کەسێتی و شانشینی تەکنەلۆژیای زانستیدا نامومکین(مەحاڵ) زیاتر و زیاتر دەبێتە مومکین(نامەحاڵ). دەتوانین ئاسۆی بەرزکردنەوەی توانا جەستەیی و دەروونییەکانمان وەربگرین، دەستکاریکردنی تایبەتمەندیە بایۆلۆژیەکانمان لە ڕێگەی دەستتێوەردانەکان بۆ ناو جینۆم، لە گەشتن بە خەونی تێک-گنۆستیکی نەمری لە ڕێگەی بەکۆدکردنی جیاکەرەوەکانمان و خۆراکپێدانی شوناسمان لە ڕێگەی پرۆگرامی کۆمپیوتەرەوە، هەموو ئەمانە ئەگەرن و ئیمکانی رودانیان هەیە. بەڵام کاتێک باس لە پەیوەندیە

ئابوری و کۆمەڵایەتیەکان دەکرێت، ئەوە ئێمە سەردەمی خۆمان وەک سەردەمیکی پێگەشتوو و قەبوڵکراو درک دەکەین.

لە گەڵ دارمانی کۆمۆنیزمدا ئێمە چیتر وازمان لە خەونە یۆتۆپیە دێرینە هەزار ساڵەکەمان هێنا و سنورەکانی واقعمان بە توندی قەبوڵکرد، واتا قەبوڵکردنی واقعی کۆمەڵایەتی و ئابوریی سەرمایەداری بە هەموو مەحاڵەکانیەوە. ئێمە ناتوانین بەشداری ئەکتی بەکۆمەڵی بەرفراوان بکەین، کە بە زەرورەت لە تیرۆری تۆتالیتاریەت کۆتایی پێدێت. ئێمە ناتوانین بە دەوڵەتی ڕەفا و خۆشگوزەرانی کۆنەوە بنوسێین، دەوڵەتێک کە وامان لێدەکات بێرکابەر بین و پاشان قەیرانی ئابوری لێ بکەوێتەوە. ئێمە ناتوانین خۆمان لە بازاڕی جیهانی داببڕین و گۆشەگیر بکەین.

بۆ ئێمە، زۆر ئاسانترە وێنای کۆتایی جیهان بکەین وەک لەوەی وێنای گۆرانکاری کۆمەڵایەتی جدی بکەین. شاهیدی ئەو فیلمە بێشومارانە بن کە باس لە کارەساتی جیهانی دەکەن و کەچی فیلمی ئەوتۆی سەرنجراکێش سەبارەت بە کۆمەڵگا جێگرەوەکان هەرگیز نەبووە یان بە جۆرێک غایبە. ڕەنگە ئیتر کاتی ئەوە هاتبێت چەمکەکەمان پێچەوانە بکەینەوە سەبارەت بەوەی چی مومکینە و چی نا مومکین، ڕەنگە پێویست بێت مەحاڵبوونی نەمریی هەموو شتێک قەبوڵ بکەین و ئەگەری گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی ڕادیکاڵ لە بەرچاو بگرین. ئەگەر سروشت ئیتر نەزمێکی جێگیر نەبێت کە بتوانین پشتی پێببەستین، ئەوا پێویستە کۆمەڵگاکەمان بەهەمان شێوە بگۆڕێت، گەر بمانەوێت لە سروشتێکدا بمێنینەوە، سروشتێک کە چیتر دایکێکی خەمخۆری باش نیە، بەڵکو زەرهەڵگەڕاو و بێباکە دەرهەق بە مرۆڤ، ئەوە دەبێت گۆڕانکاری جدی و ڕادیکاڵ بکەی لە شێوە ژیانی مرۆییمان.

# وانەکان سەبارەت بە پیسبوونی کەش و هەوا[13]

## کێشەی پیسبوونی کەشوهەوا و قەیرانی ئیکۆلۆژیا

**یەکێک لە سەرنجڕاکێشترین شتەکانی پیسبوونی کەشوهەوای وڵاتی (چین) ئەوەیە کە نۆرمەڵایزە و ئاسایی کراوەتەوە.**

لە کانونی دووەمی ساڵی (٢٠١٦)دا، تەم و مژێکی زۆر لە شارە گەورەکانی چین دروست بوو، ئەم تەم و مژە ئەوەندە چڕ و گەورە بوو، وایکرد کە هەزاران کەس شوێنی نیشتەجێبونیان بەجێبهێڵن و هەڵبین بۆ نێو لادێکان و دەوروبەری، هەموو ئەو خەڵکە هەڵهاتووە هەوڵیان ئەدا بگەن بە شوێنێک کە هیچ نەبێت مرۆڤ بتوانێت ئاسمانی شین ببینێت-ئەم کارەساتەی کەش و هەوا(ئایرپۆکالیپسی) کاریگەری چڕی لە سەر نیو ملیار مرۆڤ هەبوو. بۆ هەموو ئەوانەی مابوونەوە، جوڵەی ژیانیان وەک فیلمێکی پاش قیامەت دەچوو، خەڵک بە دەمامکی گەورەی غازەوە لە نێو تەمی چڕدا کە تەنانەت دارەکانی دەوروبەریانیش لە چاو

[13] Airpocalypse : بە گشتی بە مانای پیس بوونی کەش و هەوا دێت، بە مانایەکی تر کەڵەکە بوونی تەم و مژێکی چڕ لە شووێنێکی دیاریکراودا، ئەمەش بە تایبەت لە ناوچەکانی ئاسیا درووست دەبێت بەهۆی کارگە زۆر و زەبەلاحەکانی ئەو ناوچانە، بە تایبەتریش ئەم پیسبوونی کەش و هەوایە زیاتر لە چین دەرکەوتووە.

ونبووبوون دەڕۆشتن. ڕەهەندی چینایەتیش ڕۆڵێکی گرنگی لەم دیاردەیەدا هەبوو، پێش ئەوەی دەسەڵاتداران بەهۆی خراپی کەش و هەواوە ناچاربن فرۆکەخانەکان دابخەن، ئەوانەی کە توانای گەشتێکی گرانبەهایان هەبوو، ڕێگەیان پێدرا شارە زیانلێکەوتوەکانیان بەجێ بهێڵن. هەروەها بۆ سوکایەتیکردن بە بریندارەکان، یاساناسانی پەکین کارەساتی تەم و مژەکەیان لە لیستی کارەساتەکانی کەشناسی حسێب کرد و ناساند، دەسەڵاتدارانی چین ئەم کارەساتەیان وەک کردەوەیەکی سروشتی پێناسەکرد نەک ئەوەی کە کاریگەری پیسبوونەکە لە ڕێگەی پیشەسازیەوە دروستبووبێت، لە ڕاستیدا ئەمەش بۆ ئەوە بوو ڕێگری بکەن لە تاوانبارکردنی دەسەڵاتداران لە مەڕ کارەساتەکە. بەم شێوەیە پۆلێکی نوێ لە پاڵ لیستیی درێژی پەنابەرانی جەنگ و وشکەساڵی وسۆنامی و بومەلەرزە و قەیرانی ئابووری..هتد زیادکرا، ئەویش بریتی بوو لە پەنابەرانی دوکەڵ و تەم ومژ.

ڕەنگە سەرسوڕهێنەرترین شت لەم کارەساتەی کەشە و هەوایە(ئایرۆکالیپسە)دا خێرایی **ئاساییبوونەوە**[14] بێت دەر هەق بە کارەساتەکە. پاش ئەوەی دەسەڵاتداران نەیاتوانی چیتر ئینکاری ئەو کێشە و بەڵایە کە توشیان بووە بکەن، ڕێکار گەلێکیان گرتە بەر بۆ ئەوەی بە جۆرێک لە جۆرەکان خەڵک بەردەوام بن لە بەڕێکردنی ژیانی ڕۆژانەیان ئەویش بە پەیڕەوکردنی هەندێک ڕۆتیناتی نوێ، وەک ئەوەی ئەم دوکەڵ و تەمومژە کارەساتاوییە حەقیقەتێکی نوێی ژیان بێت. لە ڕۆژانی هاوشێوەدا هەوڵ دەدەیت زۆرترین کات لە ماڵەوە بەسەر بەریت، ئەگەر پێویست بوو لە کاتی هاوچۆشدا دەمامک بەکاربهێنیت. هەمیشە وایە مندالأن بەم جۆرە هەواڵە دڵخۆش دەبن چونکە زۆربەی ڕۆژەکان بە هۆی داخستنی

---

[14] normalization

قوتابخانەکانەوە دەرفەتێکیان بۆ دروست دەبێت بۆ مانەوە لە ماڵەوە و یاریکردن و بەسەر بردنی کاتە خۆشەکانیان. گەشتکردن بۆ لادێکان کە هێشتا تێیدا ئاسمانی جوان و شین دیارە، دەبێتە بۆنەیەکی تایبەت، بۆنەیەک کە مرۆ بەوپەڕی دڵخۆشییەوە چاوەڕوانی دەکات(لە ئێستاشدا لە پەکین دەزگاگەلێک هەن کە تایبەتمەندکراون بۆ ئەم جۆرە گەشتە یەک ڕۆژەیە).

گرنگترین شت ئەوەیە کە نەشلەژێیت و، ئەو ئارامی و کەشە ڕواڵەتیە بپارێزیت کە ژیان سەرەڕای سەختی و دژواریەکانی هێشتا هەر بەردەوامە.

ئەگەر کاردانەوەیەکی لەم جۆرە لە بەرچاوی بگرین، ئەوە لە ڕاستیدا شتێکە شیاوی تێگەشتنە، بەوەی ئێمە ڕووبەڕووی شتێک دەبینەوە کە بە تەواوی لە دەرەوەی ئەزموونی دەستەجەمعی ئێمەیە، تەنانەت سەرەڕای بەڵگە زۆرەکانیش. بۆ ئێمە ئەو شتە شەپۆلی گۆڕانکارییە بایۆلۆژی و فیزیکاڵە گەورەکانی جیهانە کە بەردەوام پشتگیریمان کردووە. بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی ئەم هەڕەشەیە ببینەوە، ئایدۆلۆژیای دەستەجەمعیمان خەریکە میکانیزمەکانی خۆ-دزینەوە و خۆ-فریودان گلاڵە دەکات و بە ئاراستەی ئیرادەی نەزانی ملدەنێت: کاتێک کۆمەڵگا مرۆییەکان لە مەترسیدا دەبن و شکست دەهێنن، شێوازێکی باوی ڕەفتار ئەوەیە کە زیاتر لە کێشەکە بێئاگا بن و کوێر بن نەک زیاتر سەرنجیان لەسەر قەیرانەکە بێت.

شتێک لێرەدا زۆر حەتمیە، ڕوودانی گۆڕانێکی دەرونی و کۆمەڵایەتیی نائاساییە کە وا لە بەرچاوماندا کەم کەم چێ دەبێت، بە جۆرێک مەحاڵەکان خەریکە دەبنە نامەحاڵ و مومکین. ڕوداوێک کە سەرەتا وەک مەحاڵ درک و ئەزموون دەکرێت بەڵام لە بنەڕەتدا ڕاستی نیە(ئەگەری ڕوودانی کارەساتی داهاتوو هەرچەند ئەگەری ئەوەی هەیە ڕووبدات، بەڵام باوەڕمان بەوە نیە کە بە شێوەیەکی زۆر

کاریگەر ڕوبدات، بەم شێوەیە وەک مەحاڵ ڕەتیدەکەینەوە) یان دەبێت بە ڕاستی بەڵام چیتر مەحاڵ نیە، کاتێک کارەساتەکە ڕوودەدات بە جۆرێک لە جۆرەکان" **نۆرماڵیزە و ئاسایی** " دەکرێتەوە و، هەر وەک بەشێک لە ڕۆشتنی ئاسایی شتەکان هەستی پێدەکرێت-وەک ئەوەی پێشتر موومکین و شیاو بووبێت. ئەو بۆشاییەی کە ئەم شتانە دەکاتە شتگەلێکی مومکین ئەو بۆشاییەیە کە لە نێوان مەعریفە و ئیماندا هەیە: ئێمە دەزانین کارەساتی (ئیکۆلۆژی) مومکینە، تەنانەت ئەگەری رووداني هەیە. بەڵام لە گەڵ ئەوەشذا هێشتا باوەڕمان بەوە نیە کە بە ڕاستی ڕووبدات.

با گەمارۆدانی شاری **سرایڤۆتان**[15] لە سەرەتای نەوەداکاندا بەبیر بهێنمەوە: ئەو ڕاستیەی کە شارێکی "ئاسایی"ئەوروپی کە نیو ملیۆن دانیشتیوانی تێدایە گەمارۆ دەدرێت و برسی دەکرێت و بەردەوام بۆردومان دەکرێت، لە هەمان کاتدا هاوڵاتیانی شارەکە بە گولەی قەناس تیرۆر دەکرێن،،هتد بەم جۆرە، ئەم شەڕە بەردەوام دەبێت بۆ ماوەی سێ ساڵ- بەڵام پیش ساڵی ١٩٩٢ ئەم کردەیە بە شتێکی خەیاڵی و وێنانەکراو دادەنرا- زۆر ئاسایی دەبوو بۆ زلهێزەکانی ڕۆژئاوا کە گەمارۆکە بشکێنن و ڕێڕەوێکی بچوکی سەلامەت بەڕووی شارەکەدا بکەنەوە. کاتێک گەمارۆدانی شارکە دەستی پێکرد، تەنانەت هاوڵاتیانی سرایڤۆ پێیان وابوو کە ئەمە ڕووداوێکی کورتخایەنە و پاش ماوەیەک نامێنێت، هەوڵیان ئەدا مناڵەکانیا بۆ ماوەی یەک دوو هەفتە بنێرن بۆ شوێنێکی سەلامەت و پارێزراو تاکو ئەم تەنگ و چەڵەمەیە کۆتایی دێت. بەڵام پاش ماوەیەک زۆر بە خێرایی گەمارۆدانەکە "

[15] The siege of Sarajevo: گەمارۆدانی سەرایڤۆ، گەمارۆیەکی درێژخایەنی سەرایڤۆی پایتەختی بۆسنە و هەرزەگۆڤین بوو کە لە سەردەمی جەنگی بۆسنە و جینۆسایدی بۆسنەدا رویدا. کاتێک بۆسنە و هەرزەگۆڤین پاش ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی لە ساڵی ١٩٩٢ ویستیان دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان دروست بکەن و، سەرەبەخۆیی خۆیان لە سربەکانی بۆسنە وەربگرن و کۆماری سربسکا دامەزرێنن کە زۆربی ناوچەکانی بۆسنەی لە خۆدەگرت، بۆیە ئەم ڕیفراندۆمە بووبە هۆی گەمارۆدانی شارەکە و بە هێزێکی زۆرەوە پەلاماری شارەکە درا.

ئاسایی و نۆرماڵیزە" کرا. هەمان ئەم تێپەڕبوونە لە مەحاڵەوە بۆ ئاساییبوونەوە- شتێکە کە بە قۆناغێکی کورتی نێوان ترس و بێهێزی گوزەر دەکات- ئەمەش بە ڕوونی لە چۆنێتی وەڵامی دامەزراوەی لیبراڵی ئەمریکی بۆ سەرکەوتنی ترەمپ لە هەڵبژاردنەکاندا دیار بوو. هەروەها بە روونی دیارە کە چۆن دەسەڵاتی دەوڵەت و سەرمایە گەورەکان پەیوەندیان بە هەڕەشە ئیکۆلۆژیەکنی وەک توانەوەی سەهۆڵبەندانەکانی جەمسەری باکور هەیە. هەر ئەو سیاسی و بەڕێوەبەرانەی کە تا ئەم دوایانەش ترسی گەرمبوونی جیهانیان وەک ترسی قیامەت ئاسای کۆمۆنیستەکانی پیشوو ڕەتدەکردەوە و نکۆڵیان لێدەکرد. یان وەک دەرئەنجامێکی پێشوەختە و لە سەر بنەمای بەڵگەی کەم و لاواز، دڵنیامانیان دەکردەوە کە هیچ هۆکارێک نیە بۆ ئەوەی بترسین و بشڵەژێین، شتەکان وەک هەمیشە بەردەوامن و کێشەیەک لە ئارادا نیە، بەڵام ئێستا لە ناکاو مامەڵە لە گەڵ گەرمبوونی جیهان وەک ڕاستیەکی حاشا هەڵنەگر و ئاسایی دەکەن، هەر وەک بەشێک لەو شێوازەی کە دەڵێت شتەکان "وەک هەمیشە بەردەوامن و لە جێی خۆیاندان".

لە تەموزی ساڵی ٢٠٠٨دا، کەناڵی سی ئێن ئێن بەردەوام ڕاپۆرتێکی پیشان ئەدا: ڕاپۆرتی "سەوزکردنی گرینلاند"[16]. بەو بۆنەیەوە ئاهەنگیان دەگێڕا بۆ ئەو دەرفەتە نوێیانەی کە دەبێتە هۆی توانەوەی بەفر ئەم توانەوەش وەک ئۆفەرێک پێشکەش بە خەڵکی گرینلاند دەکرێت، گوایە ئەوان لە ئێستا بەدوا دەتوانن سەوزە لە زەوییە کراوەکاندا بچێنن..هتد. قێزەونی ئەم ڕاپۆرتە بە تەنیا ئەوە نیە کە تیشک دەخاتە سەر چەند سودێکی بچوکی کارەساتێکی جیهانی، بەڵکو لە هەمان کاتدا یاری بە دوو مانای وشەی "سەوز" دەکات لە گوتاری گشتیماندا

[16] Greenland: گرینلاند وڵاتێکی شێوە دوورگەییە، بەشێکە لە شانشینی دانیمارک. دەکەوێتە نێوان زەریای جەمسەری باکوور و زەریای ئەتڵەسی، لە ڕۆژهەڵاتی دوورگەکانی جەمسەری باکووری کەنەدا.

(یەکەم مانای سەوز بۆ ڕووەک، دووەم ماناش بۆ نیگەرانییەکای ئیکۆلۆژیا). ئەمەش بە جۆرێکە، بۆ ئەوەی زیادبوونی هۆشیاری ئیکۆلۆژی بەو ڕاستییەوە ببەسترێتەوە کە ڕووەکی زیاتر دەتوانێت لەسەر خاکی گرینلاند گەشە بکات لە ئەنجامی گەرمبوونی جیهاندا. ئایا ئەم جۆرە دیاردانە هێشتا نمونەیەکی دیکە نین کە نایۆمی کلاین ڕاستیەکەیمان پێدەڵێت، کاتێک لە دۆکترینی شۆکدا باسی ئەو شێوازەی سەرمایەداری جیهانی دەکات کە کارەساتەکانی وەک (جەنگەکان، قەیرانە سیاسیەکان، کارەساتە سروشتیەکان) دەقۆزێتەوە بۆ ڕزگاربوون لە گوشاری کۆمەڵایەتی "کۆن" و سەپاندنی کارنامە و ئەجێندای خۆی لە سەر ئەو تاتەبەردەی کە بەهۆی کارەساتەوە پاککراوەتەوە؟ ڕەنگە، کارەساتە ئیکۆلۆژییەکانی داهاتوو، زۆر دوور بێت لەوەی بتوانێت سەرمایەداری لاواز بکات، پیدەچێت لە بری ئەوەی لاوازی بکات ببێتە گەورەترین هاندەر بۆی. ئەوەی لەم گۆڕانکاریەدا وون دەبێت بریتیە لە هەست و تێگەشتنێکی درووست سەبارەت بەوەی ڕوودەدات و لە گەڵ هەموو ئەو تەڵە چاوەڕواننەکراوەی کە کارەساتەکە دەیشارێتەوە.بۆ نمونە، یەکێک لە پارەدۆکسە ناخۆشەکانی دۆخە دژوارەکانی ئێمە ئەوەیە کە هەر هەوڵێک بۆ بەرنگاربوونەوەی مەترسیە ئیکۆلۆژییەکان دەیگرینە بەر لە هەمان کاتدا بەشداریەکی ڕاستەوخۆش بن بۆ گەرمبوونی جەمسەرەکان: ئەگەر کونە ئۆزۆنەکە بە جۆرێک لە جۆرەکان دابخرێت یارمەتی پاراستنی ناوەوەی جەمسەری باشوور دەدات لە گەرمیبوونی جیهان، بۆیە گەر ئەم کونە چاکبکرێتەوە ئەوە جەمسەری باشوور دەتوانێت بە خێرایی بەر بە گەرمبوونی تەواوی گۆی زەوی بگرێت. شتێک لێرەدا ڕوونە، لە دەیەی ڕابردوودا، لە کۆمەڵگا پاش-پیشەسازییەکاندا باسکردنی ڕۆڵی باڵادەستی "کاری فیکری" شتێکی باو بوو، بەڵام ئێستا شەڕی

سەرچاوە کەمەکانی وەک (خۆراک، ئاو، وزە و کانزاکان) و هەروەها پیسبوونی ژینگە، ئەوە نیشان دەدات کە چۆن ماددییەت(ماتریاڵیتە) لە ئێستادا بە تۆڵەکردنەوەیەک لە هەموو دەرکەوتنەکانیدا خۆی دەسەپێنێت. تەنانەت کاتێک ئێمە دان بە ئامادەیی خۆماندا دەنێین بەرامبەر وەرگرتنی بەرپرسیارێتی لە کارەساتە ئیکۆلۆژیەکاندا.ئەمە دەتوانێت تاکتیکێکی فێڵاوی بێت بۆ دوورکەوتنەوە لە مەودای ڕاستەقینەی کارەساتێک.

تەنانەت کاتێک ئێمە دان بە ئامادەگی خۆماندا دەنێین بۆ وەرگرتنی بەرپرسیارێتی لە ئاست کارەساتەکانی ژینگەکەمان، ئەوا ئەم ئامادەگییە لەخۆیدا دەتوانێت کوالیتییەکی فریودەرانەی هەبێت بۆ دوورکەوتنەوە لە ڕەهەندە ڕاستەقینەکانی کارەساتێک: ئێمە چێژ لەهەستکردن بە تاوان دەبینین چونکە ئەگەر تاوانبار بین، ئەوە ئەو کات هەموو شتێک پەیوەست دەبێت بە ئێمەوە، ئێمە ئەمانەوێت پەتی کارەساتەکە بە دەستەوە بگرین و ڕایکیشین، بۆ ئەوەی بتوانین بە گۆڕینی ژیانمان خۆمان ڕزگار بکەین. ئەوەی بەڕاستی بۆ ئێمە(لانی کەم بۆ ئێمە لە ڕۆژئاوا) کە قەبوڵکردنی قورس بێت ئەوەیە کە، وەک تاک، لە ڕۆڵێکی تەواو پاسڤی ئەو کەسانەدا کورت دەبینەوە، ئەو کەسانەی کە تەنیا دەتوانن دانیشن و سەیری چارەنوسمان بکەین بەوەی چی بە سەردێت، بۆ ئەوەی لە دۆخێکی لەو شێوەیە دوور بکەوینەوە، مەیلی ئەوەمان بۆ دروست دەبێت بەشداری چالاکیەکی وەسوەسەی هێمنانە بکەین، چالاکیەکی پاسیڤی وەک: کاغەزی کۆن ڕیساکڵ بکەین، خۆراکی ئۆرگانیک بکڕین یان هەر شتێکی تر، تەنیا بۆ ئەوەی دڵنیا بین کە شتێک دەکەین. هەر وەک هاندەرێکی تۆپی پێ کە لە ماڵەوە و لە بەردەم شاشەی تەلەفزیۆنیکدا دانیشتووە و پشتگیری تیپەکەی دەکات، هاوار دەکات و لە

سەر کورسیەکەی باز دەدات، بەو هیوا خورافیەی کە کاریگەری لە سەر ئەنجامەکەی دابنێت، ئەمە تەنها بۆ ئەوەیە دڵنیا بین کە شتێک هەر دەکەین.

ڕاستە، ئینکاری فیتیشیستی تایبەت بە هەڕەشە ئیکۆلۆژییەکان بەم شێوەیە دەربڕدراوە: "زۆر باش دەزانم (کە هەمووومان هەڕەشەمان لە سەرە)، بەڵام لە ڕاستیدا من باوەڕم پێی نیە( بۆیە ئامادە نیم بۆ کردنی هیچ شتێکی گرنگ وەک گۆڕینی شێوازی ژیانم)". بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا فۆرمی پێچەوانەی ئەم ئینکاریکردنەیش هەیە: "من باش دەزانم کە ناتوانم بە راستی کاریگەری لە سەر ئەو پرۆسە وێرانکاریە دابنێم ، پرۆسەیەک کە دەتوانێت ببێتە هۆی وێرانبوونم(وەک تەقینەوەی گڕکانێک)، بەڵام سەرەڕای ئەوەش زۆر زەبر بەخش و تراوماتیکە بۆ من کە ئەمە قەبوڵ بکەم، بۆیە ناتوانم بەرنگاری ئەو حەزە ببمەوە بۆ ئەنجامدانی کارێک، تەنانەت ئەگەر لە کۆتاییدا بزانم کارەکە بێمانایە". ئایا ئێمە خواردنی ئۆرگانیک بە هەمان هۆکار ناکڕین؟ هەر بەڕاستی کێ باوەڕی وایە کە سێوێکی نیوە ڕزیو و گرانبەهای "ئۆرگانی" تەندروست ترە لە سێوێکی نا ئۆرگانی؟ مەسەلەکە ئەوەیە، گەر تەنانەت تەندروستیش بێت(زۆرێکیان لەوانەیە تەندروست بن)، ئێمە هەر دەیانکڕین چونکە لە ڕێگەی کڕینیانەوە ئێمە بە تەنها بەرهەمێک ناکڕین و بەکاری ببەین-ئێمە لە یەک کاتدا شتیکیماندار دەکەین، ئەویش هۆشیاری و ئاگایی جیهانی خۆمان پیشان دەدەین، بۆیە ئێمە بەشداری لە پرۆژەیەکی گەورەی بە کۆمەڵدا دەکەین. دەبێت بەم جۆرە یاریانە کۆتایی پێبهێنین. ئایرپۆکالیپس(پیس بوونی هەوا) لە چین ئاماژەیەکی ڕوونە و، وەک بیرخستنەوەیەکی توندی سنورەکانی چالاکی ژینگەپارێزیمان کار دەکات، کە بە تێکەڵەیەکی سەیر لە کارەسات و ڕۆتین، تاوانباربوون و بێباکی تایبەتمەندە.

کایەی ئیکۆلۆژیا لە دونیای ئەمڕۆدا یەکێکە لە گۆڕەپانە سەرەکیەکانی شەڕی ئایدۆلۆژی، بە چەندین تاکتیکی جۆراوجۆر بۆ شاردنەوەی مەودای ڕاستەقیەی هەڕەشەی ئیکۆلۆژی بەکاردەهێنرێت: (١) نەزانی سادە: دیاردەیەکی بچوک و پەراوێزیە، شایەنی سەرقاڵبوونی ئێمە نیە ژیان(ی‌ی سەرمایە) بەردەوام دەبێت و سروشت ئاگای لە خۆی دەبێت. (٢) زانست و تەکنەلۆژیا دەنتوانن ڕزگارمان بکەن. (٣) چارەسەرەکە بۆ بازاڕ بەجێبهێڵە و باجی زیاتر بخەرە سەر پسیکەرەکان. (٤) فشاری ئیگۆ لە سەر بەرپرسیارێتی کەسی(فەردی) لە بری ڕێوشوێنی گەورەی سیستەماتیک، هەر یەکێک لە ئێمە دەبێت ئەوە بکەن کە دەتوانن بیکەن، بۆ نمونە ڕیسایکڵ بکات، کەمتر بەکاربهێنێت..هتد. (٥) ڕەنگە خراپتر لە هەمویان- لانی کەم لە ڕووی دەرئەنجامە ئایدۆلۆژیاکانەوە- بریتی بێت لە بانگەشەکرن بۆ گەڕانەوە بۆ هاوسەنگی سروشتی، بۆ ژیانێکی بێگەردتر و نەریتی کە بەهۆیەوە دەستبەرداری خۆبەزلزانینی مرۆڤ دەبین و سەرلەنوێ دەبینەوە بە منداڵە نازدارەکەی دایکە سروشتمان.

ئایا گوتاری باڵادەستی ئیکۆلۆژیا وەک تاوانبارێکی پێشوەختە بەرامبەر بە سروشت مامەڵەمان لە گەڵ ناکات یان قەرزارباری دایکە سروشتمان ناکات، ئایا لە ئەنجامی فشارە بەردەوامەکانی دەزگای سوپەرئیگۆی ئیکۆلۆژیدا، لە سەر بنەمای تاکەکەسی مخاتەبەی هەریەکەمان ناکات؟ ئایا ئەمڕۆ چیت کرد بۆ ئەوەی قەرزەکەت بە سروشت بدەیتەوە؟ ئایا هەموو ڕۆژنامەکانت خستە ناو سەبەتەی ڕیساکلێکی دروستەوە؟ ئایا هەموو بوتڵە بیرەکان یان قوتووی کۆکاکۆلاکەت خستەوە شوێنی شیاوی خۆی؟ ئایا ئۆتۆمبێلەکەت لەو شوێنەدا بە کارهێنا کە دەتتوانی پاسکیل یان هەر ئامرازێکی دیکەی گواستنەوەی گشتی بەکاربهێنیت؟ ئایا ئامێری

فێنکەرەوەکەت (سپلیتەکەت) بەکارهێناوە لە جیاتی ئەوەی پەنجەرەکان بە فراوانی بکەیتەوە؟ گرەوە ئایدۆلۆژیەکانی ئەم جۆرە تاکگەراییە بە ئاشکرا دەبینرێن: لەبری ئەوەی پرسیاری جیهانی زۆر گرنگتر لەبارەی تەواوی شارستانیەتی پیشەسازیمانەوە بخەمەڕوو، من گیرۆدەی خۆپشکنینی خۆم دەبم و لە خۆمدا وون دەبم. سەرەڕای ئەوەش، پێویستە مرۆڤ تێبینی ئەوە بکات کە چۆن دانپێدانان بەم تاوانەدا گوایە دەمودەست چارەسەرێکی ئاسان و سادە بە دوای خۆیدا دێنێت: بەکارهێنانەوەی شتە باکارهاتووەکان و ڕیسایکڵکردن، کڕینی خۆراکی ئۆرگانیک، بەکارهێنانی وزەی نوێبوەوە..هتد ئەنجامدانی ئەم ئەکتانە و هەندێک کردەی دیکەی ژینگەدۆستی گوایە واتلێدەکەن چیتر هەست بە هیچ تاوانێک نەکەیت، ئەو کات دەتوانی چێژ لە ژیانت وەرگریت.

تەڵەیەکی دیکە کە دەبێت لێی دورکەوینەوە بریتیە لە دژە سەرمایەداری ئەخلاقی-هەموو ئەو باسانەی دەربارەی ئەوەی کە چۆن خواستی ئیگۆیی بۆ سامان و دەسەڵاتی زیاتر لە نێوان کەسە سەرمایەدارەکاندا گوایە سیستەمی سەرمایەداری بە زیندووی دەهێڵێتەوە. لە سەرمایەداریی راستەقینەدا، تەماحی فەردی ملکەچی هەوڵی نا-فەردی خودی سەرمایەیە بۆ دوبارە بەرهەمهێنانەوە و فراوان بوون. بەم شێوەیە خەریکە مرۆڤ وەسوەسەی ئەوە بکات: ئەوەی بەڕاستی زۆر پێویستمانە بریتیە لە ئیگۆی ڕۆشەنگەرانەتر، نەک هیچی تر. بۆ نمونە هەڕەشەی ئیکۆلۆژیا وەربگرن: ئەوەی پێویستە لێرەدا کارێک بکات بەرژەوەندیەکی ئیگۆیستی درێژخایەنە بۆ سروشت نەک خۆشەویستیەکی ساختەی ڕۆحباوەڕانە. ڕەنگە ململانێی نێوان کاپیتاڵیزم و ئیکۆلۆژیا وەک پێکدادانێکی نمونەیی نێوان بەرژەوەندیە ئیگۆیی-سودگەراییە پاتۆلۆژیەکان دەرکەوێت یان وەک

خەمێکی ئەخلاقی دروست بۆ چاکەی گشتیی مرۆڤایەتی دەرکەوێت. بە وردبوونەوەیەک لە دۆخەکە، یەکسەر دەردەکەوێت کە بارودۆخی ڕاستەقینە تەواو پێچەوانەیە: لە ڕاستیدا ئەوە نیگەرانیە ئیکۆلۆژیەکانی ئێمەن کە ڕەگ و ڕیشەی لە هەستێکی سودبەخشی مانەوەدا هەیە. ئەوان تەنیا نوێنەرایەتی خود-بەرژەوەندی ڕۆشنگەرانە دەکەن، لە هەمووی گرنگتر بەرژەوەندی نەوەکانی داهاتوو بەسەر بەرژەوەندییە ڕاستەوخۆکانماندا. چەمکی ڕۆحانیەتی سەردەمی نوێ، سەبارەت بە پیرۆزی ژیان و یان ژینگە مافی پاراستنی هەیە، هیچ ڕۆڵێکی پێویست لە هۆشیاری ئیکۆلۆژیماندا ناگێڕێت. ئەگەر ئێمە لە هەموو ئەم کارەدا بە دوای ڕەهەندی ئەخلاقی بگەڕێین، ئەوا دەتوانین لە پابەندبوونی نەگۆڕی سەرمایەداری بە بەرهەمهێنانەوەی خۆی و هەمیشە فراوانبوونی خۆیدا بیدۆزینەوە: سەرمایەدارێک کە بەبێ مەرج پابەند بێت بە پاڵنەری خۆ-فراوانکردنی سەرمایەدارییەوە، ئەوە بە شێوەیەکی زۆر کاریگەر ئامادەیە هەموو شتێک، لەوانە بوون و مانەوەی مرۆڤایەتی بخاتە مەترسییەوە، نەک بە تەنها بۆ دەستکەوتێک یان ئامانجێکی پاتۆلۆژی، بەڵکو تەنیا لە پێناو بەرهەمهێنانەوە و پاراستنی سیستمەکە وەک ئامرازێک بۆ کۆتایی لە خۆیدا. Fiat profitus pereat mundu (با قازانج بە دەستبهێنرێت، تەنانەت ئەگەر دونیاش کۆتایی بێت) ئەمە هەر ئەوەیە کە ئێمە وەک دروشمێک گریمانەی دەکەین. ئەم دروشمە ئەخلاقیە ئەگەر خراپەکاریەکی ڕاستەوخۆ نەبێت ئەوە بێگومان سەیر دێتە بەرچاو، بەڵام لە ڕوانگەیەکی وردی کانتییەوە، نابێت ئەوەمان لەبیر بچێت کە ئەوەی وا دەکات جێی بێز و ڕق و کینە بێت بۆمان بریتیە لە کاردانەوەی مانەوەخوازیی "پاتۆلۆژیمان": سەرمایەدارێک، تا ئەو ڕادەیەی کە "بەپێی چەمکەکەی" خۆی ڕەفتار بکات،

کەسێکە کە بە دڵسۆزیەوە بەدوای ئامانجێکی گشتگیردا دەگەڕێت بەبێ ئەوەی ڕەچاوی هیچ بەربەستێکی "**پاتۆلۆژی**" بکات.

کەواتە وەک لینین دەیگوت، دەبێت چی بکرێت؟[17] پیتەر سلۆتەر دایک لە کتێبی (لە سەدەی بیستەمەدا چی ڕوویدا؟) بۆچونی خۆی دەخاتە ڕوو بەوەی لە سەدەی بیستەمدا دەبێت چی بکرێت، دوو وتاری یەکەمی کتێبەکە لە ژێر ناو نیشانی "ئەنترۆپۆسێن" و "لەماڵیکردنی مرۆڤەوە بۆ شارستانیکردنی کەلتور"[18] بە باشترین شێوە ڕاڤەدەکات. زاراوەی "ئەنترۆپۆسێن" کە پیتەر سلۆتەردایک لە کتێبەکەیدا باسیدەکات، ئاماژەیە بۆ قۆناغێکی نوێ لە مێژووی هەسارەکەماندا، واتا سەردەمێکی نوێ لە ژیانی هەسارەکەماندا دیاری دەکات، بەو جۆرەی کە مرۆڤ لەم ماوەیەدا چیتر ناتوانێت وەک کۆگایەکی ئامادە پشت بە زەوەی ببەستێت، بە جۆرێک چیتر هەم هەسارەیە ناتوانێت لێکەوتی چالاکییە بەرهەمدارەکانمان(زیانبەخشەکامان) هەڵبمژێت: چیتر ناتوانین کاریگەریە لاوەکیەکانی هەسارەکە یاخود(زیانە لاوەکیەکان)ی بەرهەمهێنانمان لە سەر هەسارەکە پشتگوێ بخەین، چیتر ناتوانرێت ئەم زیانانە لە پاشخانی فیگەری مرۆڤدا کورت بکرێتەوە. دەبێت لەمەودوا ئەوە قەبوڵ بکەین کە ئێمە لەسەر "**کەشتی ئاسمانی زەوی**"[19] دەژین و نیشتەجێین، هەروەها بە هەمو جۆرێک بەرپرسیارین لە بارودۆخەکانی. زەوی چیتر وەک پاشخانێکی نەبڕاوە بۆ چالاکییە بەرهەمدارەکانمان کار ناکات، لە بری ئەوە، وەک ئۆبێکتێکی (دیکە)ی سنوردار

[17] So what is to be done

[18] The Anthropocene" and "From the Domestication of Man to the Civilizing of Cultures

[19] Spaceship Earth

دەردەکەوێت، کە دەتوانین بەبێ مەبەست وێرانی بکەین یان بیگۆڕین بۆ شتێکی نەگونجاو بۆ ژیان.

ئەمەش بەو مانایەیە، کاتێک ئێمە ئەوەندە بەهێز دەبین کاریگەری لەسەر بنەڕەتیترین بارودۆخەکانی ژیانمان دەبێت، بۆیە دەبێت ئەوە قەبوڵ بکەین کە ئێمە جۆرێکی دیکەی ئاژەڵین لە سەر هەسارەیەکی بچوک-ئەوەی ئەم قەبوڵکردنەش جێبەجێ دەکات بریتیە لە دەسەڵاتی وێرانکەری جیهانی ئێمە.

هەرکات درکمان بەو مەترسیە کرد، ئەوکات پێویستە پەیوەندیەکی نوێ لە گەڵ دەوروبەرمان پەرەپێبدەین: چیتر کرێکارێکی قارەمان لە ئارادا نیە کە بتوانێت توانا و پۆتێنشاڵە داهێنەرانەکانی خۆی دەرببڕێت، چیتر ئەم کرێکارە بوونی نیە کە بتوانێت سوود لە سەرچاوە بێسنورەکانی دەوروبەری وەربگرێت، بەڵکو ئەم کرێکارە وەک بریکارێکی زۆر خاکی لە گەڵ دەوروبەرەکەیدا هەماهەنگی دەکات، بۆ هەمیشە دانوستان (سازش) لە سەر ئاستێکی گونجاو لە سەلامەتی و سەقامگیری دەکات.

ئایا پشتگوێخستنی زیانە لاوەکیەکانی هەسارەکە جۆرێک نیە لە بەرهەمی سەرمایەداری؟ ئەوەی لە بەرهەمهێنانی سەرمایەداریدا گرنگە بریتیە لە ڕەوتی خۆ-بەهێزکردن کە سەرنجی لە سەر قازانج بێت و بەس، ئەو زیانە لاوەکییانەی کە بە ژینگە دەگات لە تێچووی بەرهەمهێناندا قەرەبوو نەکراوەتەوە بۆیە لە بنەڕەتدا پشگوێ دەخرێت، تەنانەت هەوڵدان بۆ لە بەرچاوگرتنی باج و خەراج هەر شکست دێنێت (یان بە شێوەی ڕاستەوخۆ دانانی نرخێک لەسەر هەموو سەرچاوەیەکی سروشتی کە مرۆڤ بەکاری دەهێنێت، بە هەواشەوە) بە ناچاری شکست دەهێنێت. کەواتە بۆ ئەوەی ئەم مۆدێلە نوێیەی پەیوەندیکردن بە

دەوروبەرمانەوە جێگیر بکەین، گۆڕانکارییەکی سیاسی-ئابووری ڕیشەیی پێویستە، هەر ئەوەی سلۆتەردایک پێی دەڵێت "ماڵیکردنی کولتوری ئاژەڵە کێوییەکان".

تاکو ئێستا هەر کەلتورێک کە لە ژێر پەردەی دەسەڵاتی دەوڵەتدا، هاوڵاتیانی خۆی و ئەندامەکانی دسپلین و پەروەردە کردبێت، ئەوە ئاشتی مەدەنی لە نێوانیاندا گرەنتی و مسۆگەر کردووە، بەڵام پەیوەندی نێوان کەلتوور و دەوڵەتە جیاوازەکان بۆ هەمیشە لە ژێر سێبەر و ئەگەری جەنگدا بووە ، بۆیە هەر ئاشتییەک کە بوونی هەبێت تەنیا ئاگربەستێکی کاتی بووە. بە بڕوای هیگڵ، تەواوی ئەخلاقی دەوڵەتێک لە بەرزترین کردەی قارەمانێتیدا ئەو کات دەگاتە لوتکە کە لەسەر بنەمای ئامادەیی هاووڵاتییانی بۆ بەخشینی گیانی خۆیان بۆ بەرگری لە دەوڵەت-نەتەوەیی خۆیان چیٚ بووبێت، واتە ژیانی ئەخلاقیی لەسەر پەیوەندییە بەربەرییە کێوییەکانی نێوان دەوڵەتەکان بنیات دەنرێت. ئایا کۆریای باکور لەمڕۆدا، هەوڵەکانی بۆ دەستگەیشتن بە موشەک و چەکی ئەتۆمی بۆ لێدانی ئامانجە دوورەکان، کارێکاتێری کۆتایی لۆژیکی سەروەریی دەوڵەت-نەتەوە نیە؟

ئەو ساتەی کە ئێمە بە تەواوەتی ئەو ڕاستییە قەبوڵ دەکین، بەوەی ئێمە لە سەر زەوییەکی شێوە کەشتی ئاسمانی دەژین، ئەوە ئەرکێک خۆی بە سەرماندا دەسەپێنێت کە بریتیە لە شارستانیەتکردنی خودی شارستانیەتەکان، ئەرکی ئەم شارستانیەتە سەپاندنی هەماهەنگی و هاودەنگی گشتگیرە لە ناڤبەری هەموو پێکهاتە مرۆییەکان، ئەم ئەرکە بەهۆی سەرهەڵدانی بەردەوامی توندوتیژی "قارەمانانە"ی ئایینی و نەتەوەیی تائیفی و ئامادەیی بۆ قوربانیدانی خۆت (و جیهان) بۆ دۆزی تایبەتی خۆ، هێندەی تر قورستر بووە.

هەروەها توانای شکستپێهێنانی فراوانخوازی سەرمایەداری و، لە بەرامبەر ئەوەشدا هاوکاری و هاودەنگیی فراوانی نێودەوڵەتیی دەبێت بتوانێت خۆی بگۆڕێت بۆ دەسەڵاتێکی جێبەجێکار کە ئامادەیە بۆ پێشێلکردنی سەروەری دەوڵەت و هتد. ئایا هەموو ئەم ڕێوشوێنانە بە مەبەستی پاراستنی سەرچاوە سروشتی و کولتوورییە هاوبەشەکانمان نین؟ ئەگەر ئاماژە بە کۆمۆنیزم نەکەن یان ئاماژە بە ئاسۆیەکی کۆمۆنیستی نەکەن، ئەوا زاراوەی "کۆمۆنیزم" هیچ مانایەکی ڕاستەقینەی نییە.

# بەڵێ ئەوەی هەیە قەیرانی کەشوهەوایە

ئێمە وەک هاندەرانی تۆپی پێ واین کە لە بەردەم شاشەی تەلەفزیۆنێکدا لە ماڵەوە دانیشتوین، هاوار دەکەین و بە دەم تورەییەوە لە سەر کورسیەکانمان باز دەدەین، پێمان وایە ئەم باوەڕە خورافیە بە جۆرێک کاریگەری واقعی لە سەر ئەنجامی یاریکە دەبێت.

*سلاڤۆی ژیژەک ئەم وتارەی لە ساڵی ٢٠١٩دا و لە سەر سوتانی دارستانەکانی ئەمازۆن بڵاوکردۆتەوە. هەرچەند ژیژەک بەشێکی ئەم وتارەی بە شێوازی جیا جیا و لە هەندێک وتاری دیکەیدا باس کردووە بەڵام وەک عادەتی هەمیشەیی خۆی بەردەوام دەگەڕێتەوە بۆ تێزەکای پێشتری لە مەڕ پرسی ئیکۆلۆژیا، ئەم خۆ دوبارەکردەنەوەی ژیژەک، هەم نیشانەی گرنگی پرسەکەیە بۆ وجودی ئیکۆلۆژیا هەم قەلەقیەکی فکریە بەوەی نەک پەیامەکەی نەگەشتبێت..*

قسەکردن لە سەر قەیرانی کەشوهەوا جارێکی دیکە دەچێتە لوتکەی باسوخواسەکانەوە، بە جۆرێک تەوەری قەیرانی کەشوهەوا جارێکی دیکە لە پێشەنگی گفتوگۆکاندایە. هەروەک چۆن لەناوچوونی دارستانەکانی ئەمازۆن لە مانشێتی ڕۆژنامەکانماندا وردە وردە کاڵ دەبێتەوە و باسێکی ئەوتۆی لێوە

ناکرێت، بەڵام هەر بەڕاست ئەمە سەلمێنەری ئەوەیە کە ئێمە لە لێواری خۆکوشتنی بەکۆمەڵداین؟ ئایا ئێمەی توخمی مرۆڤ دەستیمان داوەتە خۆکوشتنێکی دەستەجمەعی؟ ئێمە بە شێوەیەکی غەریزی هەست دەکەین بەڕازیلییەکان بە لەناوبردنی دارستانە باراناوییەکانی ئەمازۆن "سییەکانی زەویمان" دەکوژن. بەڵام ئەو ئەنجامگیریە زۆر خێراییانەی کە خەیاڵمان سەرسام دەکەن، ڕێک ئەوەیە کە پێویستە خۆمانی لێ بەدوور بگرین ئەگەر بمانەوێت ڕووبەڕووی ئەو هەڕەشە جدیانە ببینەوە کە جێگەی مەترسین بۆ سەر ژینگەکەمان. دوو بۆ سێ دەیە پێش ئێستا هەمووان لە ئەوروپا باسی واڵدستێربینیان[20] دەکرد، ئەم واڵدستێرە بە واتای مردنی دارستانەکان دەهات. بابەتی مردنی دارستانەکان لەسەر بەرگی هەموو ڕۆژنامە و هەفتەنامە ناسراوەکاندا بوو، پێشبینیان کردبوو کە ئەوروپا لە پەنجا ساڵی داهاتوودا بەبێ دارستان ژیان دەکەن. ئێستا لە ئەوروپادا دارستانەکان زۆر زیاترن لە هەر ساتێکی سەدەی بیستەم، بۆیە ئێمەی توخمی مرۆڤ وا خەریکە ئاگایی سەبارەت بە مەترسیەکانی دیکە پەیدا دەکەین، بۆ نمونە لە قوڵایی زەریاکاندا چی ڕوودەدات.

هەرچەندە پێویستە هەڕەشە ئیکۆلۆژیەکان بە شێوەیەکی زۆر جددی وەربگرین، بەڵام پێویستە ئاگاداری ئەوە بین کە شیکاری و پێشبینیەکان لەم بوارەدا چەند ناڕوون و نادیارن - بەڵنیاییەوە تەنیا ئەو کاتە دەزانین چی ڕوودەدات کە زۆر درەنگ دەبێت. دەرئەنجامگیری خێرا سەبارەت بە ژینگە ئارگومێنتەکان پیشکەش بە نکۆڵیکارانی گۆڕانی کەشوهەوا دەکەن. پێویستە بە هەر نرخێک بێت خۆمان لە

[20] Waldsterben: هەلومەرجێکی تایبەت بوو لە ساڵانی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا و بە هۆکاری پیسبوونی بەرگەهەوا ڕیژەی دار و پانتایی دارستانەکان لە ناوەڕاستی ئەوروپا بەرەو کەمبوونەوە دەڕۆشت. هەرچەند بەشێکی زۆری مردنی دارەکان بەهۆی نەخۆشیە گوازراوەکانی وەک ڕووەک، مشەخۆرەکان، بارانی ترشەڵۆک و وشکەساڵیوە بوو..هتد و.ک

داوی "ئیکۆلۆژیای ترس" یان سەرسامی بەپەلە و نەخۆشانە سەبارەت بە کارەساتێکی نزیک بە دوور بگرین. ئەم ئیکۆلۆژیای ترسە نیشانە و تایبەتمەندیی فۆرمێکی ئایدیۆلۆژیای گەشەسەندوو و باڵادەستی لە سەرمایەداری جیهانیدا هەیە، تریاکێکی نوێیە بۆ جەماوەر کە جێگەی ئاینێکی ڕوو لە پووکانەوەی گرتۆتەوە.

بە جۆرێکی دی ئەم ئیکۆلۆژیای ترسە جێگەی ڕۆڵی سەرەکی ئایینی کۆن دەگرێتەوە، ئاینێک کە بریتی بوو لە دامەزراندنی دەسەڵاتێکی سنووردار و حاشا هەڵنەگر. ئەو وانەیەی کە پێی گەشتووین بریتیە لەو وانەیەی کە سنورداریتیمان توانا مرۆییەکانمان پێشیان ئەدات، بە جۆرێک ئێمە بەردەوام ناسکی خۆمانمان بیردەخرێتەوە، چونکە ئێمە وەک مرۆ یەک جۆر و یەک ڕەگەزین لە سەر زەوی، بەشیکی بچوکین لە بایۆسفێرێکی گەورەتر، **بایۆسفێرێک**(زیندەچینێک)[21] کە دەگاتە ئەودیوی سنور و ئاسۆی ئێمەوە. ئێمە سەرەوەختێک سەرچاوە سروشتیەکانمان بەکاردەهێنین ئەوە بە مانای ئەوەیە قەرز لە داهاتوو دەکەین، بۆیە پێویستە بەرێزەوە مامەڵە لە گەڵ زەویەکەماندا بکەین یان وەک شتێک مامەڵەی لە گەڵدا بکەین کە موقەدەس و پیرۆزە، شتێک کە بەتەواوی نابێت کەشف بکرێت و پەردەی لە سەر ڕامالرێت، دەبێت بۆ هەمیشە بە نهینی بمێنێتەوە(دەمێنێتەوە). هەرچەندە ئێمە ناتوانین ببین بە ئاغا و سەرداری بایۆسفێرەکەمان و بەتەواوەتی کۆنترۆڵی بکەین، بەڵام بەداخەوە توانای تێکدانی هاوسەنگیە ناسکەکەیمان هەیە، توانامان هەیە لە ڕێڕەوەکەی خۆی دەریبهێنین لە ئەنجامدا دێوانە ببێت و بچێتە دۆخی فەوزاوە و لە پرۆسەکەی خۆی بمانباتە

---

[21] Biosphere: بایۆسفێر لەو بەشانەی زەوی پێکهاتووە کە ژیان تێیدا بوونی هەیە- واتا کۆی هەموو ئیکۆسیستەمەکان. بایۆسفێر لە قووڵترین سیستەمی ڕەگی دارەکانەوە درێژ دەبێتەوە، تا ژینگە تاریکەکانی خەندەقی زەریاکان، تا دارستانە چڕوپڕە باراناوییە گەشاوەکان، لوتکەی شاخە بەرز و ناوچە ڕێڕەوییەکانی وەک ئەم ناوچەیە، کە ئیکۆسیستەمی ئۆقیانوس و زەمینیەکانی تێیدا یەکدەگرنەوە. (و)

دەرەوە. هەر لەبەر ئەمەشە کە سەرەڕای پەیامی بەردەوامی ئیکۆلۆژیستەکان بۆ ئەوەی گۆڕانکاری توند و ڕیشەیی لە شێوازی ژیانماندا بکەین، بەڵام بنەمای ئەم داواکاریە پێچەوانەی ئەوەیە: بێمتمانەییەکی قووڵ بە گۆڕانکاری، بە گەشەسەندن و پێشکەوتن هەیە. هەر گۆڕانکارییەکی ڕیشەیی دەتوانێت لێکەوتەی نەخوازراو و کارەساتباری بەدوای خۆیدا بهێنێت.

لێرەدا شتەکان هێندەی تر قورستر دەبن. تەنانەت کاتێک بە ئاشکرا دەڵێین کە ئامادەین بەرپرسیارێتی کارەساتە ئیکۆلۆژییەکان قبوڵ بکەین، ئەمە لە خۆیدا دەتوانێت پیلان و فروفێڵێک بێت بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی ئاریشەی ڕاستەقینەی هەڕەشەکە نەبینەوە. ئەم ئامادەگییە بۆ وەرگرتنی بەرپرسیارێتی هەڕەشەکان لەسەر ژینگەکەمان کوالیتییەکی فریودەرانەی ئاسوودەگی هەیە: ئێمە حەز دەکەین هەست بە بەرپرسیارێت(تاوانبارێت)ی بکەین چونکە ئەگەر هەست بە بەرپرسیارێتی(تاوانبارێت)ی بکەین، ئەوا ئێمەین کە کۆنترۆڵی کارەساتەکەمان هەیە و تەنها بە ئەنجامدانی گۆڕانکاری سادەی شێوازی ژیان دەتوانین خۆمان ڕزگار بکەین. ئەو بیرۆکەیەی کە ڕەنگە ئێمە وەک چاودێرێکی بێدەسەڵات یان لە ڕۆڵێکی تەواو پاسیڤدا کورت بینەوە بەوەی تەنیا بتوانین دانیشین و سەیری چارەنووسمان بکەن، شتێکە کە قبوڵکردنی لەڕادەبەدەر قورسە بۆ ئێمە (لانی کەم بۆ ئێمەی ڕۆژئاوایی). بۆ ئەوەی ڕێگری لەم کارە بکەین، مەیلی ئەوەمان هەیە کە بە پەرۆشەوە کار بکەین. ئێمە کاغەزی کۆن ریسایکل دەکەین، خۆراکی ئۆرگانیک دەکڕین، و چالاکییەکانی تری لەو جۆرە تەنها بۆ ئەوەی هەست بکەین کە بەشداری دەکەین و شتێک ئەکەین. ئێمە وەک هاندەرانی تۆپی پێ واین کە لە بەردەم شاشەی تەلەفزیۆنێکدا لەماڵەوە دانیشتوین، هاوار دەکەین و بە دەم

تووڕەییەوە لە سەر کورسیەکانمان باز دەدەین، پێمان وایە ئەم باوەڕە خورافیە بە جۆرێک کاریگەری لە سەر ئەنجامی یاریکە دەبێت.

ڕاستە کە ڕەتکردنەوە یان وەڵامی فیتیشیستەکان سەبارەت بە هەڕەشە ئیکۆلۆژیەکان ئەوەیە: "زۆر باش دەزانم (کە هەموومان هەڕەشەمان لەسەرە)، بەڵام من لە ڕاستیدا باوەڕم پێی نییە (بۆیە ئامادە نیم شتێکی بەڕاستی گرنگ بکەم وەک گۆڕینی شێوازی ژیان)". بەڵام فۆرمی پێچەوانەی ئەم ڕەتکردنەوەش هەیە کە دەڵێت: "زۆر باش دەزانم کە ناتوانم بەڕاستی کاریگەریم لەسەر ئەو پرۆسەیە هەبێت کە دەتوانێت ببێتە هۆی وێرانبوونم(وەک تەقینەوەی گڕکانەکان)، بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا زۆر تراوماتیک و زەبربەخشە بۆ من کە ئەمە قبوڵ بکەم، بۆیە ناتوانم بەرەنگاری ئەو حەزە ببمەوە کە شتێک بکەم، تەنانەت ئەگەر منیش لە کۆتاییدا بزانم بێمانایە". ئایا هەر لەبەر ئەو هۆکارە نییە کە ئێمە خۆراکی ئۆرگانیک دەکڕین؟ بەڕاستی کێ پێی وایە سێوە-نیوە ڕزیو و گرانبەها "ئۆرگانیە"کان هەر بەڕاستی تەندروستترن لەوانی دی؟ مەسەلەکە ئەوەیە کە ئێمە بە کڕینیان، تەنها بەرهەمێک ناکڕین و بەکاری ناهێنین — بەڵکو لە هەمان کاتدا شتێکی ماندار دەکەین، چاودێری و هۆشیاریی جیهانی خۆمان نیشان دەدەین، هەروەها بەشداری لە پرۆژەیەکی گەورەی بەکۆمەڵدا دەکەین.

ئایدیۆلۆژیای ئیکۆلۆژی باڵادەست ئێمە بە تاوانباری پێشوەختە دەزانێت، وا مامەڵەمان لە گەڵ دەکات کە قەرزارباری دایک سروشت بین، ئەم ئایدۆلۆژیایە بەردەوام لە ژێر فشاری دەزگای سوپەرئیگۆیی ئیکۆلۆژیدا دەمانهاڕێت، بەردوام بەم جۆرە موخاتەبەی فەردانیەتمان دەکات: ئەمڕۆ چیت کرد بۆ ئەوەی قەرزەکەت بە سروشت بدەیتەوە؟ ئایا هەموو ڕۆژنامەکانت خستۆتە ناو

سەبەتەیەکی دروستی ریسایکلکردنەوە؟ ئایا هەموو بوتڵە بیرەکانت ڕیساکڵ کردووە ئەی ئایا قوتوی کۆکا کۆکا کۆلاکانت چی لێکردووە؟ ئایا لەبری ئۆتۆمبێلەکەت پاسکیلەکەت یان گواستنەوەی گشتیت بەکارهێناوە؟ ئایا لەبری ئەوەی تەبریدەکە دابگیرسێنیت پەنجەرەکانت کردەوە؟". لە راستیدا، گرەوە ئایدیۆلۆژییەکانی ئەم جۆرە تاکگەراییە زۆر ئاسانە ببینرێت: لەبری ئەوەی پرسیاری جیهانی زۆر گرنگتر لەبارەی تەواوی شارستانیەتی پیشەسازیمانەوە بخەمەڕوو، گیرۆدەی خۆپشکنینی خۆم دەبم.

بەم جۆرە ئیکۆلۆژیا بە ئاسانی خۆی بە قەرز دەبەخشێت بە عیرفانیی ئایدۆلۆژیی یان جێگەی خۆی بۆ ڕازی ئایدۆلۆژی چۆڵدەکات. هەروەها دەتوانێت بیانویەکیش بێت بۆ سەختی و شلوقی سەردەمی نوێ(ستایشکردنی سەردەمی پێش مۆدێرن..هتد) یان بۆ نیۆکۆڵۆنیاڵیزم(سکاڵای جیهانی پێشکەوتوو لە مەترسی گەشەی خێرا لە وڵاتانی تازەپێگەیشتووی وەک بەرازیل یان چین) یان وەک هۆکارێک بۆ ڕێزگرتن لە "سەرمایەدارە سەوزەکان"(سەوز بکڕن و ریسایکل بکەن، وەک ئەوەی لەبەرچاوگرتنی ئیکۆلۆژیا پاساو بۆ ئیستغلالکردنی سەرمایەداری بهێنێتەوە). لە کاردانەوەکانماندا بۆ ئاگرکەوتنەوەکانی ئەم دواییەی ئەمازۆن، هەموو ئەمانە بووە هۆی تەقینەوەی هەموو ئەم گرژیانە.

دەتوانرێت مەودای ڕاستەقینەی هەڕەشەی ئیکۆلۆژی بە بەکارهێنانی یەکێک لە پێنج ستراتیژی سەرەکی تەمومژاوی بکرێت یان فرامۆش بکرێت. سەرەتا نەزانییەکی سادە هەیە: ئەم نەزانییە پێی وایە ئیکۆلۆژیا دیاردەیەکی پەراوێزییە، شایەنی سەرقاڵبوونی ئێمە نییە، ژیان بۆ خۆی بەردەوامە و، سروشتیش ئاگاداری خۆی دەبێت. دووەم: باوەڕێک هەیە پێی وایە زانست و تەکنەلۆژیا دەتوانن

ڕزگارمان بکەن. سێیەم: پێی وایە دەبێت چارەسەرەکە بۆ بازاڕ جێبهێڵین(بە دانانی باجی زیاتر لەسەر پیسکەرەکانی ژینگە هتد). چوارەم: لەبری ئەوەی ڕێوشوێنی سیستماتیکی بەرفراوان بگرینەبەر، پشت بە فشاری سوپەرئیگۆ دەبەستین لەسەر لێپرسینەوە لە تاک (هەریەکێک لە ئێمە دەبێ ئەوەی لە تواناماندا بێت بیکەین — ریسایکلکردن، کەمتر بەکارهێنان و هتد). پێنجەم: ڕەنگە خراپترینیان بێت، ئەویش بریتیە لە بانگەشەکردن بۆگەڕانەوە بۆ هاوسەنگی سروشتی، بۆ شێوە ژیانێکی بێگەردتر و نەریتیی، بۆ ئەوەی بتوانین جارێکی دیکە ببینەوە بە منداڵە ڕێزدارەکەی دایکە سروشت. کە بەلای منەوە مەحاڵە و ژینگە خۆی لە بنەڕەتدا هاوسەنگ نیە.

تەواوی ئەو بیرۆکەیەی کە دەڵێت دایکە سروشت[22] بەهۆی لەخۆباییبوون و خۆبەزلزانینمانەوە لە ڕێڕەو دەرچووە، جگە لە هەڵە تێگەشتن یان درۆیەک هیچی تر نیە. ئەو ڕاستییەی کە سەرچاوە سەرەکییەکانی وزەمان بریتیە لە خەڵوز و نەوت، هەروەها ئەم سەرچاوەیەش بەهۆی کارەساتی سروشتیەوە پێش بوونی مرۆڤ ڕویانداوە و بۆمان بەجێماوە، لە خۆیدا بیرخستنەوەیەکی ڕوونە بەوەی دایکە سروشت چەند سارد و دڕندەیە. بێگومان ئەمە بە هیچ شێوەیەک بەو مانایە نایەت کە پێویستە ئارام بین و متمانەمان بە داهاتوومان هەبێت: ئە ڕاستیەی کە زۆر ڕوون نیە بەوەی چی ڕوودەدات، ئەوەندەی دی دۆخەکە مەترسیدار دەکات. لە گەڵ ئەوەشدا، هەروەک چۆن بە خێرایی ڕوون دەبێتەوە، کۆچەکان(و ئەو دیوارانەی کە مەبەست لێی ڕێگریکردنن لە لێشاوی کۆچ..هتد) زیاتر و زیاتر لە گەڵ تێکچوونی ئیکۆلۆژی وەک گەرمبوونی جیهان هاوپەیوەست و یەکانگیر دەبن.

---

[22] Mother Nature

قیامەت و کاوولبوونی ئیکۆلۆژیا[23] لە گەڵ قیامەتی پەنابەراندا زیاتر و زیاتر دەبنە هاوکوف و سەریەک دەکەون هەروەک فلیپ ئاڵستۆن، لێکۆڵەری نەتەوە یەکگرتوەکان بە ووردی باسی لێوە کردووە: "

ئیمە مەترسی دۆخێکی شێوە **ئەپارتایدی**[24] کەشوهەوامان لە سەرە، کە تێیدا دەوڵەمەندەکان پارە دەدەن بۆ ئەوەی لە ناوچە گەرمەکان و برسێتی و شەڕ و ستەم هەڵبێن لە کاتێکدا باقی جیهان لە ناو ئازارێکی بێوێنەدا بەجێدەهێڵدرێت". هەروەها ئەوانەی کەمترین بەرپرسن لە دەردانی گازی ژەهراوی بۆ نێو جیهان لە هەمان کاتدا کەمترین توانایان هەیە بۆ پاراستنی خۆیان لە چرکەساتی دروستبوونی قەیرانەکان.

کەواتە گەر بگەڕێینەوە بۆ پرسیارە لینینیەکە: دەبێت چی بکرێت؟ ئەوە دەڵێین ئێمە لە ناو گێژاوێکی قوڵداین و، هیچ چارەسەرێکی سادەی"دیموکراتیک" لە ئارادا نیە لە ئێستادا. ئەو تێڕوانینەی کە پێی وایە دەبێت تاکەکان نەک تەنها حکومەت و کۆمپانیاکان، بە دەنگێکی بەرز بڕیار بدەن، بەڵام لە هەمان کاتدا پرسیارێکی گرنگ و چارەنوسساز دەوروژێنێت: تەنانەت ئەگەر تێگەیشتنیان بەهۆی بەرژەوەندیی کۆمپانیاکانەوە نەشێوێنرێت، چی وایان لێدەکات شایستەی بڕیاردان بن لە دۆخێکی وەها هەستیاردا؟ ئەوەی لە ئیستادا دەتوانین بیکەن ئەوەیە کە لانیکەم ئەولەویات و لە پیشترێتی پرسە گرنگەکان ڕاست بکەینەوە و، دان بە بێمانایی پوچێتی یارییە جەنگییە جیۆپۆلەتیکییەکانماندا بنێین. لە کاتێک هەر ئەو

---

[23] ecological apocalypse

[24] Apartheid[1] : سیستەمێک بوو لە سەر جیاکاری ڕەگەزی لە باشوری ئەفریقا ١٩٤٨ دەمەزراو بوو، تا سەرەتای نەوەدەکان بوونی هەبوو. بە کورتی کەسێکی ڕەش پێست لە چاو سپی پێستێکدا بە پلە دوو دادەنرا..بەڵام لێرەدا ئەم چەمکە بۆ مەبەستی دیکە بەکاردەهێنرێت، واتە لە بواری قەیرانی ئیکۆلۆژیادا بەکاردەهێنرێت. بۆ نمونە ١% دەوڵەمەنترین وڵاتانی جیهان دوو هێندە زیاتر لە ٥٠% وڵاتە هەژارەکانی جیهان دوانە ئۆکسیدی کاربۆن دروست دەکەن و بەرەڵای دەکەنە ناو ژینگەوە. ئەمە لە کاتێکدا ئەو وڵاتە هەژارانە زیاتر قورسایی قەیرانەکە لە ئەستۆ دەگرن سەرباری ئەوەی ئەوان نەبوونەتە هۆی دروستی بوونی.

هەسارەیەی کە جەنگ و شەڕەکانی بۆ دەکرێت لە ژێر هەڕەشەدایە. لە پرسی ئەمازۆندا بەردەوام ئەو یاریە گاڵتەجاڕە دەبینین کە ئەوروپا بەڕازیل تاوانبار دەکات و بەڕازیل ئەوروپا تاوانبار دەکات.

دەبێت ئەم یاری لۆمەکردنەی یەکدیە بوەستێنرێت، ئەمە پرسێکی نێونەتەوەییە نەک هی وڵاتێک و دوان بێت. مەترسییە ئیکۆلۆژییەکان بە ڕوونی ئەوە نیشان دەدەن کە سەردەمی سەروەریی دەوڵەت نەتەوەکان بەرەو کاڵبوونەوە و کۆتایی دەچێت؛ بۆیە لەم سۆنگەیەوە پیویستە دەزگا و ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتیی بەهێز هەبیت کە دەسەڵاتی هەماهەنگی ڕێوشوێنە پێویستیەکانی بگرێتە بەر. دەکرێت بپرسین ئایا پێویستیی ڕیکخراوێکی لەو شێوەیە ئاماژە بەو ئاراستەیە ناکات کە ئێمە ڕۆژێک لە ڕۆژان پێمان دەگووت "کۆمۆنیزم".(ژیژەک لێرەدا پێی وایە کە سنوری وڵاتان بەرە بەرە بەرەو کاڵبوونەوە دەچێت و خەریکە ڕایەکی گشتی سەبارەت بە قەیرانی ژینگە دروست دەبێت..و..)

# ئیکۆلۆژیا دژ بە دایکە سروشت

* ئەم وتارە لە مانگی ئایاری ٢٠١٥دا نوسراوە. ژیژەک وتارەکەی لە سەر یەکێک لە پڕ-مشتومڕترین پرسەکان نوسیوە لە سەردەمی ئێستاماندا. سلاڤۆی ژیژەک بەشیکی زۆری نوسینەکەی بۆ قسەکردن لە سەر فەلسەفەی ئیکۆلۆژیا تەرخانکردووە، بۆ ئەمەش زیاتر لە سەر کتێبەکەی مەکەنزی وارک(مۆلیکولاری سور) هەڵوەستە ئەکات، لە ڕێی کتێبەکەوە( مۆلیکولاری سور) وڵامی هەندێک لە ئارێشە و هەڵە گەورەکانی گوتاری ئیکۆلۆژیا ئەداتەوە. ژیژەک دەڵێت ئەگەر شتێکی باش لە سەرمایەداریدا هەبێت ئەوەیە کە لە ژێرەوەیدا، چیتر دایکە زەوی بوونی نابێت. هەرچەندە کتیبی مۆڵیکولاری سور بەشێکی زۆری تەرخانە بۆ قسەکردن لە سەر چاخی ئەنترۆپۆسێنس، چاخێک کە دەکرێت بڵێن لە دوای هۆلۆسێن کۆتا چاخە کە مرۆڤ پێی گەشتبێت. چاخی ئەنترۆپسێن سەردەمێکە بریتیە لە یەکەیەکی نافەرمی زمەنە جیۆلۆجیەکان، بە جۆرێکی دی بۆ باسکردن و وەسفکردنی  دوایین قۆناغی مێژووی زەوی بەکاردێت و تێدا چالاکیەکانی مرۆڤ دەستیکردووە بە کاریگەریدانانێکی بەرچاو لە سەر کەش و هەوا و ئیکۆ-سیستەمی هەسارەکە. تیۆری ئەنترۆپۆسێن، مەفهومەکەی وایە کە زەوی بۆ نێو نێو حکایەتێکی سەردەمی جیۆلۆجی جیاواز لەم سەردەمەدا پەلیهاویشتووە بە جۆرێکی دی، هەژموونی مرۆڤ بە تەواوی بۆ سەر ئیکۆسیستەمی هەسارەکە خەملیوە و زاڵبووە، ئەم تیۆرە لە نێو کایەی ئەکادیمیدا بۆچوونو تیۆرێکی باوە و قسەشی زۆر لە سەر

کراوە. چونکە مەکەنزی ئامرازێکی فەلسەفی نوێ بە نسبەت سەردەمی ئەنترۆپۆسێس دروست کردووە. مەکەنزی باوەڕی وایە کە مرۆڤ و هێزە سروشتیەکان بە شێوەیەک یەکانگیر بوون و تێکەڵبوون، کە داهاتووی یەکێکیان داهاتووی ئەویتریان دیاریدەکات. مەکەنزی وارک لە ڕێگەی چیرۆکی دوو ئیمپراتۆریەتەوە واتا یەکێتی سۆڤیەت و ئەمریکا لە کاریگەریەکانی ئەنترۆپۆسێنس دەکۆڵێتەوە. کەوتنی ئیمپراتۆریەتی یەکەمیان پێشبینی کەوتنی دووەمیان دەکات. لە نێو کارەسات و وێرانەییەکانی ئەم مێژووە بەهێزانەدا وارک کۆمەڵیک ئایدیامان پێشکەش دەکات بۆ درککردن و تێگەشتن و وێناکردنی جۆرە جیهانێک کە ڕەنگە کاری بە کۆمەڵ و کاری پێکەویی تێیدا بتوانێت بونیادبنرێت. لە شۆڕشی ڕوسیاوە وارک بەرهەم و کاری ئەلیکساندەر بۆگدانۆڤ-کە ڕکابەری لینین بوو- هەروەها بەرهەمەکانی نوسەر و ئەندازیاری گەورەی کەلتوری پرۆلیتاریا ئەندریە پلاتۆنۆڤی بە سەر دەکاتەوە. مۆیلکولاری سور ئەڵتەرناتیڤێکی واقعقی پێشنیار دەکات و، هیوا لەو شتانەدا دەدۆزێتەوە کە ماونەتەوە و دەمێنێتەوە. تێرمی ئەنترۆپۆسێن یان سەردەمی مرۆڤەکان، سەردمێکی جیۆلۆجی نوێ دیاریدەکات، سەردەمێک کە جێگرەوەی سەردەمی هۆلۆسین دەگرێتەوە. هۆلۆسین تایبەتمەندی سەردەمێک بوو لە ماوەی دە هەزار ساڵی ڕابردوودا کەش وهەوا تا ئەندازەیەک جیگیر بوو. مێژووی زەوی لە ماوەی ئەم دە بۆ یانزە هەزار ساڵەدا وەک مەکەنز دەڵێت کەش و هەواو یان ژینگەیەکی تا ئەندازەیەک جێگیری هەبووە، بەڵام پاش کۆتای هاتنی دوا سەردەمی (سەهۆڵبەندانی گەورە) و توانەوەی زەمەنی سەهۆڵبەنداندا گۆڕانی بنچینەی لە کەش و هەوا و ژینگەدا ڕویداوە، ئەمەش بە تایبەتی لە سەردەمی (سەهۆڵبەندانی بچوکدا) لە نێوان نزیکەی ١٢٠٠ بۆ ١٧٠٠ی زاینیدا

گۆڕانی ورده ورده چێ بووه و زەمەنی گەرمی له نێوان هەردوو سەهەڵۆبەنداندا چێ بووه. تاتتڵی کتێبەکه ئاماژەیه بۆ هەندێک تێزی که فلێکس گواتاری که به جیاوازی نێوان پرۆسێسەکانی مۆلار(گەرد به شێوەیەکی فراوان) له گەڵ مۆلیکولار(گەردیله و هێزه بچوکەکان) ناوبردووه ئەم پرۆسێسانەش ملیۆنان ساڵ دەخایەنێت  تاکو کاریگەریەکانی ئاشکرا بکرێت. به نسبەت وارکەوه مۆلار یەکسانه به ستەمی(بەڕێوەبردن)، له کاتێکدا مۆلیکولار هاوکاته له گەڵ هۆکاری ژێرزەمینی کار. ڕەنگی سور هەم بۆ مارکس و هەم بۆ دوو نوسەری زانستی خەیاڵی جێگەی بایەخن، یەکەمیان نوسەرێکی ڕوسیه به ناوی ئەلیکساندەر بۆگدانۆڤ که کتێبی یۆتۆپیای ئەستێرەی سوری له ساڵی ١٩٠٨دا نوسیووه، دووەمیشیان که نیشتەجێی کالیفۆڕنیایه به ناوی کیم ستانلی ڕۆبنسن که له ساڵانی نەوەدەکاندا کتێبی سێبەری مەریخی نوسیوه. سەردەمی ئەترۆپۆسێن مرۆڤەکان ناچار دەکات سەرلەنوێ بیر له پەیوەندیەکانیان بکەنەوه به هەسارەکەوه. وارک پێی وایه ڕووکردنه زانستی خەیاڵی له پێناو وەڵامەکاندا دەتوانێت تا ئەندازەیەک ببێت به ئامرازێکی بەرهەمدار بۆ چارەسەرکردنی نەزانراوەکان!! به تایبەت کاردانەوەی کۆمەڵگا بەرامبەر به ئیکۆلۆژیا که دیزانی خۆی دەسەپێنێت. سەرەڕای لیکۆڵینەوەی چڕ سەبارەت به گۆڕانی کەش و هەوا هێشتا نائومێدی و گومانەکان له لوتکەدان، جیهان زۆر دوور نیه لەوەی که گۆڕانی کەش و هەوا کۆمەڵگا بەرەو هەڵدێر ببات و پەلکێشی دەکات بۆ نێو نەزمه نوێکەی خۆی. هەسارەکه هێشتا چاوەڕێیه و هاواری شەڕی بونگەرایی خۆی دەکات بۆ ئازادی. (و.ک)

**دەقی وتارەکە:**

مانگی بیست و هەشتی نۆڤەمبەری ساڵی ٢٠٠٨، ئیڤا مۆراڵ، سەرۆکی بۆلیڤیا نامەیەکی گشتی لە ژێر ناونیشانی(گۆڕانی کەش و هەوا): هەسارەی زەوی لە سیستەمی سەرمایەداری ڕزگار بکەن" بڵاو کردەوە. لێرەدا بەشێک لە لێدوانەکانی دەخەینە ڕوو:

خوشکان و برایان: ئەمڕۆ، دایکە-زەوی نەخۆشە....هەموو شتێک لە گەڵ شۆڕشی پیشەسازیی ساڵی ١٧٥٠دا دەستی پێکرد. لە ماوەی دوو سەدە و نیودا، ئەو وڵاتانەی کە پێیان دەوترێت وڵاتانی "گەشەسەندوو" بەشێکی زۆری ئەو سووتەمەنیە بەردینەیان کە لەماوەی یەک ملیۆن ساڵدا درووستبووە بەکارهێناوە...لە ژێر هەژموون و ڕەحمی سەرمایەداریدا دایکە-زەوی چیتر بوونی نیە، ئەوەی بوونی هەیە بریتیە لە کەرەستە و ماتریاڵی خاو. کاپیتاڵیزم سەرچاوەی دروستبوونی نا-هاوسەنگی و نایەکسانیە لە جیهاندا".

ئەو سیاسەتەی کە حوکمەتی ئیڤا مۆراڵ لە بۆلیڤیا پەیڕەوەی لێدەکات لە لێواری خەباتی پێشکەوتنخوازانەی ئەمڕۆدا وەستاوە — بەڵام، سەرەڕای ئەوەش، دێڕە وەرگیراوەکەی ئەو بە ڕوونیەکی ئازاربەخشانەوە سنوردارکردنی ئایدۆلۆژیاکەی دەخەنە ڕوو(مرۆڤ هەمیشە باجێکی پراکتیکی بۆ ئەدات). مۆراڵ پشت بە حکایەتێکی شکستخواردوو دەبەستێت کە لە چرکەساتێکی مێژوویيدا

ڕوویداوە(هەموو شتێک لە شۆڕشی ١٧٥٠پیشەسازیدا دەستیپێکرد). ئەم شکستە(کەوتنە) بریتیە لە لەدەستدانی ڕەگ و ڕیشەکانمان لە نێو ڕەحمی دایکە-زەویدا.(لە ژێر سەرمایەداریدا چیتر دایکە زەوی بوونی نابێت). بۆ ئەمەش مرۆڤ هەمیشە وەسوەسەی ئەوە دەکات، گەر شتێکی باش لە سەرمایەداریدا هەبێت ئەوەیە کە لە ژێر ڕەحمی کاپیتاڵیزمدا، چیتر دایکە-زەوی بوونی نیە. کاپیتاڵیزم سەرچاوەی نا-هاوسەنگی و نا-یەکسانیە لە جیهان"-ئەمە مانای ئەوەیە کە دەبێت ئامانج و هەدەفمان گێڕانەوەی بالآنس و هاوسەنگی بێت بۆ "سروشت". لە ڕاستیدا ئەوەی هێرش دەکرێتە سەری و ڕەتدەکرێتەوە بریتیە لە سەرهەڵدانی سوبێکتیڤیتەی مۆدێرن، کە گەردوونیی سێکسواڵیزەکراوی نەریتیی دایکە-زەوی و باوکە-ئاسمان دەفەوتێنێت و هەڵدەوشێنێتەوە، بە جۆرێکی دی ڕەگ و ڕیشەمان لە جەوهەری"دایکایەتی" نەزمیی سروشت دەسڕێتەوە. ئیکۆلۆژیا یەکێکە لە سەنگەرە سەرەکییە ئایدۆلۆژیاکانی ئەمڕۆ، ئایدۆلۆژیا گەلێک کە لە گەڵ تەواوی زنجیرە ستراتیژیەکانیاندا سەرقاڵی لێڵکردن و تاریککردنی ڕەهەندە ڕاستەقینەکانی هەڕەشەی ئیکۆلۆژین: بۆ ئەمەش چەند خاڵێک پێویستن: (١) جەهل و نەزانیی سادە- ئەمە دیاردەیەکی تەواو پەراوێزیە و شایەنی سەرقاڵکردن نیە، بۆیە دەڵێن ژیان لە نێو سەرمایەدا بەردەوامە، سروشت گرنگی بە خۆی ئەدات و ئاگای لە خۆی دەبێت.(٢)زانست و تەکنەلۆژیا دەتوانن ڕزگارمان بکەن.(٣) چارەسەرەکە بۆ بازاڕ بەجێبهێڵە(باجی زیاتر بخرێتە سەر پیسکەرەکان..هتد).(٤) فشاری سوپەرئیگۆ، جەختکردنەوە لە سەر بەرپرسیارێتی کەسێتی و شەخسی لە بری ڕێوشوێنی گەورەی سیستەماتیک-هەریەکێک لە ئێمە ئەوەی لە توانایدایە پێویستە ئەنجامی بدات(ڕیسایکلکردن، کەمتر

بەکارهێنان..هتد).(٥)ڕەنگە خراپتر لە هەموویان ئەوە بێت کە بانگەشەی ئەوە ئەکات بگەڕێنەوە بۆ هاوسەنگی سروشتی، گەڕانەوە بێت بۆ ژیانێکی نەریتی بێگەرد بەو مانایەی کە دەستبەرداری غرور و خۆبەگەورەزانینی مرۆیی خۆمان بین و سەرلەنوێ ببینەوە بە منداڵی ڕێکوپێکی دایکە-سروشت. بەڵام هەموو ئەم پارادایمەی دایکە-سروشت کە بە هۆی خۆبەزلزانیمانەوە لە ڕێڕەو دەرچووە هەڵەیە، بۆ؟ مەکەنزی وارک وەڵاممان دەداتەوە.

جەوهەری قەیرانی ئیکۆلۆژی ئەتوانین بڵێن دیاردەیەکە پێشتر مارکس بە جۆرێک ئاماژەی بۆ کردووە، ئەو شتەی پێی دەوترێت"درزی میتابۆڵیک" کە بەهۆی فراوانبوونی بەرهەمهێنانی سەرمایەداریەوە دروست دەبێت. بە قسەی وارک: " کارکردن، بەرد و خاک و ڕووەک و ئاژەڵەکان دەسڕێتەوە و دەفەوتینێت، ئەو تەوژم و لێشاوە گەردیلەییانە دەردەهێنێت کە ژیانی هاوبەشمانی لێدروستکراوە و لێدروستدەبێتەوە". بەڵام ئەو تەوژمە گەردیلەیانە(molecular flows) لەو شوێنەی کە لێیەوە هاتوون ناگەڕێنەوە" کاتێک درزێکی لەو شێوەیە بە هۆی پیشەسازی مرۆڤەوە دروست دەبێت سەرلەنوێ دەستدەکاتەوە بە دروستکردنی مەترسی بۆ سەر خودی بەرهەمهێنانەوەی ژیان لە سەر زەوی، بۆیە مرۆڤایەتی بە مانای کەلیمە دەبێتە فاکتەری جیۆلۆجی و، ئێمەش وەک مرۆڤ داخڵی سەردەمی نوێی ئەنترۆپۆسێن دەبین.

ئەنترۆپۆسێن بریتیە لە زنجیرەیەک لە درزەکانی میتابۆڵیک، تێیدا یەک گەردیلە لە دوای یەکێکی دیەوە لە ڕێگەی تەکنیک و کارەوە دەردەهێنرێت بۆ دروستکردنی شتەکان بۆ مرۆڤ، بەڵام دەرئەنجامی ئەمە وا دەکات پاشماوەکان نەگەڕێنەوە بۆ ئەوەی خولەکە بتوانێت خۆی نوێ بکاتەوە.

وارک بریکاری ئەم درزە گەشەسەندووە بە تێرمێکی ئایرۆنی دیاریدەکات و دەناسێنێت، "بەرەی ڕزگاری کاربۆن": بەرەی ڕزگاری کاربۆن، بەرە یان سەرەتایەکە بە دوای هەموو ئەو ژیانەی ڕابردوودا دەگەڕێت کە شێوەی کاربۆنی بەبەردبوویی هەڵگرتووە، ژیانێک کە سەرتاپا لە کاربۆن پێکهاتووە، ئەم بەرەی ڕزگاری کاربۆنە ئەو جۆرە ژیانە کەشف دەکات و پاشان دەیسوتێنێت بۆ ئەوەی وزەکەی ئازاد بکات. چاخی ئەنترۆپۆسێن لە سەر کاربۆن کار دەکات. لێرەدا پارەدۆکسێک لە قووڵایی دڵی ئەم چەمکی ئەنترۆپۆسێنەدا نوستووە: مرۆڤایەتی بە وردی ئاگای لە خۆ-سنوردارکردنی زاتی خۆی بوو وەک جۆرێک(بونەوەرێک) کاتێک هێز و بازووی پەیاکرد ئەوجا کاریگەری لە سەر باڵانس و هاوسەنگیی هەموو ژیان لە سەر زەوی دانا. توانی خەونی بۆ بوون بە سوبێتکت ببینێت تاکو ئەو کاتەی کاریگەری لە سەر خاکی سروشت دادەنێت، ئەمە بەو مانایەی کە چیتر وەک پەراوێزێک لە سروشتدا نەمێنیتەوە، بە جۆرێکی دی دژی بنەما و باکگراوەندی سروشتێکی جێگیر بێت.

تێگەکانی وەک (درز) یان وەک (خول)ی شەڵەژاوو تێکچوو هەمیشە پێدەچێت پشت بە پۆلی پێچەوانەکەی خۆیان ببەستن: بەو دیدگایەی کە دۆخی "نۆرماڵ"ی شتەکان تێیدا لە شێوەی بازنەیەک دادەخرێت و باڵانسەکە سەرلەنوێ دادەمزرێتەوە، وەک ئەوەی بڵێ پێویست بێت ئەنترۆپۆسێن ڕکێف بە دەستبێنێتەوە و زاڵبێتەوە بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی سادە، دووبارە جۆری مرۆڤ بە دانانەوەی لە نێو باڵانسەکەدا دەستپێبکاتەوە. دەستکەوتی سەرەکی وارک بریتیە لە ڕەتکردنەوەی ئەم ڕێگەیە، هەرگیز باڵانس و هاوسەنگیەک لەو شێوەیە بوونی نەبووە، سروشت پێشتر لە خۆیدا نا-باڵانس و ناهاوسەنگ بووە، ئایدیای

سروشت وەک دایکێکی گەورە تەنها وێنەیەکی تری ئەویتری خودایيە. بە نسبەت وارکەوە، من یەکێکم لە کەسە خراپە گەورەکان چونکە هەموو گوناه و خراپەکاریە دێرینەکانی ماتریالیزمی مەعنەوی دابڕاو لە پراکسیس لە خۆمدا بەرجەستە دەکەم، بەلام لە گەل ئەوەشدا من لە گەل نەهجی سەرەکی ئەودام بەوەی ڕەفزی سروشت وەک کۆتا فیگەری ئەویتری گەورە دەکات:

ئەو خودایەی کە پێدەچێت لە جیهانبینی ئیکۆلۆژیادا هێشتا خۆیشاردبێتەوە،ئەو خودایەی وادیار بوو توانای خۆ-ڕاستکردنەوە و خۆ-هاوسەنگکردن و خۆ-چارەسەرکاری هەبێت مردووە.. مرۆڤ چیتر ئەو فیگەرە نیە بتوانێت لە پێشی پێشەوەدا بە دوای بەرژەوەندی خۆیدا بکەوێت دژ بە باگراوەندی خولێکی گشتگیر و ئۆرگانیکدا کە ڕەنگە مرۆڤ تێکی بدات بەلامهێشتا لە کۆتاییدا دەتوانێت هاوسەنگی و هارمۆنیەتی خۆی بپارێزێت ئەویش بە پاشەکشەکردن لە هەندێک زیادەڕەوی.

دەرئەنجام، دوای مردنی "خودا-باوک" و مردنی عەقلی ماسکولینی و نێرینەیی، پێویستە پشتگیری مردنی خوداوەند-سروشتیش بکەین، بە جۆریکی تر قەبولی مردنی خوداوەند-سروشتیش بکەین: وازهێنان لە دەستی نەبینراو، و ئیکۆلۆژیای هۆمۆستاتیک وەک خوازە و متافۆرێکی سەرەکی بریتیە لە  ژیانکردنی سەرلەنوێ دوای " مردنی خوداوەند". چونکە، یەکەم، ئێمە هەرگیز ڕووبەڕووی سروشت لە خۆیدا نابینەوە، ئەو سروشتەی کە ڕووبەڕووی دەبینەوە هەمیشە لە پێشوودا لە کارلێکی دژبەرانەدا لە گەل کاری بە کۆمەلی مرۆڤدا گیراوە. دووەمیش، ئەو بۆشاییەی کە کاری مرۆڤ لە نێو سروشتی سەخت و چارەسەرنەکراودا جیادەکاتەوە(هەموو ئەو شتانەی کە بەرنگارمان دەبنەوە) کەمناکرێتەوە. سروشت

له خۆیدا شتێکی ئەبستراکت نیە، بەڵکو بە پلەی یەکەم ئەو دژە هێزە بەرنگارەیە کە لە کارەکانماندا رووبەڕووی دەبینەوە. بەڵام لێرەدا دیسان دەبێت هەنگاوێکی دیکە بنێین. داستانی سروشتی جێگیر گوایە بە هۆی دەستتێوەدانی مرۆڤەوە تێکچووە هەڵەیە، تەنانەت وەک ئەو ئایدیاڵەی کە دەستمان پێی ناگات ئەگەر بە گوێرەی پێویست لە چالاکیەکانمان بکشێینەوە. سروشت هەر پێشتر لە خۆیدا تێکچووە، بە مانایەکی تر لە جومگە دەرچووە:

ئێمە هێشتا مەیلی ئەوەمان هەیە گەر چالاکی و کردارە ناپێویستەکانمان بوەستێنین، ئەو کات ئیکۆلۆژیا دەتوانێت خۆی ڕاستبکاتەوە و بگەڕێتەوە بۆ هۆمۆستاسیس(هاوسەنگی). بەڵام ڕەنگە واش نەبێت...چی دەبێت گەر بە تەنها سروشتێکی ناجێگیر بوونی هەبێت...

پێویستە درزی نێوان کار لە لایەک هەروەها سروشتی سەخت و چارەسەرنەکراو لە لایەکی دیکەوە تەکمیلە و پڕبکرێتەوە نەک تەنیا بەو درزەی کە لە نێو خودی سروشتدا هەیە کە وا دەکات بۆ هەمیشە بە ناجێگری بمێنێتەوە، بەڵکو هەروەها بەو درزەی کە لە ناو خودی مرۆڤایەتیدا هەیە و سەرهەڵدەدات. ئەم درزو قڵیشە کە لە سەردەمی مۆدێرنیتە دەتەقێتەوە و دروست دەبێت، بریتیە لە " دابڕان و جیابوونەوەی نێوان هەستی جیهان و ئایدیاکەی". هەرچۆنێک بێت نابێت ئێمە ئەم درز و قڵیشە بە مانا نەریتییە مرۆڤدۆستی-مارکسیستیەکەی بخوێنینەوە، وەک "نامۆبوونی"ی چالاکی تیۆریی"باڵاتر" لە پراکتیکی زیندووی بەکۆمەڵ. لە جیاتی ئەوە دەبێت ئەم درزە وەک ئەو ڕاستیە بخوێنینەوە کە ئەزموونی پراکتیکی و زیندویی واقع ناتوانرێت بەرزبکرێتەوە بۆ پەناگەی کۆتایی- بۆیە وانەی زانست و تەکنەلۆژیا لەوێدا نیشتەجێیە. شانیشینی "نا-ئینسانی" (بە تایبەت بواری ڕاژانە

کوانتەمیە سەرمەشقەکان) کە لە ژێر ئەزموونی ڕاستەوخۆی ئێمەدایە، بە هیچ شێوەیەک ناتوانرێت پێی بگەیت مەگەر تەنیا لە ڕێگەی تیۆرە زانستیەکانەوە نەبێت، ئەم جیهانە سەیرەی دونیای تەنۆلکە فیزیاییەکان، هێندە لە خوار سنوری تێگەشتنی مرۆڤەوەیە، تێدەکۆشین بۆ ئەوەی زمان لە ئاستیدا بتوانێت وەسفی بکات. هێشتا ئەوەی ئێمە نیمانە و لێی بێبەشین بریتی نیە لە زمانیکی گونجاوو ڕێک و پێک (لە کاتێکدا ئەتوانین ئەو زمانە بە ئاسانی بونیادی بنێین)، بەڵکو زیاتر لەوە کە پێویستمان بێت بریتیە لە ئەزموونێکی هەستەکی گونجاو بۆ ئەم جیهانە نامۆیەی کە بەشیکە لە واقیعەکەمان. هەمان شت بۆ "بەرەی ڕزگاری کاربۆن"یش دەگونجێت، کە مەعریفە و زانیارییەکانمان لە سەری "ئەو مەعریفەیەی کە لە رێگەی دەزگایەکی تەکنۆ-زانستییەوە دەتوانرێت دروستدبکرێت بە شێوەیکیش بەرفراوانە کە لە ئێستادا ژێرخانی تەواوی هەسارەکەمانە". لێرەشدا وەک ڤاگنەر دەیگووت، die Wunde schliesst der Speer nur der sie schlug (برینەکە تەنها بەو ڕمە دەتوانرێت چاکبکرێتەوە کە لێی داوە).

تاکە خاڵی گرنگی من ئەوەیە کە ئاسۆی تێپەڕنەکراوی وارک لەو شتەدا دەمێنێتەوە کە ناوی دەنێت "ژیانی هاوبەش" هەر خودموختاریەک(ئۆتۆنۆمیزەیشن)ی ئەو دەبێتە هۆی نامۆبوونی فیتیشی. کاتێک ئێمە فیتشێک لە ئایدیایەکی تایبەت، خۆشەویستیەکی تایبەت یان کاررێکی تایبەتدا دروست دەکەین ئەو کات جۆر یاخود بوونمان لە ژیانی هاوبەشدا لە ناو دەچێت. بەڵام لێرەدا، پێویستە دوو پرسیار بوروژێنین. یەکەم، ئایا پچڕانێکی لەم شێوەیە کە لە ڕەوتی ژیانی هاوبەشدا ڕوودەدات وەک فۆکەسخستنە سەر

بیرۆکەیەک یان خۆشەویستیەک یان ئەرکێک بە ووردی ئەو شتە نیە کە بادیۆ پێی دەڵێت ڕووداو؟ کەواتە دوور لە ڕەتکردنەوەی ئەم پچڕانانە وەک حاڵەتی نامۆبوون، ئایا پێویست ناکات وەک بەرزترین دەربڕینی هێزی نێگەتیڤیتە ئاهەنگیان بۆ بگێڕین؟ جگە لەوەش، ئایا دەستڕاگەیشتنمان بە ئاستی گەردیلەیی نا-مرۆیی، با بڵێین گەردوونی کوانتەمیی، پێشگریمانەیەکی وردی پچڕانێکی لەو شێوەیە لە ژیانی ڕۆژانەی هاوبەشماندا ناکات؟ ئێمە لێرەدا مامەڵە لە گەڵ پارادۆکسێکی دروستی هیگڵیدا دەکەین. هیگڵ خۆی ستایشی کردەی "مۆلار"ی ئەبستراکت دەکات- یانی کورتکردنەوەی ئاڵۆزیی دۆخێک بۆ "جەوهەرەکەی" یاخود بۆ تایبەتمەندیە سەرەکیەکەی-وەک هێزی بێکۆتای تێگەشتن. لە بنەڕەتدا شتە سەختە ڕاستەقینەکە ئەوە نیە کە ئاڵۆزی دۆخێک لە بەرچاو نەگرین، بەڵکو بە شێوەیەکی توند بتوانین ئاسانکاری بکەین بۆ ئەوەی فۆرم و ناوەڕۆکە جەوهەریەکەی ببینین نەک ووردەکاریەکانی. کارە قورسەکە ئەوەیە کە بتوانین چینەکان ببینین نەک ئەو گروپە بچوکانەی کە شەر لە گەڵ یەکتردا دەکەن، بتوانین بابەتەکە ببینین نەک بارە دەرونیەکانی ڕەوتی هیوم. ئێمە لێرەدا بە تەنها باسی فۆرم یان نەخشی ئایدیاڵ ناکەین، بەڵکو لێرەدا باسی ڕیاڵ دەکەین. بەتاڵی سوبژێکتیڤیتە بریتیە لەو ڕیاڵەی کە بەهۆی سامانی "ژیانی ناوەکیەوە" تەمومژاوی دەکرێت، ناکۆکی و ئەنتاگۆنیزمی چینایەتی ئەو ڕیاڵەیەکە بەهۆی فرەیی ململانێی کۆمەڵایەتیەوە تەمومژ دەکرێت.

سەرەڕای ئەم تێبینیە ڕەخنەیانەش، مرۆڤ ناتوانێت سەرسام نەبێت بە شیکارییەکانی تۆڕی چڕوپڕی پەیوەندیە لاوەکیە نەبینراوەکان کە واقیعەکەمان دەپارێزن، گەر لێکدانەوەکەی جەین بینێتت بیربهێنمەوە کە چۆن شتە زوو

کارلێککەرەکان لە شوێنی پیس و زبڵداندا کارلێکدەکەن، نەک بە تەنیا مرۆڤەکان بەڵکو زبڵە ڕزیوەکان، کرمەکان، مێرووەکان، ئامێرە جێهێڵدراوەکان و ژەهرە کیمیاییەکانیش..هتد هەموو ئەمانە ڕۆڵی خۆیان دەگێڕن. ئەمە بە تەنیا ئایدیا کۆنەکەی کورتگەراکان"reductionist" نیە کە بتوانێت پرۆسێسی دەروون یان ژیانی بالآتر بۆ پرۆسەی ئاست-نزم تەرجومە بکات. پرسەکە ئەوەیە کە شتەکان لە ئاستێکی بەرزتردا دەتوانن ڕووبدەن هەروەها ناتوانرێت بە تێرم و زارەوەی تایبەتی ئەم ئاستە ڕوونبکرێتەوە.(تیۆرێک هەیە پێی وایە کە داڕوخانی ڕۆمای کۆن بەهۆی کاریگەری ژەهراوی تەنۆلکەکانی سرکەوە بووە لە نێو گۆزە و قاپە کانزاییەکانیاندا). هەروەها بەرنگاربوونەوەی ئێمە دژ بە ڕەگەزپەرەستی و ڕەیسیسم "گەردیلەیی" بێت. لە بری ئەوە دەبێت سەرنج بخەینە سەر ڕوونکردنەوە گەورەکانی "مۆلار" کە چۆن ڕەگەزپەرەستی جێگەی خەباتی چینایەتی گرتۆتەوە. پێویستە ئەو پراکتیکە بچوکانە شیبکەینەوە (تانوپۆی چڕی ئاماژە و دەربڕینەکان) کە ئیرەیی و زەلیلکردن..هتد لە ڕەگەزی ئەویتردا نیشان دەدات. ئەمڕۆ کە ئێمە (بە نزیکەیی) هەموومان بووین بە لیبراڵی لێبووردە و سنگ فروان، بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا ڕەگەزپەرەستی لەم ئاستەی مۆلیکولاردا کە باسمان کرد هەمیشە بە ووردی خۆی بەرهەم دەهێنێتەوە، بە جۆرێک کە دەڵێن، ئێمە ڕێز لە عەرەب و جولەکە و ڕەشپێشت..هتد دەگرین، بەڵام کێشەکە تەنها ئەوەیە کە بەرگەی بۆنی خواردنەکانیان، دەنگی مۆسیقا بەرزەکەیان و دەنگی قێزەوەنی پێکەنینەکانیان ناگرم.

بەم شێوەیە دەبێت ئەو دژایەتییە دوڵۆزیە تێپەڕین کە دەیخاتە نێوان مۆلار و مۆڵیکولار، بە جۆرێک کە ئاستی مۆلار کەمدەکاتەوە بۆ شانۆی ناڕوونی نوێنەرایەتییەکان، بەرامبەر بەوە ئاستی مۆڵیکولار بەرزدەکاتەوە بۆ بەرهەمهێنی ڕاستەقینە و ئەزموونی ژیان. ئەوە ڕاستە کە درزی میتابۆلیک دەتوانێت بە تەنیا لە ئاستێکی گەردیلەیی یان مۆڵیکولاری"نزم"دا دامەزرێت و کارا بێت، بەلام ئەم ئاستە گەردیلەییە ئەوەندە نزمە ناتوانرێت هەستی پێبکرێت ئەمەش نەک بە تەنیا بۆ سیاسەتە مەزنەکان یان خەباتە کۆمەلایەتیەکان بەڵکو بۆ سەرەتایترین فۆرمەکانی ئەزموونیش راستە. تەنیا لە ڕێگەی تیۆرێکی "بالاوە" دەتوانرێت دەستمان پێی بگات و هەستی پێ بکەین-بە جۆرێک لە پێچێکی خۆ-هەڵگەڕاوەدا تەنیا لە ڕێگری بالاترینەوە دەگەینەوە بە نزمترین. بێگوومان زانست بنکی ماددی (گەردیلەیی) خۆی هەیە، بۆ نمونە ئامێرە پێوانکاریەکانی زانست خۆی[25]. هەرچەندە ئەم ئامێرانە لە لایەن خودی مرۆڤەوە دروستدەکرێت و بەشێک لە واقعی ئاسایی ئێمە پێکدەهێنن، بەلام بە جۆرێک وامان لێدەکەن دەستمان بگات بە قەڵەمڕەو و مەڵبەندە سەیرەکان، ئەو مەڵبەندانەی کە بەشێک نین لە واقعی ئەزموونی مرۆییمان، ئیتر لە لەرینەوە کوانتەمیەکانەوە بیگرە تاکو جینۆمەکان:

لە زانستدا هەندێک شتی نا-مرۆیی هەیە.بۆ نمونە مۆدێلەکانی درککردن و نمونەسازی و پشتڕاستکردنەوە لە دەرەوەی سنور و پارامیتەرە[26] هەستەکیەکانی مرۆڤەوەن، گەرچی ئەوانە وابەستەی ئامێرێکن و پشت بە ئامێرێک دەبەستن کە خۆی بەرهەمی کاری مرۆڤە. ئوبێکتەکانی زانست وابەستەی ئاگای مرۆڤ نین. وە لە گەڵ ئەوەشدا زانست لە ناو مێژوودا ڕوودەدات، هەروەها بە هۆی جۆرێکی

---

[25] its scientific measuring apparatuses

[26] parameters

دیاریکراوی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی و کاتێکی دیاریکراوەوە سنوردار دەکرێت. بەم پێیە، بوونی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان بوون بە کۆتوبەندێک لە سەر زانست لە گەڕانیدا بە دوای هەستە نامرۆییەکانی حەقیقەتی نامرۆیی.

بە درێژایی ئەم هێڵانە، زیاتر کاران باراد لە سەر هەقە کە ئاماژە بە چەمکە سنوردارەکەی بۆر دەدات سەبارەت بە دەزگا: دەزگا مێژووی تایبەت بە خۆی هەیە و بەرهەمی پراکتیکە کۆمەڵایەتیەکانە، بەم پێیەش جهیانی گەورەتری هێزەکان و پەیوەندیەکانی بەرهەمهێنان تێکدەشکێنێت. لێردا گرنگە جیاوازی لە نێوان نا-مرۆڤانە و نامرۆڤ بکەین[27]: نا-مرۆڤ لە هەمان ئاست و پێگەی مرۆڤدا نیشتەجێیە، بەشێکە لەو جیهانە ئاساییەی کە مرۆڤەکان ڕووبەڕووی شتە نا-مرۆیی و پرۆسە غەیرە مرۆییەکان دەبنەوە. دەزگا شتێکی جیاوازترە لەوە، نە مرۆییە نە نا-مرۆڤە بەڵکو نا مرۆڤانەیە(دڕندانەیە).

نامرۆڤ نێوەندگیری نا-مرۆڤانە دەکات بو مرۆڤ[28]. ئەمەش کوالێتی نامۆ و بێگانەی ئەو شتانە دەپارێزێت کە دەتوانرێت لە لایەن دەزگایەکەوە بەرهەمبهێنرێت-بۆ نمونە فیزیای تەنۆلکەکان-بەبێ ئەوەی پێشوەختە شتێکی ئەوتۆ لە سەر نا-مرۆڤەوە بڵێین.

[27]nonhuman and inhuman : نامرۆڤ زیاتر لە ئاکاری دڕندە و دڵڕەق و بێبەزییەوە نزیکە، نا-مرۆڤانەش واتە مرۆڤ نیە و شتیکی دیە یان لە دەرەوەی ڕەگەزی مرۆڤەوەیە. و.ک.

[28] The inhuman mediates the nonhuman to the human

بە کورتی، لە کاتێکدا کە دەزگاکان ئیمانێنت و ناونیشینن[29] بۆ مرۆڤ، هەروەها بەرهەمی مرۆڤی بەرهەمەدار و زانست دەبەستێت بە واقعەوە، لە هەمان کاتیشدا نامرۆڤن، نامرۆڤن بەو مانایەی توانامان پێدەبەخشن بۆ ئەوەی لە بیچم وکۆنتورەکانی واقعێک تێبگەین بەوەی بەشێک نیە لە واقعەکەمان. توخمە سەیرە ڕاستەقینەکە لە سیانەی مرۆڤەکاندا هەیە، ئەو واقیعەی کە ڕووبەڕوووی دەبێتە و ئەو دەزگایانەی بەکاریان دەهێنن بۆ کونبڕکردنی واقع و چوونە نێویەوە بریتی نیە لە واقعێکی دەرەکی سەربزێوو لاسار، بەڵکو ئەو دەزگایانەن کە نێوەندگیری لە نێوان دوو پەڕگیر دەکەن کە ئەوانیش بریتین لە (واقعی مرۆڤەکان و نا-مرۆڤەکان). دەزگاکان توانا بە مرۆڤەکان دەبەخشن نەک بە تەنیا واقع یان ڕیاڵ بناسن کە لە دەرەوەی پانتایی واقعی ئەزموونی خۆیانەوەیە (وەک شەپۆلی کوانتەم)، بەڵکو هەروەها توانای ئەوەیان پێدەبەخشێت شتگەلێکی نا-سروشتی(نامرۆڤ) بونیاد بنێت کە ناتوانن وەک شتە سەیرەکانی سروشت(ئامێرە بچوکەکان، زیندەوەرە دەستکاریکراوەکانی جینات و سایبۆرگ..هتد) بۆ ئەزمونەکەمان دەرکەون. هێزی کەلتوری مرۆڤ تەنیا ئەوە نیە کە گەردونێکی هێمایی سەربەخۆ لە دەرەوەی ئەوەی کە وەک سروشت ئەزموونی دەکەین بونیاد بنێت، بەڵکو هەروەها بەرهەمهێنانی شتگەلێکی سروشتی نوێی "نا-سروشتیە" کە مەعریفە و زانینی مرۆڤ ماتریاڵیزە دەکات. ئێمە بە تەنیا سروشت سیمبولیزە ناکەین و نا ڕەمزێنین، ئێمە -وەک بڵێی- لە ناوەوە هەوڵی لە سروشت داماڵینی دەدەین.

---

[29] immanent

سەرچاوە یەکەم:

https://www.nytimes.com/2010/12/02/opinion/global/02iht-GA12zizek.html?fbclid=IwAR3-VF__qP-kfP9t4e6pUt-jieHncM-NupM-3JfYmHleszVkk7q_ExzhUAA

سەرچاوە دووەم:

https://inthesetimes.com/article/spaceship-earth-lessons-of-airpocalypse-slavoj-zizek-climate-ecology-smog

سەرچاوەی سێیەم:

https://www.independent.co.uk/voices/amazon-fires-rainforest-capitalism-bolsonaro-climate-crisis-zizek-a9091966.html

سەرچاوەی چوارەم:

https://iai.tv/video/nature-friend-or-f e

سەرچاوەی پێنجەم:

https://thephilosophicalsalon.com/where-is-the-rift-marx-lacan-capitalism-and-ecology/?fbclid=IwAR18AK52ataZoqqesDYRRWVjGcf9EVfNOmtSNsrQ7emzec-_q9NbOcCzrM

سەرچاوەی شەشەم:

https://www.versobooks.com/blogs/2007-ecology-against-mother-nature-slavoj-zizek-on-molecular-red